دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٧٤، چوارشەممە ٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی، ٢٠ی مەی ٢٠٢٠

www.kurdistanmedia.com

■ «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات پەیامێکی ڕوو لە خەڵکی کوردستان بڵاو کردەوە
٢

■ سەنگەرەکانی کوردایەتی بە باسکی بەهێزی گەل ئاوەدانتر دەبێت
٢

■ دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات ڕوو لە کوێستانچییەکانی کوردستان پەیامێکی بڵاو کردەوە
٣


زیگمۆند فرۆید و چوار بۆچوون لەسەر توندوتیژی
٤


پەلەقاژەی شاردنەوەی خوێنرشتن
٦


ڕاهێنەری، فێرگەیەک بۆ فێربوون
٨


کاوە بەهرامی: ئەو وزە بۆ دژایەتی داگیرکەران بە کار بهێنین
١٠

# ساڵی ٩٩ ساڵێکی چارەنووسساز



خەڵکی ناڕازی و وەزاڵەهاتووی ئێران لە زۆربەی شارەکان بە دژی سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران، دۆخی ئێستای ئابووریی ئێران و ئەو زوڵم و ستەمەی کە بەسەریاندا دەکرێت، بەردەوام کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی دەردەبڕن.

ڕۆژی دووشەممە ٢٩ی بانەمەڕ، فەرمانبەرانی دەنگ و ڕەنگی ڕێژیم لە تاران کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان بە دژی گەندەڵی و دزیی بەرپرسان و لابردنی هەڵاواردن و پێدانی مووچەی دواکەوتوویان بەڕێوە برد.

هەروەها کۆمەڵێک لە کرێکارانی شیرکەتی «هێپکۆی ئەراک» بەنیسبەت نادیاربوونی دۆخی بەرهەمێنانی ئەم شیرکەتە و کۆمەڵێک گرفتی دیکە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوە برد.

هاوکات بۆ چەندەمین ڕۆژی یەک لەدوای یەک کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکانی کرێکارانی شارەداریی ‹‹ئەروەند کێنار›› بەردەوام بوو و کرێکاران داوای پێدانی مووچەی دواکەوتووی خۆیان دەکەن. لەم کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەدا کرێکاران هاوار دەکەن کە ‹‹پارەی نانمان نییە و ئێمە برسین و شەرمەندەی بنەماڵەکانمانین››.

بەهۆی دۆخی نالەباری ئابووری، نەبوونی دەرفەتی کار، هەژاری، گرانی و بێهیوایی بە داهاتوو، هەر ڕۆژە و لە شوێنێکی ئێران خۆپیشاندان بەڕێوە دەچێت، بەڵام لەلایەن ڕێژیمەوە هیچ ئاوڕێک بەم ناڕەزایەتییانە نادرێتەوە و تەنانەت ئەو کۆبوونەوانە سەرکوت دەکەن و زۆر کەسیش بە تۆمەتی ئەمنییەتی دەسبەسەر دەکرێن.

لەلایەکی دیکەشەوە دۆخی خراپی ئابووری و نەبوونی خزمەتگوزاری و پێداویستییەکان، گوندنشینانی ئێرانی ناچار بە چۆڵکردنی گوندەکان و کۆچ بۆ شارەکانی دیکە کردووە.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەرییەکانی ڕێژیم و بە پشتبەستن بە قسەکانی بەرپرسانی ڕێژیم، گوندنشینانی دەوروبەری پارێزگای «کۆهکیلۆیە و بۆیەر ئەحمەد» و «دێنا و مارگۆن»، بەهۆی نەبوونی پێداویستیی پێویست بۆ بەردەوامیی ژیان و نەبوونی خزمەتگوزاری و دۆخی خراپی ژیان، گوندەکانیان بەجێ دەهێڵن و ڕوو دەکەنە شارەکان.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە شارێک وەکوو «یاسووج» زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس پەراوێزنشینی هەیە و کۆچی گوندنشینان بۆ شارەکان دەبێتە هۆی زیاتربوونەوەی پەراوێزنشینی و چوونە سەرەوەی ئاماری هەژاری و بیکاری و هتد.

دیاردەی پەراوێزنشینی و چۆڵکردنی گوندەکان لێکەوتەی سیاستگەلی هەڵەی ئابووریی ڕێژیمە کە خەڵکەکەی لە هەموو بارێکەوە لە هەژاریدا دەهێڵێتەوە.

چۆڵکردنی گوندەکان و لە ئاکامدا پەراوێزنشینی، کۆمەڵێکی دیکە لێکەوتەی لێ دەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی تەشەناسەندنی دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان کە ئەمانە هەموو بەرۆکی ڕێژیمی ئێران دەگرێتەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕووداوانە و ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردوو دەکرێ بە دڵنیاییەوە بڵێین ڕێژیم لانیکەم لە دوای ساڵی ٩٦ـەوە بە شێوەیەکی ڕوون و دیار کەوتووەتە نێو قەیرانێکی قووڵەوە کە دەکرێت ناوی بنێین «قەیرانی ترس لە ڕووخان». بۆیە لانیکەم لەو کاتەوە زۆربەی هەرەزۆری سیاسەت و ستراتیژییەکانی ڕێژیم بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە بووە، بەڵام نەتەنیا سەرکەوتوو نەبووە بەڵکوو سێ ساڵی ڕابردوو نیشانی داوە کە لێژایی هێڵی چەمیاوی ئەو قەیرانە هەر دێت و زۆرتر دەبێت. بۆیە چەند مانگی داهاتوو دوای ڤایرۆسی کۆرۆنا، ڕێژیم لەگەڵ شەپۆلێکی زۆر بەهێز و ڕووخێنەری ناڕەزایەتی بەرەوڕوو دەبێتەوە کە زۆر کەس بە یەکلاکەرەوەی دەزانن.

بەشێک لە ترسی ڕێژیم لەم کاتەدا بۆ ساڵی ١٣٩٩ لە باری ئابوورییەوەیە کە وەک زۆربەی خاوەنڕایان لەسەر کۆدەنگن ، ڕێژیم تووشی شکست دەکات. هەڵاوسانێکی بێوێنە و بێکارییەکی لەڕادەبەدەر لە پێش خەڵک دەبێت کە تەحەمولکردنەکەی نامومکین دەبێت.

هیچ یەک لەو داهاتانەی دەوڵەت کە لە بودجەی ئەمساڵدا پێشبینیی کراون نایەنە دی، بۆیە ناچار دەبێت بە چاپکردنی دراو، تێچووەکانی خۆی بدات. بەپێی لێکدانەوەکان، چاپخانەی بانکی ناوەندی سەرەکیترین سەرچاوەی داهاتی دەوڵەت دەبێت کە ئەمەش بە واتای لەبەریەک هەڵوەشاندنی یەکجارەکیی ئابووریی ڕێژیمە.

بەگشتی دەتوانین بەم شێوەیە وێنای ساڵی ٩٩ بۆ ئێران بکەین: ساڵی ٩٩ ساڵێکی سەخت و چارەنووسساز دەبێت. ڕێژیم بەهۆی سیاسەتە هەڵەکانییەوە، هەلومەرجی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێرانی بە تەواوی تێک داوە. گەماڕۆکان زیاتر و توندتر لە جاران بەردەوام دەبن، بودجەی ٩٩ ئابووریی ئێران بەتەواوی وێران دەکات، خەزێنەی دەوڵەت بەتەواوی بەتاڵە، ڤایرۆسی کۆرۆنا ناکارامەیی ڕێژیم و بێکیفایەتیی ئەو سیستمەی بەڕوونی وەدیار خستووە، کەلێنی نێوان ڕێژیم و خەڵک لە هەموو کات قووڵتر و بەرینترە و چەندین قەیرانی دیکە دەبنە هۆی ئەوەی کە توانایی ڕێژیم بۆ مەهار و کۆنترۆڵی ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکان، وەک مردنی خامنەیی، هێرشی سەربازیی دەرەکی، کودەتای سەربازی، مایەپووچبوونی دەوڵەت، و... هتد زۆر لاواز بێت و بە چکۆلەترین زەربەیەک کە وەپەیکەری ڕێژیم بکەوێت، تێک بڕووخێت. بۆیە ساڵی ٩٩ لەگەڵ ئەوەیکە بۆ خەڵک سەخت و دژوار دەبێت چارەنوسسازیش دەبێت.

ئەم ڕێژیمە بۆ درێژەدانی تەمەنی تەنیا لە قەیرانێکەوە بۆ قەیرانی دیکە باز دەدا و ژیانی کۆمەڵگای ئەران بۆتە دڵەڕاوکێیی بەردەوام و ترس لە قووڵبوونەوەی قەیرانەکان.

## پەیف

### کێشەی خاک

### کەریم پەرویزی

لەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە پڕ تەقینەوە و خاکی مینرێژکراوەدا، دەیان جۆرە مینی دژە مرۆڤ و دژە کۆمەڵگا و دژە سروشت بەدەستی سەرەڕۆیان و کۆلۆنیالیستەکان چێندراون کە گەر بە هەستیاری هەنگاو هەڵنەگیرێتەوە، هەر ئان و ساتێك مینێکت بە ڕووتدا دەتەقێتەوە.

ئەوەی کەلتووری باوی سیاسی و کۆمەڵایەتییە لەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، بریتییە لە یەکدی قبووڵنەکردن و سڕینەوەی شوناسە جیاوازەکان و هەوڵی داگیرکردنی نیشتمان و ڕۆحی یەکدی دان.

جیا لە هەموو گرفتەکان، لێرەدا گرفتێکی بنەڕەتی هەیە کە بریتییە لە کێشەی خاك و نیشتمانە جیاوازەکان.

بەهۆی ساڵانی دوور ودرێژی شەڕ و هێرشی قەوم و عەشایر و قەبایلی جۆربەجۆرەوە، سەرتاپای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پڕ بووە لە ئاڵۆزی و تێکەڵ و پێکەڵیی نەتەوەیی و قەوم و تایفی و لە شوێنی وا لە نێو دڵی نیشتمانی نەتەوەیەکدا، بەشێك لە نەتەوەیەکی دیکە هەیە کە سەیر دێتە بەرچاو کە ئەمانە لە کوێ گەیشتوونەتە ئەو شوێنە!

کێشەی نیشتمان و خاك کێشەیەکی گەورەیە و شەڕ و کوشتاری زۆری لەسەر کراوە و نەك چارەسەر نەبووە، بەڵکوو ئاڵۆزتر بووە. بۆ وێنە، کەرکووك لە کوردستانی باشوور وەکوو مینێکی زەماندار وایە کە هەر ئان ئەگەری تەقینەوەیەکی دیکەی هەیە.

لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش و لە سەرتاسەری ئێرانیشدا لەو جۆرە کێشانە زۆرن. تێکەڵاویی کورد و تورکی ئازەری، کورد و فارس، کورد و عەرەب وهەروەها بەلووچ و فارس و یان تورکی ئازەری و فارس و فارس و تورکمەن و دەیان خاڵی ناکۆکیی دیکە، لە شوێنە جیاوازەکان، هەرکامەیان نوختەیەکی مەترسیداری داهاتوون کە کێشەیان لێ سەر هەڵدەدا.

لەم ڕۆژانەدا کەسانی وا هەبوون کە دووبارە بیانوویان بە حیزبی دێموکرات گرتووە کە بۆچی بە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا دەڵێن پارێزگای ورمێ و بۆچی ئیدیعای خاکی ئازەربایجانی ڕۆژاوا دەکا؟!

ئەوەی لە سیاسەت و بەرنامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ڕوونە، چاوی تەماحی نەبڕیوەتە خاکی هیچ نەتەوەیەکی دیکە، بەڵام لە سەر نیشتمانی کوردیش سوورە. لای حیزبی دێموکرات پارێزگایەك کە کۆماری ئیسلامی ناوی ناوە ئازەربایجانی ڕۆژاوا، لە ئێستادا تەنیا

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات پەیامێکی ڕوو لە خەڵکی کوردستان بڵاو کردەوە



لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیامێکی ڕوو لە ئەندامان، لایەنگران، دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

پەیامێک لە مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە

بۆ ئەندامان، لایەنگران و دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان

وەک ئاگادارن، لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان، کۆمەڵێک زانیاری و لێکدانەوە لە سەر پرسێکی ناوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاو بووەتەوە. بۆ بەرچاوڕوونیی سەرجەم ڕێکخستنەکانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوە و ناوخۆی کوردستان و خەڵکی کوردستان بە گشتی، لێرەدا جەخت لە سەر چەند خاڵێک دەکەینەوە.

یەکەم: سەرجەم ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکرات دڵنیا دەکەینەوە کە لە ڕێڕەوی بزووتنەوەی نەتەوەیی-دێموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە سۆنگەی هەست بە بەرپرسیاریەتیی هاوبەشەوە، پێداگری لە سەر تەبایی و یەکڕیزیی ڕیزەکانی حیزب دەکەینەوە.

دووهەم: لەمێژ ساڵە وەک پرەنسیپێکی دێموکراتیک و ڕێکخراوەیی، ڕا و بۆچوونی جیاواز وێڕای پابەندبوون بە بنەماکانی کاری ڕێکخراوەیی، سەرمایەیەکی گەورەی حیزبەکەمانە، بۆیە ئێمە ڕێز لە دەنگی جیاواز لە حیزبەکەماندا دەگرین و هەموو ئەو کەسانەی بەلەبەرچاوگرتنی پرنسیپە دێموکراتیکەکان، بۆچوونی خۆیان لە ڕێگای ڕێکخراوەییەوە دەخەنە بەر باس، دڵسۆزی حیزب و خەباتەکەمانن و بە بایەخەوە سەرنج دەدەینە ڕای جیاوازییان.

سێهەم: داوا لە سەرجەم ڕێکخستنەکانی حیزب دەکەین کە بە وشیارییەوە بڕواننە ئەو نووسراو و پڕۆپاگاندانەی کە لە دژی یەکڕیزیی تەشکیلاتیی حیزب بڵاو دەبنەوە و نیگەرانییان بۆ ئەندامان، لایەنگران و هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر پێکهێناوە.

چوارەم: لە حیزبی دێموکراتدا کاناڵی تەشکیلاتی و میکانیزمی دیاریکراو بۆ پرسیار و ڕەخنە و تێبینی و پێشنیار هەیە. بۆیە وەک بنەمایەکی کاری ڕێکخراوەیی پابەند بوون بەم خاڵە، ئەندامانی حیزبی ئەرکدار دەکات کە پابەندی چوارچێوەی کاری تەشکیلاتی و دیسیپلینی حیزبی بن و لە سۆسیال میدیادا، خۆیان لە باس و خواستی ناسالم کە زیان بە یەکڕیزی تەشکیلاتیی حیزب دەگەیەنێت، بە دوور بگرن.

لە کۆتاییدا سەرجەم ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزب دڵنیا دەکەینەوە کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەرکی سەرشانمان، لە ڕاستەڕێی یەکڕیزیمان لەسەر بنەمای پاراستنی یاسا پەسندکراوەکانی حیزب و، پتەوکردنی ڕیزەکانی خەبات لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەنگاو دەنێین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**٢٥ی بانەمەڕی ١٣٩٩**

# حیزبی دێموکرات داوای لە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی کرد، پشتیوانی لە «هیدایەت عەبدوڵڵاپوور» بکات



پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نامەیەکدا بۆ ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی داوای لەو ڕێکخراوەیە کرد پشتیوانی لە «هیدایەت عەبدوڵڵاپوور» زیندانیی سیاسیی کورد بکات.

پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نامەیەکدا بو ڕێکخراوی ئەمنێستی ئینترناشناڵ، داوای لەو ڕێکخراوەیە کرد بو پێشگیری لە لەسێدارەدانی «هیدایەت عەبدوڵڵاپوور»، بەندکراوی سیاسی لە ئێران، هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ.

لە نامەکەدا هاتووە کە ئەو بەندکراوە بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ئێران حوکمی سێدارەی بەسەردا سەپاوە و بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەر دەستدان، ڕۆژێک پێش ئێستا لە زیندانی ورمێ بو شوێنێکی نادیار گوازراوەتەوە و مەترسیی ئەوە هەیە کە حوکمەکەی جێبەجێ بکرێت.

لەم نامەیەدا، پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکرات داوای لە ڕێکخراوی ئەمنێستی ئینترناشناڵ دەکات بو داکۆکی لە «هیدایەت عەبدوڵڵاپوور» کە بێتاوان زیاتر لە سێ ساڵە لە بەندیخانەی ورمێ بەند کراوە و حوکمێکی ناڕەوا بەسەردا سەپاوە، هەوڵەکانیان بو وەستاندنی جێبەجێکردنی ئەو حوکمە بخەنە گەڕ.

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کۆبوونەوەیەکی پێک هێنا

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە مەبەستی تاوتوێی چەند بابەتێکی کاریی ناوەند و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان کۆبوونەوەیەکی پێکهێنا.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی چوارشەممە، ٢٤ی بانەمەڕ بە بەشداریی هەیئەتی حیزبەکانی ئەندام لە ناوەندی هاوکاری و لە ڕێگەی سکاییەوە بەڕێوە چوو، وێڕای باس و هەڵسەنگاندنی بابەتە ڕۆژەڤەکانی ئێران و کوردستان، بڕیار لەسەر چەند بەرنامەیەکی کاری و مەیدانیی ناوەندی هاوکاری درا.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا «عومەر باڵەکی»، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی گشتیی لەسەر دەستووری کاری کۆبوونەوەکە و ئەم مژار و بابەتانە کرد کە ناوەندی هاوکاری پێویستە بە بەرچاوڕوونیی زیاترەوە کاریان لەسەر بکا.

لە برگەی یەکەمی کۆبوونەوەکەدا چەند بەڵگەنامە و پرۆژەیەکی کاریی ناوەند لەلایەن بەشدارانەوە هەڵسەنگێندرا و بۆ بڕیاردان لەسەریان بۆ کۆبوونەوەکانی داهاتووی ناوەند داندرا.

ئێرانی دوای کۆرۆنا و بەرپرسایەتیی ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی و ناوەندی هاوکاری لە فازی نوێی نارەزایەتییەکان و خەباتی سیاسی و مافخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و کوردستان، تەوەری سەرەکیی باسەکانی ئەم کۆبوونەوەیە بوو.

ناوەندی هاوکاری لەو بارەیەوە ڕای وابوو کۆرۆنا ئێستاش پرسی جیدیی کۆمەڵگەی ئێرانە و بڕیاری حکوومەتی ئێران بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە بۆ ئابووریی دارماوی دەگەڕێتەوە کە توانای بەرگەگرتن لەبەرامبەر ڕێکارە بنەڕەتییەکانی وەک قەرەنتینە و ڕێگری لە کۆبوونەوە و هاتوچۆی نییە.

ناوەندی هاوکاری بە وەبیرهێنانەوەی کەمتەرخەمی و خۆدزینەوەی ڕێژیم لە بەرپرسایەتییەکانی لە پێوەندی لەگەڵ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆپاراستن و ڕێگری لە تەشەنەسەندنی کۆرۆنا بۆ خەڵک و پێراگەیشتن و چارەسەری پزیشکی بۆ توشبووانی کۆرۆنا، تیشکی خستە سەر ئەوەی هەتا ئێستاش هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ کەلکوەرگرتن لە بارودۆخی کۆرۆنا بۆ لابردنی سزاکانی سەر خۆی درێژەی هەیە.

ناوەندی هاوکاری ڕای وایە کە ڕێژیم ئەمجارەش نەیتوانی وەڵامدەری قەیرانە سروشتییەکان بێ، بەڵام لە دڵی ئەو قەیران و نەهامەتییانەشدا کە بەرۆکی کۆمەڵگە دەگرن و بەهۆی بێ‌کیفایەتیی بەرپرسانی ڕێژیمەوە زیان و خەسارەکانی بۆ خەڵک چەند قات دەبن؛

ڕێبەرانی ڕێژیم تەنیا مانەوە و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بۆ گرینگە. وەک چۆن ئەمجارەش بە بەبارمتەگرتنی خەڵک ویستیان بە کەلکاوژوو لە پەتای کۆرۆنا دەسکەوتی سیاسی و ماڵی بۆ ڕێژیمەکەیان دەستەبەر بکەن.

ئەندامانی ناوەندی هاوکاری لە درێژەیان باسەکەیاندا، لەپێناو بەردەوامیی خەباتی سیاسی و ئەو بەرگژانەی دەبێ بۆکۆماری ئیسلامیی دروست ببن، کۆمەڵە ئەرک و ڕاسپاردەیەکی بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی ئێران و بەتایبەت ناوەندی هاوکاری لە کوردستاندا دەستنیشان کرد. کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان پاش تاوتوێی چەند خاڵی دیکە لە پێوەندی لەگەڵ کار و ئەرکەکانی داهاتووی ناوەند، کۆتایی پێهات.

# حیزبی دێموکرات پێشوازیی لە بڕیاری ئاڵمان بۆ قەدەغەکردنی چالاکییەکانی حیزبوڵڵا لەو وڵاتەدا کرد

پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، لە نامەیەکدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان و هەر دوو پارتی دێموکرات-مەسیحی و سۆسیال- دێموکراتی ئاڵمان کە لە ئێستادا پێکهێنەری حکوومەتی ئەو وڵاتەن، پێشوازیی لە بڕیاری قەدەغەکردنی حیزبوڵڵای لوبنان لەو وڵاتەدا کرد. لە نامەکەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتدا، ئەم هەنگاوەی دەوڵەتی ئاڵمان بە هەنگاوێکی گرنگ و ئەرێنی نرخێندراوە کە دەتوانێت کاریگەریی لەسەر چالاکییە تێرۆریستییەکانی ئەو ڕێکخراوەیە لە ئاڵماندا هەبێت کە هاوپەیمانێکی گرنگی ڕێژیمی ئێرانە و ڕێژیم زۆر جار بو جێبەجێکردنی کردەوە قێزەوەنەکانی دژ بە جیابیران و هێزەکانی دژبەری ڕێژیم کەڵکی لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستییە وەرگرتووە.

هەر لەم نامەیەدا ئاماژە بە تێرۆری میکۆنوس کراوە کە بووە هۆی شەهیدکرانی سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دێموکرات، د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە شاری بێرلین. لەو هێرشەدا چوار ئەندامی حیزبوڵڵای لوبنان و ئێرانییەک بەشدار بوون.

لە کۆتایی نامەکەدا داواکراوە کە دەوڵەتی ئاڵمان ئەو دامودەزگا و ڕێکخراوانەی دیکەش کە لەژێر چەتری دەزگا سیخوڕییەکانی ڕێژیمی ئێراندا کاری تێرۆریستی دەکەن لەو وڵاتە قەدەغە بکات، تاکوو کاریگەریی ڕێژیمی ئێران لەو وڵاتەدا بەرتەسک بکاتەوە.

# سەنگەرەکانی کوردایەتی بە باسکی بەهێزی گەل ئاوەدانتر دەبێت




دەورەی ٢٤٢ی سەرەتایی پێشمەرگە لە یەکێک لە بنکە سەرەکییەکانی حیزبی دێموکرات بە سەرکەوتوویەوە کۆتایی هات و کچان و کوڕانی خولیای ئازادی، چەکی پڕ لە شانازیی پێشمەرگایەتیان لەشان کرد.

ڕێوڕەسمەکە، سەرەتا بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب»، و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

ئەو ڕێوەڕەسمە بە بەشداریی بەرپرسانی سیاسی و نیزامی، کادر و پێشمەرگەکان بەڕێوە چوو. پاشان کاک «خالید خاڵدار» فەرماندەی هێزی ١٢٧ی پێشمەرگە، بەبۆنەی کۆتایی ئەو دەورەیە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

دواتر پەخشانێک لە ژێر ناوی «لە خەو هەستان» لەلایەن «ئاسۆ» بەشداربووی دەورەوە پێشکەش بە بەشداربووان کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا ڕاپۆرتی دەورە لەلایەن «سەروەر مەعرووفی» مامۆستای دەورەوە خوێندرایەوە. دواتر پەیامی دەورەی ٢٤٢ی سەرەتایی لەلایەن «محەممەد» بەشداربوویی دەورەوە پێشکەش کرا.

هەروەها سروودێک لە ژێر ناوی «سڵاوی پێشمەرگە» لەلایەن بەشداربوونی دەورەوە خوێندرایەوە. وەک نەریتی کۆتایی هەموو دەورەیەک نەفەری یەکەم تا سێهەم لە بواری تاقیکاریی سیاسی، نیزامی و پاراستنی نەزم و دیسیپلینەوە خەڵات کران. ئەو خەڵاتانە لەلایەن «خالید خاڵدار و خەلیل میلان»ـەوە پێشکەشی نەفەراتی سەرکەوتووی دەورەوەکە کرا.

ڕێوڕەسمەکە بە گۆرانییەک کە «جەعفەر» بەشداربووی دەورەوە پێشکەشی کرد؛ کۆتایی هات.

# ڕێژیمی ئێران کەڵکاژۆ لە نێوی «حیزبی دێموکرات» وەردەگرێت



حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا نەهادینە بووە و پشتیوانیی خەڵکی کوردستانی لە پشتە، ڕێژیمی ئێران لە نێوی ئەو حیزبە کەڵکاژۆ وەردەگیرێت.

تاقمێک لە دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم لە ورمێ و ناوچەکانی سەر بە ورمێ بە ناوی حیزبی دێموکرات، داوای یارمەتی لە خەڵک دەکەن. ماوەی چەند ڕۆژێکە تاقمێک چەکداری نەناسراو لە شاخەکانی گەلی قاسملوو و باراندێز دەگەڕێن و خۆیان بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەناسێنن و داوای هاوکاری لە خەڵک دەکەن.

لەو بارەیەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ماڵپەڕی «کوردستان میدیا»ی ڕاگەیاند: «ئەو تاقمەی سەربە ڕێژیم لەژێر ناوی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەوانە دەچنە ئەو ماڵانەی کە بنەماڵەی پێشمەرگە، شەهید و نیشتمانپەروەرن و داوای یارمەتییان لێ دەکات».

بۆ ئاگاداری ڕای گشتی؛ ئەو کەسانە هیچ پەیوەندییان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە نییە و خەڵکی کوردستان لە دانی هەر جۆرە یارمەتییەک بەو کەسانە خۆ ببوێرن.

## ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران بنەماڵەی پێشمەرگەکانی کوردستان بانگهێشت دەکات



ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ڕێگەی بنکە و ناوەندە ئەمنییەتیەکانییەوە گوشاری خستوەتە سەر بنەماڵەی پێشمەرگەگانی کوردستان و داوایان کردووە کە دەبێت زانیاریی تایبەت بە کوڕ و کچە پێشمەرگەکانیان هەروەها خزم و کەسوکاریان بدەنە ئیدارەی ئیتلاعات. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری ‹‹مەریوان›› بنەماڵەی پێشمەرگەکانی بانگهێشت کردووە و بە هەڕەشە و ترساندن، زانیاری تایبەتی خزم و کەسوکار، ئاشنا، دراوسێ و ژمارەی تەلەفوونی لێوەرگرتوون.

هەروەها ڕێژیم داوای لەو بنەماڵانە کردووە کە دەبێت کچ و کوڕەکانتان بهێننەوە و تەسلیمی ڕێژیمی ئێرانیان بکەنەوە. ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بنەماڵەی پێشمەرگەکانی بانگهێشت کردووە و وێڕای ژمارە موبایل و زانیاریی تایبەتی پێشمەرگەکان، داواشیان کردە بە بیانووی سەردانی کچ و کوڕەکانیان دەبێت سیخوڕی بۆ ڕێژیم بکەن.

یەکێک لە سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران گوشار خستنەسەر بنەماڵەی پێشمەرگەیە و بانگهێشتی پەیتاپەیتایان ئامانجی شەڕی ڕەوانیان هەیە.

## دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات ڕوو لە کوێستانچییەکانی کوردستان پەیامێکی بڵاو کردەوە

دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕوو لە هاونیشتمانانی وەرزێر، مەڕدار و کوێستانچییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، داواکارییەکی بڵاو کردەوە و داوای یەکڕیزی و وێکهەڵکردنی لێ کردن.

دەقی داواکارییەکە بەم چەشنەیە:

داواکارییەک لە دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بۆ هاونیشتمانانی وەرزێر، مەڕدار و کوێستانچییەکانی کوردستانی خۆرهەڵات

بەداخەوە لەم وەرزەدا، لە ئەمساڵ و لە چەند ساڵی ڕابردووەوە شاهیتی کۆمەڵێک ڕووداوی دڵتەزێن و تێکهەڵچوون و بەگژیەکداچوونی ناپێویست لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی کەڵک وەرگرتنی هاووڵاتییان لە ڕێباز و لەوەڕگە و کوێستان و هەوارگەکانین. ئەو ڕووداوانە زیانیان بە سروشتی وێکهەڵکردن و بەرژەوەندیی هاوبەش و سەرەنجام یەکیەتی و یەکڕیزیمان دەگەیەنێت. نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە نیشتمانی ئێمە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردنی لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا لێ زەوت کراوە، دەسەڵاتێک دەسەپێندرێت کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا نیشانی داوە کە دژی یەکڕیزی و تەبایی گەلەکەمانە، بە پیلانگێڕیی ئاشکرا و نهێنی کێشە دەخولقێنێت و پەرە بە ناکۆکی و لێکترازانەکان دەدات و ئاگری ئاژاوە نێڵ دەدات.

هەر بۆیە، هاونیشتمانانی هاوسا، هاوخوێن و هاوبەرژەوەندی، پێویستە بەکۆکی و وێکهەڵکردنی بەرپرسانە لە سەرچاوە هاوبەشەکانی ژیان کەڵک وەربگرن، بە گیانی تەبایی نیشتمانی و نەتەوەییەوە بەرەنگاری کێشە و گرفتەکان ببنەوە و ئیزن نەدەن ڕووداوەکان ببنە هەوێنی دیاردەی دڵخوازی دوژمنانمان و لە ئەگەری هەر پێشهاتێکی نادڵخوازدا بگەڕێنەوە بۆ ئەو عورف و یاسا و ڕێسا و پێبەندییانەی بەر لە دەسەڵاتی نگریسی ڕێژیمی ئیسلامی پێڕەوییان کردووە و ڕۆحی تەبایی و خۆشەویستی بگێڕنەوە بۆ کۆمەڵگا و زێدە خۆشەویستەکەیان کە نیشتمانێکی دەوڵەمەند و پاراوە بە سەرچاوەکانی ژیان.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای ئەوەی داوا لە هاونیشتمانانی وریا و دڵسۆزی گەل دەکات یەکیەتی، یەکڕیزی و تەباییان بپارێزن، هاوکات هاوکار و یارمەتیدەرتان دەبێ بۆ زاڵبوون بەسەر گرفتەکاندا و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامی یان بەدەستیانەوە داماوە و یان بەئەنقەست لە پێناو بەرژەوەندییەکانی ڕژیمدا پەرەیان پێداوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕێکخستنی گشتی**
**٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی**

## لێبووردنی نێونەتەوەیی هۆشداریی بە ڕێژیمی ئێران دا

ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی سەبارەت بە بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ و ئەگەری لەسێدارەدانی شاراوەی «هیدایەت عەبدوڵلاپوور» و سێ زیندانیی عەرەب هۆشداری بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دا.

ڕۆژی سێشەممە ٢٣ی بانەمەڕ، ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک داوایان لە بەرپرسانی حکوومەتی ئێران کردووە، هەرچی زووتر چارەنووس و شوێنی ڕاگیرانی «حوسێن سەیلاوی، عەلی خسرەجی و ناسر خەفاجیان (خەفاجی)»، سێ زیندانیی عەرەب لە ڕیزی ئێعدام لە نەتەوەی عەرەبی ئەهوازی و «هیدایەت عەبدوڵلاپوور»، زیندانیی لە ڕیزی ئێعدام لە نەتەوەی کورد، ڕوون بکاتەوە.

ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی ڕایگەیاندووە:

«خۆبواردنی بەرپرسان لە دانی زانیاری بە بنەماڵەی ئەو چوار زیندانییە، نیگەرانییەکان لەمەڕ ئەشکەنجە یان لەسێدارەدانی شاراوەی ئەو زیندانییانەی زیاد کردووە».

«حوسێن سەیلاوی، عەلی خسرەجی و ناسر خەفاجیان» لە ڕێکەوتی ١٢ی خاکەلێوەی ئەمساڵ و «هیدایەت عەبدوڵلاپوور» لە ڕێکەوتی ٢٠ی بانەمەڕی ئەمساڵ، چارەنووسیان ناڕوونە و لە شوێنی خۆیان لە زیندانەکان بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون.

هەر چوار کەسیان لە ئەنجامی دادگاییەکی نادادپەروەرانە و سەرەڕای بوونی ئیدعا جیددییەکان لەسەر ئەشکەنجەکرانیان بە ئێعدام مەحکووم کران و هیچ کات لەمەڕ ئەو چوار کەسە لێکۆڵینەوەیەکی جیددی نەکراوە.

ئەو ڕێکخراوە مافی مرۆییە نێونەتەوەییە لەو بەیاننامەیەدا ئەوەشی خستووەتەڕوو:

«خۆبواردن لە دانی هەر جۆرە زانیارییەک بە بنەماڵەکانیان سەبارەت بە چارەنووسیان و شوێنی ڕاگیرانی ئەو چوار کەسە، کردارێکی بێڕەحمانە و نامرۆڤانە و ڕاستیی دەرختنی نادیاربوونی زۆرەملێ بە ئەژمار دێت کە بەپێی یاسای نێونەتەوەیی بە تاوان دەژمێردرێت».

ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی لەو بەیاننامەیەدا، دووپاتی کردووەتەوە:

«بەرپرسانی ئێرانی دەبێ بە زووترین کات ئازار و ڕەنجی زۆر لەسەر ئەو بنەماڵانە ڕابگرن؛

ئەوان دەسبەجێ شوێنی ڕاگیرانی حوسێن سەیلاوی، عەلی خسرەجی، ناسر خەفاجیان و هیدایەت عەبدوڵلاپوور ڕابگەیەنێت و هەر جۆرە بەرنامەیەک سەبارەت بە لەسێدارەدانی ئەوان ڕابگرێت و دووبارە پێداچوونەوە بە دۆسیەکانیان بکات».

## ئەندامێکی «یزاکا» کۆچی دوایی کرد

مامۆستا «هەژار مەنافی» مامۆستای ئایینی و ئەندامی یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ڕێکەوتی ٢٣ی بانەمەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی ماموستا ‹‹هەژار مەنافی›› کوڕی «سوڵتان» ئەندامی لە مێژینەی یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران لە شاری شنۆ ماڵاوایی لە ژیان کرد. ناوبراو ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە گوندی حەسەن نووران لەدایک بوو.

مامۆستا هەژار ساڵی ١٣٧٠ ڕۆیشتووەتە حوجرە و لە حوجرەکانی دەرسی خوێندووە. لە ساڵی ٧٧ی هەتاوی لە ئاوایی قەڵاتان ئیجازە وەردەگرێ و لە ئاوایەکانی دووڕگە، چەپەراوێ و سوڵتاناوا و لەو ساڵانەی دوایشدا لە «ئەمیرئاباد»ی شنۆ وەک مامۆستای ئایینی خزمەت بە گەلەکەی دەکات.

مەلا هەژار لە ماوەیەکی کەمدا توانی ببێتە جێگای سەرنج و متمانەی خەڵک و بەتایبەتی لاوانی نیشتیمانپەروەر.

ناوبراو وێڕای ئەوەیکە کەسێکی بە توانا بوو لە بواری بەیان و وتاردان لەهەمانکاتدا لە وتارەکانیدا بە بۆنە نەتەوییەکان هەڵوێستی دەگرت و وەک مەلایەکی خەڵکی و حیزبی دەردەکەوت.

ئەو مامۆستا ئایینییە ساڵی ١٣٨٨ پەیوەندی بە یەکیەتیی زانایانی ئایینییەوە دەگرێت و وەک ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە درێژە بە چالاکییەکانی دەدات

مامۆستا هەژار مرۆڤێکی دڵسۆز و نیشتیمانپەروەر بوو بۆیە لە دەستدانی ناوبراو خەسارێکی گەورەیە بۆ گەلەکەمان و بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد.

یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## هەڵۆکانی زاگرۆس فەرماندەیەکی «ناجا»ی ڕێژیمیان سزا دا




هەڵۆکانی زاگرۆس لە عەمەلیاتێک لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، فەرماندەیەکی «ناجا»ی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان سزا دا.

بەپێی هەواڵێک کە لە وێبلاگی «هەڵۆکانی زاگرۆس» بڵاو کراوەتەوە، تیمێک لە هەڵۆکانی زاگرۆس هێرشیان کردە سەر پاسگای ناوەندیی «زێوە»ی ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ و لە ئاکامدا فەرماندەی ئەو پاسگایە بریندار کرا.

وێبلاگی هەڵۆکانی زاگرۆس بڵاوی کردووەتەوە: «کاتژمێر یەک و ٣٠ خولەکی شەوی هەینی ڕێکەوتی ٢٦ی بانەمەڕی ٩٩ی هەتاوی، تیمێک لە پاسگای زێوەی مەرگەوەڕ بە ئامانجی ئازار و ئەزیەتی خەڵک لە مۆڵگەکەیان هاتوونەتە دەرەوە و ئەم تیمە، لەلایەن تیمێکی هەڵۆکانی زاگرۆسەوە کرانە ئامانج و فەرماندەی ئەو پاسگایە بە ناوی موحەڕەمی لەو شەڕەدا بریندار کراوە».

هەروەها لە درێژەدا هاتووە: «ئەو فەرماندەیە دەستێکی باڵای لە ئازاردانی خەڵکدا هەبووە و مەڕ و ماڵاتێکی زۆری خەڵکی بە گرتن داوە. خەڵکی ناوچەکە دڵخۆشیی خۆیان بۆ ئەم عەمەلیاتەی هەڵۆکانی زاگرۆس دەربڕیوە».

## خەڵکی کوردستان پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە

کۆمەڵێک لە شاخەوانانی کوردستان بە سەردانکردنی گڵکۆی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، یادی ئەو شەهیدانەیان بەرز نرخاند.

پۆلێک لە شاخەوانانی کوردستان لە شارەکانی ‹‹مەهاباد، نەغەدە، پیرانشار و شنۆ›› سەردانی گڵکۆی شەهیدانیان کرد.

ئەو شاخەوانانە لەگەڵ ڕێبازی پڕ سەروەریی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان پەیمانیان نوێ کردەوە کە هەتا گەیشتن بە لووتکەی ئازادی دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵنەگرن.

گۆڕستانی شەهیدان لە کوێستانی ‹‹قوروچاوێ›› هەڵکەوتووە کە تایبەتە بە شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

لە ماوەی زیاتر لە ٧٤ ساڵ خەباتی بێوچانی حیزبی دێموکرات لە پێناو بەدیهاتنی ئامانجە لەمێژینەکانی گەلی کورد، ئەم حیزبە زیاتر لە چەند هەزار شەهیدی قارەمانی پێشکەش بە ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کردووە.

لەلایەکی تریشەوە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شارەکانی مەهاباد و سنە، پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکرات دووپات کردەوە و چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ڕۆژی یەکشەممە ١٤ی بانەمەڕ، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی شامات و لە گوندی بەفرەوان سەر بە شاری مەهاباد، بە نووسینی دروشم، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەو دروشمانەی کە لەلایەن قارەمانانی دێموکراتەوە نووسراون بریتین لە: ‹‹بژی پێشمەرگە، قاسملوو نامرێ، بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بژی ڕاسان››.

هاوکات ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی دێموکرات لە ئاویەری سنە، بە دانانی جامانە و گوڵی سوور، پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دووپات کردەوە.

لەلایەکی تریشەوە قارەمانانی دێموکرات لە پیرانشار بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و لە ناوچەی «کانی زەرد› و بناری «قەڵاتی شا›› بە کێشانەوە و نەخشاندنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و نووسینی دروشم لەسەر شاخ و بەردەکان، پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکرات دووپات کردەوە.

تێکۆشەرانی دێموکرات بە دروشمگەلی ‹‹بژی حدکا و سەرکەوێ ڕاسان››، وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دووپات کردەوە.

لە شاری بۆکان و لە بەرەبەری ساڵیادی شەهیدبوونی سەروان ‹‹چەکۆ ڕەحیمی›› ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و یادی ئەو نەمەرەیان بەرز ڕاگرت.تێکۆشەرانی دێموکرات لە بۆکان لە بەرەبەری هاتنی ساڵیادی شەهیدبوونی سەروان «چەکۆ ڕەحیمی››، بە بەڕیوەبردنی چالاکیی تەبلیغی و سەردانی گڵکۆی شەهیدانی فەرماندە «عەبدوڵلا ئەفشینڕاد ناسراو بە سەروان ئەفشین، کاک عەبدوڵلا فەیزی، مەنسور حەقپوور و محەممەد ئەسپوغەیی و سەید محەممەد مەهدەوی››یان کرد. قارەمانانی دێموکرات بەم بۆنەوە لە نێوشاری بۆکان لە شوێنەکانی وەک: «شەقامی ئینقلاب هەتا بلواری کوردستان، شەقامی فەرمانداری، فەلەکەی مادەر، بلواری پارکی ساحلی و گەرەکی ئەبوزەر›› چالاکیی تەبلیغییان بەڕیوە برد. هەروەها ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە پەیامێکدا نووسیویانە :›› لە ساڵیادی شەهیدبوونی فەرماندە بەزەزموونەکەی دێموکرات کاک «چەکۆ ڕەحیمی»، ئێمە قوتابیانی مەکتەبەکەی شەهید دووکتور «قاسملوو»ی ڕێبەر لە شاری بۆکان یادی ئەو نەمرە بەرز ڕادەگرین و بەڵێنی بە درێژەدانی ڕێبازەکەی دووپات دەکەینەوە».

بۆ چەندەمین جار لە ڕۆژانی ڕابردوودا ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری سنە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و بە دروشمی وەک: «سڵاو لە دوکتور قاسملوو، بژی حیزبی دێموکرات و سەرکەوێ ڕاسان» پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکرات دووپات کردەوە.

هەر لە هەمان ڕاستادا ڕۆژی هەینی ٢٦ی بانەمەڕ، ڕۆڵەکانی دێموکرات بە شێوەیەکی بەربڵاو لەنێو شاری نەغەدە بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. تێکۆشەرانی دێموکرات لە شوێنەکانی وەک: ‹‹مەیدانی بەهار، مەیدانی محەممەد ئەوراز، شەقامی باڵخچی، پارکی موعەلیم و ناو بازاڕ» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

دروشمەکانی ئەم چالاکییە بریتی بوون لە: «سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرکەوێ ڕاسان و بژی پێشمەرگە››.

لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە گوندی تەنگیسەر بە نووسینی دروشمگەلێکی وەک: ‹‹ڕاسان تا لووتکە بەردەوامە، بژی کوردستان و بژی کورد››، پشتیوانیی خۆیان بۆ حیزبەکەیان دووپات کردەوە. لەو چالاکییەدا، ئارمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کێشاوەتەوە و ئامادەیی خۆیان بۆ هەر ئەرکێکی حیزبی دەربڕیوە.

## درێژەی پەیف

کوردنشین نییە بەڵکوو لەو پارێزگایەدا کورد و تورکی ئازەری و ئەرمەنی و ئاسووری وخەڵکی دیکەش دەژین.

سیاسەتی حیزبی دێموکرات بۆ دیاریکردنی سنووری کوردستان بریتییە لەوەی کە دوو پێوەری سەرەکیی هەیە، جوغرافیا و ویستی زۆرینەی دانیشتووان. بەو پێیە، ئەو بەشە لە هەر پارێزگایەك کە وەکوو جوغرافیا لە نێو کوردستاندا بێ، بە کوردستانی دەزانێ و ئەو بەشەش کە تێکەڵاویی چەند نەتەوەی تێدا هەبێ، ڕێکارێکی مرۆیی و دێموکراتیکی بۆی هەیە: ویستی زۆرینەی دانیشتووان.

ئەوەی کە حیزبی دێموکرات ناوێك بۆ پارێزگاکان کە کۆماری ئیسلامی دیاریی بکا قبووڵی نییە، شتێکی ئاسایی و سرووشتییە، چوونکە کۆماری ئیسلامی هەوڵی سڕینەوەی ناسنامە و شێواندنی ڕاستییەکان دەدا. حیزبی دێموکرات باوەڕی بە خەباتی پێکەوەیی نەتەوە ستەملێکراوەکان هەیە و هەوڵی بۆ دەدا، بەڵام نە چاوی لە خاکی نەتەوەی دیکەیە و نە چاوپۆشی لە نیشتمانی کوردستانیش دەکا.

# زیگمۆند فرۆید و چوار بۆچوون لەسەر توندوتیژی



**سندووس**

ئەو داتایانەی کە لە ڕاگەیەنەرە فەرمییەکانی کۆماری ئاخوندییەوە بڵاوەکرێنەوە، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن کە کۆمەڵگای ئێرانی لێوڕێژی توندوتیژییە و پەروەندە قەزاییەکانی دوو بەرابەری «هێندی»یەکان لە سەریەک کەڵەکە کراون، ئەوە لە کاتێکدایە کە وڵاتی «هێند» دوازدە بەرابەری «ئێران» حەشیمەتی هەیە.

جێگری کۆمیسیۆنی قەزایی مەجلیس دەڵێ:

«لە وڵاتی ئێمەدا دوو بەرابەری کوالێتی جیهانی پەروەندە لە سیستمی قەزاییدا بوونی هەیە و هەر دادوەرێک لە مانگدا دەبێ بە سەد تا سەدوبیست پەروەندە ڕابگات، ئەوە یانی هەر ڕۆژێک دەبێ کاری نیزیک بە چوار پەروەندە بە ئاکام بگەیەنێ.

وتەبێژی دەزگای دادی ڕێژیم، واتە موحسینی ئێژەیی، بۆ ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی باس لە زیاتر لە ٢١ میلیۆن پەروەندە دەکات کە بەڵای ناوبراوەوە ئەم دەزگایە بە شانازییەوە هاوڕێ دەگەڵ شۆرای چارەی کێشە، پێیانڕاگەیشتوون. ئەوە جگە لەو پەروەندانەیە کە داخراون و پرۆسەی پێڕاگەیشتنیان نەبڕیوە یان ئەو پەروەندانەی لە دادگای نیزامی، تایبەتی روحانییەت و ... پێڕاگەیشتنیان بۆ کراوە. لە کاتێکدا هەر ئێستا لە وڵاتی «هۆلەند» گرتووخانەکان بەهۆی بەتاڵبوونیان لە مرۆڤی تاوانکار «تغییر کاربری»، دەدرێن و لە وڵاتی «سوئیس»یش بە نیشانەی ڕێز و حورمەتی یاسا، ساڵانە ڕۆژێک دەرگای مەحکەمەکان دەکرێنەوە و دواجار دوای تۆزتەکێن و خاوێن کردنەوەیان، تا ساڵی داهاتوو دادەخرێنەوە و تەنانەت یەک تاوانبار و لادەری یاسا بوونی نابێ تا بۆ پێڕاگەیشتن دەرگای مەحکەمە و گرتووخانەکان والا بهێڵنەوە.

ئەو داتایانە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە ئەو وێنایەی سەبارەت بە خۆمان هەمانە، لەسەر ئەوەیکە وڵاتێکی خاوەن کلتوورین و شێوەژیانێکی ئارمانیمان هەیە و دەبێ ببین بە سەرمەشق بۆ وڵاتانی تر، هەڵەیەکی لە ڕادەبەدەر گەورەیە و بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی تردا لە هەلومەرجێکی زۆر خراپی ڕەفتاریداین و شەڕانگێزی تێکەڵ بە کرۆتەونی ژیانمان بووە.

لەسەر یەک دەروونناسان بە سێ شێوە، لێکۆڵینەوە بۆ ڕەفتاری توندوتیژانە و ناسرووشتی مرۆڤەکان ئەنجام دەدەن:

- ژینەکی (زیستی)
- دەروونی (روانی)
- کۆمەڵایەتی (اجتماعی)

ژینەکی زیاتر باسی ژێنێتیکی بوونی توندوتیژی دەکا و بە سەرنجدان بەم ڕاستییەی کە لە ماوەیەکی زەمەنی چل ساڵیدا و لە ڕوانگەی زانستییەوە، گۆڕانکاری ژنێتیکی وا ڕوو نادا کە ڕاوەستەی لەسەر بکرێ، بوارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکە زیاتر بۆ لەنگەر لەسەر گرتن دەبێ. لە بەر ئەوەیکە کۆمەڵگای ئێران، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا تێوەگلاوی توندوتیژییەکی سیستماتیک و تاقەتپڕووکێن بووە و ئەم توندوتیژییەش بە ڕادەیەک بە ناخیدا شۆڕ بووەتەوە کە بڕستی لێ بڕیوە، بە پێویستمان زانی جارێکی تر خوێندنەوەیەکمان هەبێ بۆ بۆچوونەکانی فرۆید لەسەر توندوتیژی. فرۆید ماکەکانی توندوتیژیمان ئاوا بۆ دەردەکێشێ و گەڵاڵەی دەکات:

**ئا) توندوتژی و خۆئەڤینی (نارسیستی)**

لە بۆچوونی یەکەمدا فرۆید لای وایە کە توندوتیژی ئاکامی خۆئەڤینییە، ئەو دەڵێ: لیبیدۆ (مەیلی ژیان) بە دوو شێوە بوونی هەیە:

- لیبیدۆی شتەکان (اشیاء)
- لیبیدۆی خۆئەڤینی (نارسیستی)

مەیلی مرۆڤ بۆ شتەگەل و دیاردەکانی دەرەوە، هەڵقوڵاوی لیبیدۆی شتەکان و عیشقی مرۆڤیش بە خۆی، بەرهەمی لیبیدۆی خۆئەڤینییە. بە پێی ئەم بۆچوونە هەر شتێ هەڕەشە لە بوونی خۆئەڤینی بکات، تووڕەیی مرۆڤ دەخرۆشێنێ.

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە:

ئەگەر خۆئەڤینی گرینگترین هۆکاری توندوتیژییە، لە منداڵاندا هەر چەندە هەستی خۆتەوەریی زۆر زیاترە، ئەی بۆچی ڕێژەی توندوتیژی لە نێو گەورەساڵاندا بە ڕادەیەکی زۆر زیاتر دەبینرێ؟

گەرچی توندوتیژی بەرهەمی تووڕەییە، بەڵام خۆنیشاندانی تووڕەیی دەتوانێ بەشێوەی جۆراوجۆر خۆی بنوێنێ، ڕەنگە مانگرتن بۆ منداڵانێک کە لە تەمەنی دەورووبەری سێ ساڵیدان، جێگرەوەی توندوتیژی بێ.

ئالێرەدا بۆچوونەکانی «ئالبێرت بۆندۆرا» بایەخی خۆی نیشان دەدا کە دەڵێ:

«خۆماکەکان (غرایز)، وەکوو هەویری خاون، کە لە نێو قالبی فێربوون و ئاقاری کۆمەڵایەتیدا بیچم دەگرن و دەرسکێن.»

ڕەنگە ئەم تیئۆرییەی فرۆید باشترین وڵام بۆ ئەو پرسیارە بێ کە بۆچی دیکتاتۆرەکان دەست دەدەنە توندوتیژی ترسێنەر؟

خۆئەڤینی گرینگترین تایبەتمەندی دیکتاتۆرەکان لە دەروونداییە، کەوابوو جێی سەرسوورمان نییە کە توندوتیژی گرینگترین تایبەتمەندی دەرەکی ئەوانیش بێ.

خۆگەورەبینی نارسیستییانە، کە لە دەروونناسیدا بە گرێ کوێرەی دەروونی مەسیحاش ناوبانگی دەرکردووە، بە جۆرێک نەخۆشی کەسایەتی دەوترێ کە مرۆڤ بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر هەست بە توانا و لێوەشاوەییەکی لە ڕادەبەدەری خۆی دەکات و کاتێ بە لووتکەی دەسەڵاتیش دەگات، وەک ڕزگاریدەری کۆی مرۆڤایەتی خۆی دەبینێ و تەنانەت کارە شەخسییەکانی خۆی کە بۆ دابینکردنی پێداویستییە ژینەکییەکانی ئەنجامیان دەدات وەک ئەرک و لێپرسراوێکی گرینگ سەیر دەکات. ئەو جۆرە مرۆڤانە خۆیان پێ تایبەتە و فیز و ئیفادە بەسەر جەماوەرەوە لێ دەدەن کە گەر ئەوان نەبان، کۆمەڵگای مرۆیی ڕێگای بەختەوەرییان لێ ون دەبوو، هەر بۆیە لە ڕوانگەی خۆیان و موریدەکانیانەوە، هەرچی دەیڵێن و هەرچی دەیکەن بێ هەڵەیە و لە بەرابەر هیچ کەس و تاقم و تەنانەت کۆمەڵگاشدا خۆیان بە وڵامدەر نازانن. نموونەی بەرچاوی ئەم تیپ کەسایەتییە، دەتوانین بە تۆخی لە ڕەفتار و کردەوەکانی خامنەییدا ببینین.

**ب) توندوتیژی و پارێزگاری لە نەفس**

فرۆید لە دووهەمین بۆچوونیدا باسی Ego واتە «من» دێنێتە بەرباس، گەرچی لیبیدۆ بە ڕەهەند و دالانی چێژدا تێدەپەڕێ، Ego لەگەڵ ڕاستی سەروکاری هەیە و ئەسڵی ڕاستی وەبیر «ئۆرگانیزم» دەخاتەوە کە ئەگەر ژان و برینێک بوونی هەبێ، چێژوەرگرتن نایەتەدی، کەوابوو لە بەرابەر شەهوەتدا توندوتیژی وەستاوە، توندوتیژی هەر وەک گۆڕەپانێکی مینە کە بە چواردەوری حەرەمسەرای شەهوەتدا کێشراوە تا چێژوەرگرتن بێ پشتیوان نەمێنێتەوە و پشتی چۆڵ نەکرێ.

بە پێی بۆچوونی فرۆید دەبێ توندوتیژی دیکتاتۆرانە بە ئاکامی ترس و خۆف بزانین تا تووڕەیی. مەودا و دابڕانێک کە نیزامی تووتالیتێر و پێکهاتەی قۆچکی دەسەڵات، لە نێوان دەسەڵاتدار و گەلدا پێکی دێنێ، دەبێتە هۆی ئەوەیکە دەرکەوێ کە دیکتاتۆر نەک هەر کوڕی خەڵک نییە بەڵکوو لە ڕاستیدا لە بەرابەر خەڵکدایە. لە وەها هەلومەرجێکدا، دیکتاتۆر تێدەکۆشێ تا بە دەمامکی باوە گەورەی بەڕێز و دلۆڤان، ئەو مەودا و قەڵشتە پڕبکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەیکە دیالۆگێک لە نێوان ئەو و خەڵکدا لە گۆڕێ نییە و هەرچی ڕوو دەدا مۆنۆلۆگە، ئەو گەمە و یارییە هەڵخەڵەتێنەش ترسی دیکتاتۆر لە ناو نابات، ئەو بەردەوام لە خەڵکێک کە بێدەنگ و مات لە بەرابەریدا ڕاوەستاون دەترسێ و وەکوو نەیاری خۆی چاویان لێ دەکات.

**دیکتاتۆر تێدەکۆشێ تا بە دەمامکی باوە گەورەی بەڕێز و دلۆڤان، ئەو مەودا و قەڵشتە پڕبکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەیکە دیالۆگێک لە نێوان ئەو و خەڵکدا لە گۆڕێ نییە و هەرچی ڕوو دەدا مۆنۆلۆگە، ئەو گەمە و یارییە هەڵخەڵەتێنەش ترسی دیکتاتۆر لە ناو نابات، ئەو بەردەوام لە خەڵکێک کە بێدەنگ و مات لە بەرابەریدا ڕاوەستاون دەترسێ و وەکوو نەیاری خۆی چاویان لێ دەکات**

بۆ وێنە دەڵێن ئەژدهاک دوو مار لەسەر شانی بووە و مێشکی لاوانی کردووە بە خۆراکی ئەو دوو مارە. ئەوەی ئەژدهاک کردوویە لە بەر تووڕەیی نەبووە، بەڵکوو ترسی ئەوەی هەبووە کە نەکا مارەکان بچنە ناو گوێچکەیەوە و مێشکی بخۆن.

**پ) توندوتیژی و خۆماکی مەرگ**

شەڕی یەکەمی جیهانی سیستمی فکری فرۆیدی ڕووخاند، فرۆیدیش وەکوو بەشی هەرە زۆری خەڵک کە بە مارشی شەڕ مەست دەبن و داستانە حیماسییە کۆنەکان لە فەزای شەڕدا پەیدا دەکەن، سەرەتا ڕازی بە شەڕ بوو، لە ساڵی ١٩١٧ی زایینی، واتە ساڵێک پێش کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی، شانازی بە سەرکەوتنەکانی ئیمپراتۆری پرۆس واتە ئاڵمان، ئۆتریش و مەجارستانەوە دەکرد. تێکشکانی ڕایش، مارشی حەماسە کۆنەکانی لە فرۆیددا کوژاندەوە و بە بینینی وێرانییەکانی دوای شەڕ سەبارەت بە خۆی و بە مرۆڤ ڕەشبین بوو.

فرۆید قایل بە دوو جۆر خۆماکە:

- خۆماکی مەرگ یا تاناتووس
- خۆماکی ژیان یا ئیرۆس.

ئەو دوو خۆماکە هاوشان و بەشێوەی هاوتەریب لەگەڵ یەکتردا دەچنە پێش، جا هەر جارەی یەکیان بە شێوەی زیاتر یان کەمتر خۆی خۆیا دەکات. ئەوە نییە تەنیا هەر دانەیەکیان لە دەروونی مرۆڤەکاندا بوونی هەبێ؛ بەڵام ئەگەر لە وڵاتێکدا خۆماکی ئێرۆس تۆختر بوو ئەوا توندوتیژی تاکی و کۆمەڵایەتی کەمتر دەبینرێ و نەمامی خۆشەویستی و تەبایی ڕوو لە گەشە دەبێت. بەڵام گەر پێچەوانەکەی بینرا ئەوا خۆماکی تاناتووس یان مەرگ کە توندوتیژی بەرچاوترین ماکی ئەم دیاردەیەیە، حاڵەتی زاڵ بەخۆوە دەگرێ. بۆ زاڵبوونی خۆماکی ئیرۆس و تاناتووس، سیستمی سیاسی وڵات بەرچاوترین ڕۆڵ دەگێڕێ. کۆماری ئاخوندیی کە سیستمی قەیرانەکانە، کۆمەڵگای ئێرانی وا تووشی توندوتیژی تاقەتپڕووکێن کردووە و وا خۆماکی مەرگ یان تاناتووسی پەرە پێداوە کە سەرلەبەری تاکەکانی وڵاتی لە تەک یەکترا دەرگیر کردووە و تۆوی بێ متمانەیی و شەڕانگێزی لە نێو دڵ و دەروونی دانەدانەی تاکەکانی کۆمەڵگادا چاندووە. ئەوەیە کە لە ماوەی ساڵێکدا تەنیا لە دەزگای داد و شۆرای چارەی کێشەدا، ٢١ میلیۆن پەروەندە حوکمی لەسەر دراوە!

**ت) توندوتیژی و توانای ماسووڵکەکان**

کۆتاییەکانی تەمەنی فرۆید لە ژان و تەنیاییدا تێپەڕیوە، شێرپەنجەی گەروو، ژیانی لێ تاڵ کردووە و بە ناچار لە دەرمان و مادەی سڕکەر کەڵکی وەرگرتووە. دەسەڵاتی نازییەکان کە دووبارە لە سەر وێرانییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی، دەمارشی شەڕیان دەتووڕاند و فرۆیدیان هێنا سەر ئەم باوەڕە کە کۆچ بکات و کۆچ کردن دەرد و ژانەکانی چەند هێندە کرد، ئەو بە تێفکرینی ئێگزیستانسیالیستی، سەرلەبەری ژیانی پێ ژان، دەرد و ئازار بوو و لای وابوو ڕۆحی مرۆڤ زیندانی لەشە و ئالێرەدا فرۆید گەیشتە بۆچوونی «تۆپزییخوازیی ژینەکی»، واتە «جبرگرایی زیستی.»

لەو ماوەیەدا کە لە سەر فەلسەفەی هونەر لەنگەرێکی کاراتری گرتبوو، لای وابووە کە توندوتیژی بەرهەمی سرووشتی ماسووڵکەکانی مرۆڤە و وزەی ڕاگیراو لە ناو ماسووڵکەکاندا، بۆ ڕەهابوون (بەتاڵبوونەوە)، توندوتیژی دەئافرێنێ. هەر بۆیە خاوەنڕایان لایان وایە کە بۆ کەمکردنەوە و بەتاڵکردنی خۆماکی تاناتووس بە شێوەی سرووشتی، پێویستە وەرزشی چوارچێوەدار و بەبەهرە ئەنجام بدرێ.

# لابردنی سفری سەر پارەی ئێران لە دۆخی نەگونجاودا

فەرهاد سلێمانپوور

لە سێ دەیەی ڕابردوودا چەند جارێک باسی لابردنی سفری سەر پارەی ئێران کراوە و لە ئێستا حکومەتی حەسەن ڕۆحانی دەیهەوێ ٤ سفری سەر پارە لابەرێت. ئەگەر پەرلەمانی ئیسلامی و «شۆرای نیگەهبان» پەسەندی بکەن، ئەوا یەک تمەن یەکسانە بە سەد قڕان و ١٠ هەزار ڕیاڵ.

پارە لەسەر بنەمای متمانەی گشتی دەگەڕێ و ڕەمێنی هەیە، ئەگەر بێت و خەڵک متمانەیان پێ نەمێنێت، ئەوا لە کۆڵی دەکەنەوە، واتە لە ترسی کەمبوونەوەی زیاتری بەهاکەی دراوی تر یان زێڕی پێ دەکڕن، یان پارەکە سەرگەردان دەبێ و هەر کون و کەلێنێکی دەست کەوێت خۆی تێ دەخزێنێت، وەک چۆن ئەم ماوەیە ڕووی کردە بازاڕی بوورسی ئێران، یان ڕوو دەکاتە بەشی نافەرمیی ئابووری.

سیاسەتی لابردنی سفر لەو وڵاتانەدا ڕەچاو دەکرێت کە بەردەوام بڕی نەختینەیان زۆر دەبێت و تووشی هەڵاوسانی کردوون و ئەمەش بەهای پارەکەیانی کەم کردووەتەوە و لاوازی کردوون؛ کە بەهای پارە کەم دەبێتەوە خەڵک لە بەرامبەر دراوی بەهێزی وڵاتانی تردا خۆ بەکەم دەزانن، بۆ کڕینی شمەک دەبێ پارەیەکی زۆر لەگەڵ خۆیان هەڵبگرن، کرداری هەژمارکردن زۆری دەوێت، تێچووی لەچاپدانی پارە زیاتر دەبێت و دەکەوێتە ئەستۆی حکوومەت و خەڵک، متمانەی خەڵک بە پارە کەم دەبێتەوە و لەوانەیە وای لێبێت خەڵک دراوی وڵاتانی تر لە جیاتی پارەی وڵاتەکەیان بەکاربهێنێن کە ئەمە ئابووری دەخاتە ژێر کارتێکەری بازاڕیی دارایی نێودەوڵەتییەوە.

ئەگەر ئەم کێشەیە بەردەوام بێت، ئەوا کارامەیی و بوونی بانکی ناوەندی و حکومەت ئەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، وەک چۆن دەمێکە ئەم دامودەزگایانە لە ئێراندا ناکارامەییان دەرکەوتووە.

لێرەدایە کە بانکی ناوەندی دەست بەکار دەبێ و هەوڵ دەدات لە چەند ڕێگەیەکەوە کە یەکێکیان کەمکردنەوەی سفری سەر پارەیە، متمانەکە بگەڕێنێتەوە و پارەکەی بەهێز بکات.

بەگشتی مەبەست لە لابردن یان گۆڕینی ناوی پارە بۆ ئەم خاڵانەیە:

- گەڕاندنەوەی «متمانەی» دەرەکی و بەهێزکردنی پارە
- بەدەستهێنانەوەی شوناس و متمانەی ناوخۆ
- ئاسانکردنی کرداری هەژمارکردن و هەڵگرتنی پارە
- زیاترکردنی شەفافیەت لە کاروباری فەرمیی حکومەت وەک کاروباری بودجە و ڕاپۆرتەکانی بانکی ناوەندی
- کۆنترۆڵکردنی بازاڕی دراو
- کەمکردنەوەی فشاری هەڵاوسان
- پێشگرتن لە بەکارهێنانی دراوی تر
- کەمکردنەوەی یەکەی «ئەسکەناس»

بەڵام مەبەستی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی شتێکی ترە؛

ئەوان پێیان وایە لابردنی سفر، پێگەی ئێران لە ڕووی پارەوە لە ئاست جیهاندا بەرز دەکاتەوە. پێیان وایە ئەوەی کە پارەی ئێران لە لاوازترین دراوەکانی جیهانە و ئێران لە ڕیزی وڵاتانی لاوازدایە، کۆماری ئیسلامی ئێرانی زۆر سووک کردووە، بۆیە دەیانهەوێ ئەمە کۆتایی پێ بهێنن.

گرنگترین هۆکاری لاوازبوونی پارە بۆ تێکچوونی هاوسەنگی نێوان بڕی نەختینەیی (کە دەستاودەست دەکرێت) لەگەڵ ڕێژەی شمەک و خزمەتگوزاریی هەیی (کۆبەرهەمی ناوخۆ، (actual GDP)) کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە. بە پێی ئامارە فەرمییەکان لە ساڵی ١٣٥٧ەوە بڕی نەختینەیی ساڵانە بە ڕێژەی ٢٦٪ زۆر بووە و لە ٢٥٠ میلیۆن تمەنەوە بۆ ٢٣٠٠ هەزار میلیارد تمەن لە ساڵی ١٣٩٨ زۆر بووە، بەڵام گەشەی GDP (شمەک و خزمەتگوزاری) لە دەورووبەری ڕێژەی ٢٪ بووە، بەم شێوەیە:

٢٦٪ زۆربوونی نەختینەیی ٢٪ زۆربوونی GDP

واتە لە ماوەی ئەم چل ساڵەدا بڕی نەختینەیی ٩٢٠٠ قات بەرز بووەتەوە، بەڵام بڕی شمەک و خزمەتگوزاری تەنیا ٥ قات (هێندە).

ئەم جیاوازییە هۆکاری بنەڕەتی هەڵاوسان (کە ئێونجی زۆربوونی ساڵانەی هەڵاوسان لە ١٣٥٧ەوە تا ئێستا نزیکەی ٢٠٪ە) و کەمبوونەوەی بەهای دراوی ئێرانە لە بەرامبەر دراوەکانی تردا.

هەڵاوسان و لاوازبوونی پارە هێزی کڕینی خەڵکی (پارەی) کەم کردووەتەوە، بۆ نموونە، لە ساڵی ١٣٥٧، یەک کیلۆ گۆشتی مەڕ بە ٢٣ تمەن دەکڕدرا، بەڵام ئێستا زیاترە لە ٥٠ هەزار تمەن.

ئێستا لەم دۆخە هەڵاوساناوییەدا و زیدەی بڕی نەختینەیی لە بازاڕدا، کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ سفری سەر پارە لابەرێت. بەپێی ئەزموون و لێکۆڵینەوەکان تەنیا ئەو کاتە لابردنی سفر کاریگەریی ئەرێنی دەبێت کە ئەم خاڵانە بەدی هاتبێتن:

- سەقامگیریی کەشی ئابووریی تەف (macro economy stability)
- کۆنترۆڵکردنی بڕی نەختینەیی بە چەشنێک لەگەڵ ڕێژەی زۆربوونی GDPدا یەکسان بێت، یان خود زۆرکردنی بەرهەمهێنان بۆئەوەی پێبەپێی زۆربوونی بڕی نەختینەیی بچێتە پێش
- کەمبوونی ڕێژەی هەڵاوسان
- کەمبوونی کورتهێنانی بودجە (لە ڕێگەی چاکسازیی بنەڕەتییەوە بۆ ئەوەی حکومەت ئەوەندە لە بانکی ناوەندی پارە قەرز نەکات، واتە پارە لە چاپ نەدات)
- سەربەخۆبوونی بانکی ناوەندی
- جێگیریی نرخی دراو
- نەبوونی هەڵەخەرجی و خەرجی ناپێویستی حکومەت
- بوونی پێوەندییەکی ئاسایی سیاسی و ئابووری لەگەڵ وڵاتانی تردا (ئەم خاڵە زۆر گرنگە)
- بوونی متمانەیەکی زۆری کۆمەڵگە بە سیاسەتەکانی حکوومەت

ئەگەر بەر لە لابردنی سفر، حکوومەت کۆمەڵێک چاکسازیی بنەڕەتی نەکات، ئەوا گرفتەکە چارەسەر نابێ و کاریگەریی نابێ و دیسان بەهای پارەکە کەم دەبێتەوە، وەک چۆن لابردنی سفر لە ڤێنێزۆئێلا و زیمبابوە هیچ کاریگەرییەکی نەبوو.

**ئەگەر بەر لە لابردنی سفر، حکوومەت کۆمەڵێک چاکسازیی بنەڕەتی نەکات، ئەوا گرفتەکە چارەسەر نابێ و کاریگەریی نابێ و دیسان بەهای پارەکە کەم دەبێتەوە، وەک چۆن لابردنی سفر لە ڤێنێزۆئێلا و زیمبابوە هیچ کاریگەرییەکی نەبوو**

زۆر وڵات سفریان لابردووە، هێندێکیان سەرکەوتوو بوون و هێندێکیان نا.

بۆ یەکەم جار لابردنی سفری پارە لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە ئاڵمان جێبەجێ کرا.

لەو کاتەشەوە تا ئێستا نزیکەی بیست وڵات سفری پارەیان لابردووە کە هێندێکیان وەک تورکیە، کۆریا، روسیە و ئیسرائیل ئامانجەکەیان پێکاوە و سەرکەوتوو بوون و هێندێکیان نا؛ هێندێ وڵات چەند جارێک سفرییان لابردووە بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، بۆ نموونە، ئارژانتین ٤ جار، یێگۆسلاڤیای پێشوو ٥ جار، برێزیل ٦ جار، بۆلیڤی ٢ جار و ئۆکراین سێ جار.

چەند نموونەیەک:

برێزیل؛ لە ١٩٣٠ەوە تا ئێستا لە ٦ جاردا ١٨ سفری لابردووە و ٨ جار ناوەکەی گۆڕیوە.

لە ١٩٣٠ تا ١٩٤٢ ڕێژەی هەڵاوسانی لەڕادەبەدەر بەرز بوو، ئەمەش وایکرد لەو ماوەدا دوو جار ناوی دراوەکەی بگۆڕێت. لە دەیەی ١٩٦٠ تا ١٩٧٠ ڕێژەی هەڵاوسانی ئێجگار بەرز بوو و بەهای دراوەکەی مانگانە بە ڕێژەی ٣٠٪ تا ٤٠٪ کەم دەبوویەوە.

لە ١٩٦٧ ناوی پارەکەی گۆڕی بۆ کروزێرۆی نوێ (New Cruzeiro)، بەڵام نەیتوانی هەڵاوسان کۆنترۆڵ بکات و لە ١٩٨١ ڕێژەکەی گەیشتە ١٥١٪ و لەو کاتەدا سێ سفری لابرد.

دیسانەکە لە ١٩٨٩ هەڵاوسان بە ڕێژەی ١٤٣٪ بەرز بوویەوە و وایکرد حکومەت چەند سفرێک لابات و ناوی دراوەکەی بگۆڕێت. لە ١٩٩٣ هەڵاوسان گەیشتەوە ٢٠٠٠٪ و دیسان سێ سفری لابرد.

حکوومەت هەوڵی دا هەڵاوسان کۆنترۆڵ بکات، بەڵام هێشتا سەرکەوتوو نەبووە و ئارژانتین گرانترین وڵاتی ئەمریکای لاتینە.

زیمبابووە؛ لە ٢٠٠٣ کاتێک ڕێژەی هەڵاوسان گەیشتە ١٠٠٠٪، حکومەتی ڤێنزۆئێلا هەوڵی دا سێ سفری سەر پارەکەی لابات.

حکوومەت لە کردەوەدا هیچ هەنگاوێکی بۆ کەمکردنەوەی هەڵاوسان هەڵنەهێنا و تەنیا باری دەروونی لا گرنگ بوو، بۆیە لە پاش ماوەیەک دیسان هەڵاوسان دستی پێکردەوە و دۆلاری زیمبابووە هەرەسی هێنا. ڕێژەی هەڵاوسان بۆ زیاتر لە سەدا ١١ ملیۆن (١١٠٠٠٠٠٠٪) بەرز بوویەوە، حکومەت بایی ١٠٠ میلیۆن دۆلار billsی خستە ڕوو کە ئەمەش نەک کێشەکەی چارەسەر نەکرد بەڵکوو بووە هۆی کێشە لە بازرگانی و لە کرداری هەژمارکردنی حیسابەکاندا. ڕێژەی زۆری نەختینەیی لەم وڵاتەدا بووەتە گرفتێکی سەرەکی بۆ خەڵک.

ڤێنزۆئێلا؛ حکوومەتی نیکۆلاس مەدۆرا لە هاوینی ساڵی پێشوودا (٢٠١٨) پێنج سفری پارەکەی لابرد و ناوی نا بۆلیڤاری سەربەخۆ (Soberano Bolivar)، بەڵام لەبەرئەوەی بەرلەم لابردنە هیچ چاکسازییەکی نەکرد و هەر وەک پێشتر پارەی لە چاپ دەدا، ئەوا ئەو سیاسەتە هیچ ئاکامێکی نەبوو و دیسان هەڵاوسان بەرز بوویەوە و بەپێی سندوقی نێودەوڵەتی دراو (دراودان) ڕێژەی هەڵاوسان لە ٢٠١٩دا گەیشتە سەدا ١٠میلیۆن (١٠٠٠٠٠٠٠٪).

تورکیە؛ لە دەیەی ١٩٨٠ ئابووریی تورکیە تووشی هەڵاوسانێکی زۆر بەرز هاتبوو، لە ساڵی ٢٠٠٠ خەڵک بۆ کڕینی نان دەبوو چەند میلیۆن لیرە پارە بدەن، یەک سەندویچ بە سێ میلیۆن لیرە بوو. لە ٢٠٠٥ تورکیە ٦ سفری پارەکەی لابرد، بەڵام بەر لە لابردنی سفرەکە، بە هاوکاریی سندوقی نێودەوڵەتی دراو چەند چاکسازییەکی لە چۆنییەتی خەرجیی حکوومەت و سیستەمی بانکیدا کرد و توانی هەڵاوسان کۆنترۆڵ بکات، بۆیە سیاسەتی لابردنی سفر لەوێ سەری گرت.

ئەم سیاسەتەی لابردنی سفری سەر پارە و گۆڕینی ڕیاڵ بە تمەن سیاسەتێکی ڕووکەشانەیە و ناوەڕۆکی ئابووری دەست لێ نادرێت، واتە دۆخ و کەش و پێکهاتەی ئابووریی ئێران کە پێویستی بە چاکسازیی ڕاستەقینە هەیە، دەستی لێنادرێت، بۆیە تا ئەم کێشانەی خوارەوە لە ئابووریدا هەبن ئەم سیاسەتە سەر ناگرێت:

- ئابووریی دەوڵەتی بێ پرنسیپ و بوونی ڕێنتخۆری
- سەربەخۆنەبوونی بانکی ناوەندی و سیستمی ناکارامەی بانکیی ئێران
- گەورەبوونی قەبارەی حکومەت و زۆربوونی خەرجییەکانی حکوومەت
- بوونی سزای سەر ئابووریی ئێران کە تا دێت زیاتریش دەبێت
- کۆنترۆڵنەکردنی هەڵاوسان
- زۆربوونی بێ بەرنامەیی بڕی نەختینەیی
- کەمبوونەوەی زۆری داهاتی نەوت لەم کاتەدا
- گەشەی ژێر سفری ئابووریی ئێران کە بە واتای بچووکبوونەوەی زیاتری ئابوورییە
- لەبارنەبوونی کەشی ئابووری بۆ وەبەرهێنان و کاروکاسبی
- نەبوونی هیچ بەرنامەیەکی ڕوون و دیاریکراو بۆ چاکسازیی لە ئابووریدا (هەڵبەت ئەم سیستمە هیچ چاکسازییەک هەڵناگرێت).
- خراپبوونی پێوندی ئێران لەگەڵ وڵاتانی تر کە لەسەر حیسابی ئابوورییە
- بەدینەکردنی ئاسۆیەکی ڕوون بۆ ئابووری لە چوارچێوەی ئەم ڕێژیمەدا

لابردنی سفر لە پاش کۆمەڵێک چاکسازیی ئابووری، دارایی و یاساییەوە دەکرێت، ئەمەی ئێران زیاتر بۆ بانگەشەی سیاسی و بۆ ئەوەیە ڕاتەکانێکی دەروونی لە خەڵکدا دروست بکات و بەو ڕاتەکانە هەڵاوسان و کەمبوونەوەی بەهای دراوەکەی پێ ڕابگرێت، لەوانەیە بۆ ماوەیەکی زۆر کورت چارەسەر بێت، بەڵام دیسان هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی هەڵاوسان دەست پێدەکەنەوە و هەڵاوسان بەرز دەبێتەوە و لەگەڵ خۆیدا دیسان بەهای پارە کەم دەکاتەوە.







**ئەم سیاسەتەی لابردنی سفری سەر پارە و گۆڕینی ڕیاڵ بە تمەن سیاسەتێکی ڕووکەشانەیە و ناوەڕۆکی ئابووری دەست لێ نادرێت، واتە دۆخ و کەش و پێکهاتەی ئابووریی ئێران کە پێویستی بە چاکسازیی ڕاستەقینە هەیە، دەستی لێنادرێت**

# پەلەقاژەی شاردنەوەی خوێنڕشتن

**شەماڵ تەرغیبی**

ساڵانێکی دوورودرێژە کە سەرانی کۆماری ئیسلامی بە وانەوەرگرتن لە دەسەڵاتبەدەستانی پێش لە خۆیان و بەپێی پێناسەیەک کە لە عەداڵەت و دەسەڵاتداری کردوویانە و بۆ جێگیرکردنی ئەو جۆرە لە حکومەت کە ویستوویانە، دەستیان لە ڕشتنی خوێنی گەورە و بچووک نەپاراستووە و هەر جارەو بە ناوێک هەوڵی پاکتاوکردنی خەڵکانی ناڕازی و دەمکوتکردنی دژبەرانی خۆیان داوە.

ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە ڕابردووی ئەم ڕێژیمە ئەو وتە مێژووییەمان جارێکی تر بۆ زیندوو دەکاتەوە کە «داگیرکەر بە کوشتن و تاڵان و تاوانەوە ماوە» و ئەمە ڕەمزی بەردەوامی لە حوکمڕانییەتی!

یەکێک لەو نموونە زیندووانە کە هەنووکەش پاش زیاتر لە شەش مانگ هێشتا مژاری باس و خواستی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکانی ئێرانە، پرسی کوشتاری بێبەزەییانەی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ڕابردووە کە لە زیاتر لە ١٠٠ شاری ئێران و بەدوای گرانکردنی نرخی بێنزین هاتە ئاراوە و وەک ڕۆیتێرز ئاماژەی پێکرد زیاتر لە ١٥٠٠ کەس بەهۆیەوە لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمەوە کوژران بەڵام پاش ئەم ماوە دوور و درێژە هێشتا هیچ ئامارێک لەپێوەندی لەگەڵ گیراوان و کوژراوانی بەشێوەی فەرمی لەلایەن ناوەندە پێوەندیدارەکانەوە نەدرکاوە! نەتەنیا هیچ ئامارێکی باوەڕپێکراو لەمبارەوە بڵاو نەکراوەتەوە بەڵکوو لەوپەڕی ڕووهەڵماڵراویدا وەزارەتی نێوخۆی ڕێژیم لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕایگەیاندووە: «لە کوشتاری خەزەڵوەردا ئێمە هیچ نەخشێکمان نەبووە!» ئەمەش دوای ئەوە هاتە گۆڕێ کە چەند نوێنەرێکی مەجلیسی ڕێژیم، شەخسی وەزیری نێوخۆیان وەک تۆمەتباری ئەو جینایەتە ناساند.

یاری کردن بە خوێن و عەقڵ و کەرامەتی تاک لە کۆمەڵگای ئێران لەلایان ڕێژیمە یەک لەدوای یەکەکانی زاڵ بەسەر ئەم ولاتە پرسێکی نامۆ نییە و ساڵانێکی دوورودرێژە کە «ناوەند» بەرامبەر بە گەلانی نیشتەجێ لە جوغرافیای ئێران ئەم شێوەڕوانین و سیاسەت کردنەیان گرتۆتە بەر.

کاتێک خومەینی، وەک گەورەترین جەلادی زەمانە نوسخەی بۆ شوێنکەوتووە گوێ لەمستەکانی و دەسەڵاتدارانی دوای خۆی پێچایەوە و شەڕی بە نیعمەتی ئیلاهی زانی، ڕوون بوو کە ئامانجی ئەم شەڕخوازییە لایەنێکی دیاریکراو نییە بەڵکوو تەواوی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ئەویان قبووڵ نییە؛ چ سەدام حسەین بێ، چ ئامریکا و ئیسرائیل و چ نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران.

هەر ئەمەش وای کرد کە لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا مەغۆڵئاسا کەوتە گیانی هەزاران و میلیۆنان مرۆڤی بێتاوان و ئەوپەڕی دڕندەیی و نەهامەت بوونی خۆی سەلماند تاکوو گرێ دەروونییەکانی دامرکێنێتەوە بەڵام ئەوەی ڕوون بوو ئەم بناغە هەروا زوو کۆتایی پێ نایەت و پاش ئەویش، میراتگرە خوێنمژەکانی کە لە هەمان تیرە و تەبار بوون، ڕێچکەی تاڵانکاری و تاوانباری دەگرنە بەر و بێ سڵەمینەوە لە سەر شەقام و لەپێش چاوی سەدان میلیۆن مرۆڤ و بێشەرمانە چەک لە کاسبکار و بازاڕی و خوێندکار و ژن و منداڵ دەکێشن تا جینایەتی خەزەڵوەر بقەومێنن و بسەلمێنن کە خوێنمژتر لە خۆیان بوونی نییە.

وەک بڵەی بیانهەوێ لە کێبڕکێی قاتڵانی مێژوودا پشتی مائۆ و هیتلێر لە عەرز بدەن و لە لووتکەی خشتەی تاوانباراندا دابنیشن.

کەم نەبووە ئەو سووکایەتییانەی کە ڕێژیمی تاران دەرحەق بە گەلانی ئێران کردوویەتی و ئێستەش لێیان بەردەوامە؛ سووکایەتیگەلێک کە ئامانجێکی گشتی لە پشتە و ئەویش پاکتاوی شوناسیی ئەم نەتەوانەیە کە نموونە لەوبارەوە زۆر و زەوەندە؛

پەراوێزخستنی زمانی کوردی لە سیستمی پەروەردەدا سەرەڕای ئەوەی لە قانوونی بنەڕەتی وڵاتدا هاتوە، گۆڕینی ناوە کوردییەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، هەوڵدان بۆ گۆڕینی دیموگرافیای کوردستان، ناوچە عەرەبنشینەکان و ...، چەواشە و گۆڕینی مێژوو و وانەکانی خوێندن لە قازانجی نەتەوەی وەهمیی ئێراندا، سووکایەتی پێکردن و دواکەوتوو نیشاندانی فەرهەنگ و نەریت و زمانی نەتەوەی کورد و باقی نەتەوەکان، تێکدانی ئابووری، کلتوور، ژینگە و مێشکی تاکەکان لە کوردستان، بێبەش کردنی خەڵکی ئەو هەرێمانەی کە نەتەوە ستەملێکراوەکانی تێدا دەژین لە زۆربەی ئیمکانات و ئامرازەکانی خۆشبژێوی، سڕینەوەی فیزیکی تاکە بەرهەڵستکارەکانی سەر بە نەتەوەکان، هەوڵدان بۆ سڕینەوەی هێما نەتەوەییەکانی ئەم گەلانە، تووش کردن کۆمەڵگە بە پەتا و دیاردەی دزێو و ماڵوێرانکەری وەک ئیعتیاد و ... کە لەم نێوانەدا کورد پشکی شێری بەرکەوتووە، تەنیا چەند نموونەیەکن بۆ تێکدانی باری دەروونی ئەم گەلانە تا دواجار تێکشکاندنی کەسایەتییانی لێ بکەوێتەوە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تێڕوانینی ڕێژیم بەنیسبەت کوردستانەوە زۆر جیاوازتر بووە و ئاستی هەڵاواردن و دووچاوگییەکانی بەرامبەر بەم هەرێمە زۆر زیاتر بووە؛

ئەوەیکە روونە کۆماری ئیسلامی لە پێوەندیی لەگەڵ داماڵینی بایەخ و نۆرم و بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردستان زۆر ورد و بەپێی پرۆژە لە ڕۆژهەڵات جووڵاوەتەوە و بۆ بەئاکام گەیاندنی مەبەستەکانی خۆی لە هەموو ئامرازەکانی بەردەستی کەڵکاوەژووی وەرگرتووە و بەپێی زار و ئایین و ئایینزای جۆراوجۆری کۆمەڵگەی کوردیی، پیلان و شێوازی جۆراوجۆری ڕەچاو کردووە.

پڕئاشکرایە کە بەشێکی بەرچاو لە کوردستانی خۆرهەڵات پێڕەوی ئایینزای شیعەن و ئەو ڕووبەرەی ڕۆژهەڵات کە شیعەنشینە، خاوەن دەوڵەمەندترین سەرچاوەی ژێرزەوینی و بانزەوینییە، هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی کە خۆی بە ناوەند و ڕێبەرایەتی بەرەی شیعی جیهانی دەزانێ هەوڵی داوە زیاترین کەڵک لەو هەستە ئایینییە وەربگرێ و لە خەسارگەیاندنی بە زمانی کوردی و نەتەنیا زمان بەڵکوو شوناسی دانیشتووانی پارێزگەکانی کرماشان و ئیلام و لوڕستان و بەگشتی ئەو ناوچانەی کە بە باشووری زاگرۆس دەناسرێن لە هیچ هەوڵێک درێغی نەکردووە.

بەڵام سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لە دەیەی چوارەم و تەنانەت پێش ئەو دەیەیەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیشدا، هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی لەو بەشانە بەردەوام خۆی بەرهەم هێنایەوە و ئەو ئامانجەی کە ڕێژیم توورەکەی بۆ هەڵدوریبوو، بووە بڵقی سەر ئاو و باشووری زاگرۆس وەک ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێش گەشایەوە و هەموو ریسەکانی ڕێژیمی کردە خوری، بە چەشنێک کە هەنووکە باشووری زاگرۆس لە بواری خەباتی مەدەنی و شوناسخوازییەوە لە لووتکەدایە و فۆبیا و ترسی داگیرکەران لە کورد و کوردایەتی گەیشتە ئاستێک کە لە خەزەڵوەری خوێنیندا کرماشان و شارەکانی زۆرترین کوژراو و برینداری لێکەوتەوە. تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ریژیم لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کرماشان و جوانڕۆ و ئیلام دوای ئەوە هاتە گۆڕێ کە شێرەکوڕانی ئیلام و لەک و کەلهوڕ دەست بە تفەنگ دەنگی رزگاریخوازی و کوردایەتییان بە گوێی داگیرکەراندا خوێند و سەلماندیان کە سیاسەتی داگیرکارانەی ڕێژیم شکستی هێناوە و باشووری زاگرۆس چەقی خەباتێکی سەختە لەدژیان و ئەو پەیامەی پێ دان کە کۆڵەکەی ئەو شارستانییەت و فەرهەنگەی خەریک بوو بە سووک کردنی شارستانییەت و فەرهەنگی نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەتیش نەتەوەی خاوەن ڕابردووی کورد، خۆی بینا بکا و سەر لە ئاسمان بسوێ، ئێستا لە ژێر پێی تێکۆشەرانی کورد و بەتایبەت کوردانی باشووری زاگرۆسدا دەناڵێنێ.

بەگشتی و بەکورتی ئەوەیکە دەبێ پێمل بین پێی ئەو کەتوارەیە کە ڕێژیم نەیتوانیوە و ناتوانێ بە گەنم گەنم کردنی خوێنی ئازادیخوازان و شەهیدانی سەر شەقام و نکۆڵیکردن لە ویستە بەرحەقەکانی گەلانی ئێران، کۆتایی بەم ڕەوت و ئاقارە ئازادیخوازانەیە بێنێت و ئەو ڕێگەی کە ئەو گرتوویەتە بەر هەمان ڕێچکەی دیکتاتۆرانی زەمانە کە تاران نەیتوانیوە وانەیان لێوەر بگرێ.

**کۆماری ئیسلامی لە پێوەندیی لەگەڵ داماڵینی بایەخ و نۆرم و بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردستان زۆر ورد و بەپێی پرۆژە لە ڕۆژهەڵات جووڵاوەتەوە و بۆ بەئاکام گەیاندنی مەبەستەکانی خۆی لە هەموو ئامرازەکانی بەردەستی کەڵکاوەژووی وەرگرتووە و بەپێی زار و ئایین و ئایینزای جۆراوجۆری کۆمەڵگەی کوردیی، پیلان و شێوازی جۆراوجۆری ڕەچاو کردووە**

**تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ریژیم لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کرماشان و جوانڕۆ و ئیلام دوای ئەوە هاتە گۆڕێ کە شیرەکوڕانی ئیلام و لەک و کەلهوڕ دەست بە تفەنگ دەنگی رزگاریخوازی و کوردایەتییان بە گوێی داگیرکەراندا خوێند و سەلماندیان کە سیاسەتی داگیرکارانەی ڕێژیم شکستی هێناوە و باشووری زاگرۆس چەقی خەباتێکی سەختە لە دژیان و ئەو پەیامەی پێ دان کە کۆڵەکەی ئەو شارستانییەت و فەرهەنگەی خەریک بوو بە سووک کردنی شارستانییەت و فەرهەنگی نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەتیش نەتەوەی خاوەن ڕابردووی کورد، خۆی بینا بکا و سەر لە ئاسمان بسوێ، ئێستا لە ژێر پێی تێکۆشەرانی کورد و بەتایبەت کوردانی باشووری زاگرۆسدا دەناڵێنێ**

# حەشیمەتی پیر، وڵاتی لاواز، داهاتووی ناڕوون

**جاقل**

ڕاوێژکاری باڵای وەزارەتی لەشساخی کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاندووە: تا ٣٠ ساڵی تر ئێران دەبێتە پیرترین وڵاتی جیهان بەچەشنێک کە لە نێوان ٣ کەس یەک کەسیان سەروو ٦٠ ساڵ تەمەنیان دەبێ! بەپێی دوایین زانیارییەکانی ئەم وەزارەتخانەیە کە بە بیانووی «ڕۆژی نیشتمانی حەشیمەت» درکاوە، ڕێژەی وەچەخستنەوە و زاوزێ لە ئێران ساڵ لەگەڵ ساڵ کەمی کردووە و ئەم ڕەوتەش هەروا بەردەوامە.

محەممەد ئیسماعیل ئەکبەری لەمبارەوە وتوویەتی: «لە ساڵی ٩٨دا بەبەراورد لەگەڵ ساڵی پێشوتر ١٧٠ هەزار منداڵ کەمتر لە دایک بوون کەواتە نرخی گەشەی حەشیمەتی ئێران هەنووکە کەمتر لە ١٪ە.»

بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە لە دوو ڕەهەندەوە جێگای باس و مشتومڕە؛ یەکەم ناڵەباربوون و نەگونجاوبوونی دۆخی ژیان، چ لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چ لەڕووی ئابووری و فەرهەنگییەوە، و دووهەم وڵامنەدانەوەی خەڵکانی نیشتەجێ لە ئێران بە داخوازی و داواکارییەکانی ڕێژیم و لەسەرووی هەمووان عەلی خامنەیی!

ساڵانێکی دوورودرێژە کە لە هەموو بوارە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگییەکانەوە، نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران دەچەوسێندرێنەوە؛ بێکاری، گرانی، هەژاری، بەرزبوونی نرخی چارەڕەشی، نەبوونی هیوا بە داهاتوو، مراندنی حەز و خولیاکان، دەرگیربوون لەگەڵ چەندین شەڕی ماڵوێرانکەر، گرتن، ئەشکەنجە، کوژران، ئێعدام، مین و دەیان و سەدان دیاردە و قەیرانی تری گەورە و بچووک وێنایەکی ڕووتن لەو ژیانە کوڵەمەرگییەی کە لە سێبەری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا یەخەی ئەم گەلە چەوسێندراوانەی دادڕیوە و لێی نابێتەوە.

کۆی ئەم گرفت و کێشانەش وایان کردووە کە دەبینین لاوانی ئەم وڵاتە بەهۆی ترس لە داهاتووی ناڕوونیان ئامادە نین مل بۆ خواستە کەسۆکییەکانیان یان داخوازیی بنەماڵەکانیان و عورفە کۆمەڵایەتییەکان ڕابکێشن و بەردەوام خۆیان لە پرسی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش دەشارنەوە؛ یان تەنانەت ئەگەر ملکەچی خواستە دەروونی و بەرحەقە ئینسانییەکانیان ببن، بەپێچەوانەی مەیلی دەروونییان ئامادە نەبوون پڕۆسەی وەچەخستنەوە کە پرسێکی سرووشتی بوونەوەرەکانی گۆی زەوییە جێبەجێ بکەن، کە ڕەنگە نموونەی لەو چەشنە زۆر و بێ‌ئەژمار بێت!

کەواتە بێ دڕدۆنگی و دوودڵی دەتوانین بێژین یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی کەمبوونەوەی نرخی زاوزێ لە ئێران بۆ ناسەقامگیرییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە، واتە بە زیادتربوونی گرفتە ئابوورییەکان ڕێژەی وەچەخستنەوەکانیش کەم و کەمتر دەبنەوە.

ڕەهەندێکی دیکەی ئەم باسە دەتوانێ نافەرمانییەکی خۆڕسکی دانیشتووانی جوغرافیای ئێران بێت بەرامبەر بە دەسەڵات و لەسەرووی هەمووان عەلی خامنەیی کە لانیکەم لە ساڵی ٩٣ بەملاوە بەردەوام بانگەشە و پڕوپاگەندای ئەوە دەکەن کە ئێران دەبێ خاوەن حەشیمەتی چەندسەد میلیۆنی بێت و عەیبە بۆ وڵاتێکی وەک ئێران کە تەنیا ٨٠ میلیۆن حەشیمەتی هەبێ!

عەلی خامنەیی لە ساڵی ٩٣دا بە فەرمی باسی لەوە کرد کە دەبێ بۆ پێشکەوتنی «ئێران» خەڵک لە سیاسەتی یەک منداڵی و دوومنداڵی دوور بکەونەوە و هەوڵ بۆ خستنەوەی وەچەی زیاتر بدەن تاکوو ئێران ئاوەدان ببێتەوە و خەونی دوژمنان لە گۆڕ بنرێ!!! لەم ڕاستایەشدا دەیان فیلم و سریاڵ سازکران و سەدان نووسراوەی سەیر و سەمەرە لە دەزگا ژاراوییە تەبلیغییەکانی ڕێژیمەوە شەو و ڕۆژ بە گوێی خەڵکیاندا دەدا کە ڕێبەر وای فەرمووە و دەبێ ملکەچ بن! بەڵام چاوکراوەیی خەڵک ئەم سیاسەتەشی وەک زۆریک لە بەرنامە و پیلانەکانی دیکەی کردە بڵقی سەر ئاو، چونکە خەڵک باش لەوە تێگەیشتوون کە ڕێژیم نەک بۆ ئاوەدانی وڵات بەڵکوو بۆ وەدەستخستنی هێزی مرۆیی زیاتر و ملکەچتر هەوڵ دەدات تاکوو بە پەروەردە و بارهێنانە ژاراوییەکانی خۆی خەڵکانی گوێ لە مستی ئاڵقەلەگوێ وەدەست بێنێ کە پیلانە دژەمرۆییەکانی پێ جێبەجێ بکات.

خەڵک هەنووکە بەباشی لەو کەتوارە گەیشتوون کە ئەگەر پرسێکی جێگەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ هەبێ، قەیرانە قووڵە ئابوورییەکان و ئەو گرفتانەیە کە دەبنە بەربەستی سەر ڕێگەی ژیانی خەڵک؛ ئەگەر شتێک جێگەی نیگەرانی بێت ئەوا قەیران و چەلێنجە ژینگەییەکانە کە تەنانەت بڕستی لە ژیانیش بڕیوە؛ ئەوەیکە دەبێ لێی بترسین و وریای بین هەوڵدانە بەردەوامەکانی ڕێژیمە بۆ هەڵایسانی شەڕ؛ ئەوەیکە جێگەی ترسە قاتوقڕکردنی خەڵک و برسیەتییە کە خەڵک ناچار دەکات لە زبڵدانەکاندا نانی شەوانەیان وەدەست بخەن؛ کە کۆی ئەمانە دەرەنجامە سیاسەتە کەلان و وردەکانی ڕێژیمە و هیچی تر. ئەمە ئەو کەتوارەیە کە خەڵک لێی تێگەیشتوون!

**خەڵک باش لەوە تێگەیشتوون کە ڕێژیم نەک بۆ ئاوەدانی وڵات بەڵکوو بۆ وەدەستخستنی هێزی مرۆیی زیاتر و ملکەچتر هەوڵ دەدات تاکوو بە پەروەردە و بارهێنانە ژاراوییەکانی خۆی خەڵکانی گوێ لە مستی ئاڵقەلەگوێ وەدەست بێنێ کە پیلانە دژەمرۆییەکانی پێ جێبەجێ بکات**

**ئەگەر شتێک جێگەی نیگەرانی بێت ئەوا قەیران و چەلێنجە ژینگەییەکانە کە تەنانەت بڕستی لە ژیانیش بڕیوە؛ ئەوەیکە دەبێ لێی بترسین و وریای بین هەوڵدانە بەردەوامەکانی ڕێژیمە بۆ هەڵایسانی شەڕ؛ ئەوەیکە جێگەی ترسە قاتوقڕکردنی خەڵک و برسیەتییە کە خەڵک ناچار دەکات لە زبڵدانەکاندا نانی شەوانەیان وەدەست بخەن؛ کە کۆی ئەمانە دەرەنجامە سیاسەتە کەلان و وردەکانی ڕێژیمە و هیچی تر**

# بێسەروشوێنکردنی تاکەکان، تاوانێک دژ بە مرۆڤایەتی

**ڕامان**




ڕۆژی سێشەممە ٢٣ی بانەمەڕی ساڵی ٩٩ی هەتاوی ڕێکخراوەی لێبوردنی نێونەتەوەی بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک داوای لە بەرپرسانی دەسەڵاتی ئێران کرد کە بە زووترین کات چارەنووس و شوێنی ڕاگیرانی چوار زیندانی سیاسی بە ناوەکانی حوسێن سەیلاوی، عەلی خەسرەجی، ناسر خەفاجیان و هیدایەت عەبدوڵاپوور ڕوون بکاتەوە. ڕێکخراوەی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە بەیانیەکەیدا ئاماژە بەو خاڵە دەکات کە پرۆسەی دادگایی کردنی ئەم کەسانە ناڕوونە و داوای ئەوە دەکات کە لە دادگایەکی دادپەروەرانەدا موحاکمە بکرێن، هەر چەند لە وڵاتی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا یاسایەک دژ بە مافەکانی مرۆڤ پەیڕەوی دەکرێ بەڵام تەنانەت لە دۆسیەی ئەم بەندکراوانەدا پەیڕەوی لە یاسای کۆماری ئیسلامیش نەکراوە؛ بۆ نموونە هیدایەت عەبدوڵاپوور ٧٤ ڕۆژ لە ژووری تاکەکەسی ڕاگیراوە و لە ژێر دڕندانەترین ئەشکەنجەکاندا بووە و لە پرۆسەیەکی دادگای نادادپەروەرانە و تەنانەت دژ بە یاساکانی کۆماری ئیسلامیش و بە یاساکانی کۆماری ئیسلامیش لە خراپترین دۆخدا وەک ئەندامی ناوخۆی هێزێکی کوردستانی بە پێی مادەی ٤٩٩ یاسای سزای ئیسلامی دەبوایە بە پێنج ساڵ بەندکران مەحکوم کرایە بەڵام بە گوشاری سپای پاسداران و پێداگری لەسەر ئەوەی کە دەبێ هیدایەت بۆ چاوترسێن کردن و پێشگرتن بە ڕابوون و ڕاسانی نەتەوەی خاکی داگیرکراوی زاگرۆس لە سێدارە بدرێت ئەم سزا نامرۆڤانەیان بەسەردا سەپاند؛ هەرچەند لقی یەکی دادگای ورمێ لە ژێر گوشاری سپای تیرۆریستی پاسداراندا حوکمی سێدارەی بە سەر ئەم هاووڵاتییە کوردەدا سەپاند بەڵام ئەم حوکمە لە لایەن لقی ٤٧٧ی دیوانی باڵای وڵاتەوە ڕەت کرایەوە و بۆ پێداچوونەوە ڕەوانەی لقی دووی دادگای ئینقلابی ورمێ کرا و دیسان لە ژێر گوشاری سپای تیرۆریستی پاسداراندا و لە پرۆسەیەکی دادگاییکردنی ناڕوون و نایاساییدا-تەنانەت بە پێی یاساکانی کۆماری ئیسلامیش- بە لە سێدارەدان مەحکووم کرایەوە.

ڕێکخراوەی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەیدا ئاماژە بەو خاڵە دەکات کە ئەم کردەوەی ڕێژیم وەک بێسەروشوێن کردنی زۆرەملی دێتە ئەژمار و بە جەنایەتێک دژ بە مرۆڤایەتی پێناسەی دەکات. شایانی ئاماژەیە کە سێ کەسیان نزیک بە دوو مانگە و زیندانی سیاسی مەحکوم بە ئێعدامی کورد هیدایەت عەبدوڵاپووریش ماوەی دە ڕۆژە و پاش ئەوەی بە فێڵ لە بەندی بەندیخانەی ورمێ بانگ کراوەتە دەرەوە بێسەروشوێنە و لە چارەنووسیان هیچ زانیارییەک لەبەردەستدا نییە و کاتێک بنەماڵەی کاک هیدایەت بۆ ڕوونکردنەوەی چارەنووسی کوڕەکەیان سەردانی ناوەندە بەرپرسیارەکان دەکەن هیچ وڵامێکیان نادرێتەوە و تەنانەت بێڕێزیشیان پێدەکرێ.

کۆنوانسیونی بێسەروشوێن کردنی زۆرەملی ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات کە بێسەروشوێن کردنی زۆرەملی وەک ڕێگایەک بۆ دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ لە ناو کۆمەڵگادا کەڵکی لێوەردەگیرێت. ئەو هەستی پارێزراونەبوونەی کە لەم ڕێگەوە بەدی دێت تەنیا بە بنەماڵە و ناسیاوانی ئەو کەسەوە بەرتەسک ناکرێتەوە و کاریگەری لەسەر گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دادەنێت، وەک ڕوونە ڕێژیم بە بێسەروشوێن کردنی ئەم بەندیانە دەیهەوێت بە دروست کردنی ترس و دڵەڕاوکێ لە سەرانسەری وڵات و بەتایبەت لە نێو نەتەوەکانی کورد و عەرەبدا بە پیشاندانی هێزی سەرکوت و تۆقاندن بەر بە هەرچەشنە نارەزایەتییەک بگرێت.

لە ڕۆژژمێری جیهانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ٣٠ی ئوت وەک ڕۆژی بێسەروشوێن کردنی زۆرەملی دیاری کراوە. لە چەند بەڵگەنامەی نێونەتەوەییدا وڵاتانی جیهان نیگەرانی خۆیان لەمەڕ بەڕێوەچوونی ئەم جینایەتە دژەمرۆڤییە دەربڕیوە-وەک ڕاگەیەندراوی ١٣٣/٤٧ – و باس لەوە دەکەن کە دەسەڵاتەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لەم شێوازە نامرۆڤانە کەڵک وەردەگرن و ئەم چەشنە کردەوانە بە پشتیوانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دەسەڵات بەڕێوە دەچێت و بەڕێوەبردنی ئەم تاوانە لە هەموو دۆخێکدا بە نایاسایی و دژی مافەکانی مرۆڤ پێناسە دەکرێت و کاتێک لە لایەن دەسەڵات و بە شێوازێکی سیستماتیک و بە ڕێژەیەکی زۆر بەڕێوە ببرێت وەک جینایەتێک دژ بە مرۆڤایەتی ناوزەد دەکرێت. پەیڕەو پرۆگرامی دیوانی نێونەتەوەیی کەیفەری دیاردەی بێسەروشوێن کردنی ناچاری بەم چەشنە پێناسە دەکات: ڕاگرتن، بەندکردن یان دزینی کەسەکان لە لایەن یان بە ئیزن یان پشتیوانی دەسەڵات یان ڕێکخراوەیەکی سیاسی و پاش ئەوە خۆبواردن لەمەڕ زانیاری لەسەر ئەو تاکە.

بە ڕوودانی بێسەروشوێن کردنی زۆرەملی مافگەلی سەرەتایی مرۆڤ کە لە مافی ژیاندا خۆیان دەنوێنن لە ژێر پێ دەنرێن، لەو مافانەی کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ بێسەروشوێن کردنی زۆرە ملیدا لە ژێر پێ دەنرێن بریتین لە مافی تاک وەک مافێکی یاسایی، مافی ئازادی و تەناهی کەسۆکی، ئەشکەنجە نەکران و هتد. هەروەها بێسەروشوێن کردنی زۆرەملی هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر مافی ژیان و زۆر جاریش خۆی لە ئەستاندنەوەی ئەم مافە سەرەتاییەدا دەردەخات. ئەم دیاردەیە پێشێلکەری ژمارەیەک لە مافگەلی پەسەندکراوی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتوریشە وەک مافی ڕێزدانان بۆ ژیانی بنەماڵە و ڕاستەوخۆ لەژێرپێنانی مادەکانی سێ، پێنج، شەش، حەوت و هەشتی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤە.

لە ساڵی ٢٠٠٦دا هەوڵە نێونەتەوەییەکانی پارێزەرانی مافی مرۆڤ لەمەڕ ڕاگەیاندنی کۆنوانسیۆنێک بۆ پشتیوانی لە هەموو تاکەکان لە هەڤبەر بێسەروشوێن کردنی زۆرە ملی گەیشتە ئاکام و کۆمیتەی نێونەتەوەیی بۆ پشتیوانی لە گشت تاکەکان لە هەڤبەر بێسەروشوێن کردنی زۆرەملی لە ڕێکەوتی ٢٣دێسامبری ٢٠١٠ دامەزرا. ئەم کۆنوانسیونە وپەیڕەوی لێکردنی بۆ هەموو دەسەڵاتەکان زۆرەملییە و بەپێچەوانەی کۆنوانسیۆنی ئەمریکایی دژە بێسەروشوێن کردنی زۆرەملی نێونەتەوەی دنیاگرە و تایبەت بە شوێنێکی دیاریکراوی دنیا نییە.

پێڕاگەیشتن بە تاوانی تاوانباران و بکەرانی بێسەروشوێن کردنی زۆرەملی لە ئەستۆی سیستمی دادوەری ناوخۆییە لە پلەی یەکەمدا بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا سیستمێکی دادوەری سەربەخۆ لەئارادا نییە و خۆی بە شێوازی سیستماتیک کەڵک لە بێسەروشوێن کردنی زۆرەملی وەردەگرێت بۆ لەنێوبردنی دژبەرانی لە وەها دۆخێکدا و بە پێی یاسای نێونەتەوەیی دەکرێ لە دادگا نێونەتەوەییەکان و دادگای وڵاتانی دێمۆکراتیکدا گازەندە لە بکەران و تاوانبارانی ئەم جینایەتانە بکرێت و وەک بکەرانی جەنایەت دژی مرۆڤایەتی موحاکەمە بکرێن کە ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی بنەماڵەی گەورەی هیدایەت عەبدوڵاپور کە دەکاتە تەواوی دانیشتوانی زاگرۆس لە سەرانسەری دنیادا.

**وێستگە**

## ڕەزامەندیی هاوسەر بۆ کار و خوێندن بەربەستێکی گەورە بۆ ژنانە



**نووسین: هێمۆ**

لە لاپەڕەی ٣٣ی فۆرمەکانی ڕێنوێنیی تاقیکاری بۆ وەرگرتنی هاوکار لە بواری پسپۆڕیی ددانپزیشکیدا، فۆرمێک هاتووە کە باس لە ڕەزامەندیی هاوسەر بۆ کارکردنی ژنانی خێزاندار پاش وەرگیران لەم تاقیکارییەدا دەکات.

بەپێی ئەم فۆرمە، هاوسەر ڕەزامەندیی خۆی دەردەبڕێت کە هاوسەرەکەی پاش تەواوبوونی دەورەی فێرکاری، لە هەر شوێنێکدا کە وەزارەتی بێهداشت دیاری بکات، دەست بە کارکردن بکات.

لە ڕاستیدا ئەم فۆرمە و ئیجباری کردنی وەرگرتنی ڕەزامەندی لە هاوسەر بۆ ژنان، جیا لە درووستکردنی کێشە بۆ ژنان لە بەشداری کردن لەم تاقیکارییەدا، نیشاندەری نایەکسانیی ڕەها لە نێوان مافی ژن و پیاو لە کۆمەڵگای ئێراندایە.

بەرپرسی سازمانی سەنجشی ڕێژیمی ئێران لەمبارەوە ڕایگەیاندووە کە ئەم سازمانە هیچ ڕۆڵێکی لە زیادکردنی ئەم فۆرمەدا نەبووە. بە وتەی بێهزاد هووشمەند، دەبیری شۆرای فێرکاریی ددانپزیشکیی وەزارەتی بێهداشت ئەم ڕەزایەتنامەیە ڕووداوێکی تازە نییە و لە ١٥ ساڵ پێشەوە هەبووە، لەلایەکی تریشەوە ئەمەی بە پڕوپاگەندەی میدیاکانی دەرەوە ناو بردووە. لە حاڵەتی یەکەمدا کە باس لە هەبوونی ئەم ڕەزایەتنامەیە لە ١٥ ساڵ پێشەوە تا ئێستا دەکرێت، زانیارییەکان باس لەوە دەکەن کە لە زۆربەی بوارە پزیشکییەکاندا ژنان و کچان ناچار بوون کە ڕەزایەتنامەیەک لە لایەن هاوسەر یان باوکیانەوە وەربگرن کە زۆربەی کاتەکان ئەم ڕەزایەتنامەیە لە لایەن خودی ژنان و کچانەوە واژۆ کراوە نەک کەسێکی تر، کە لەمبارەوە بەپێی تێپەڕبوونی ١٥ ساڵ لەم ڕووداوە جێگەی پرسیارە کە بۆچی تا ئێستا ژنان هیچ کردەوە و چالاکیەکیان بۆ لابردن و نەهێشتنی ئەم یاسایە نەبووە و ئەگەریش کارێک کراوە بۆچی بە ئاکام نەگەیشتووە؟

لە حاڵەتی دووهەمدا کە باس لە پڕوپاگەندە دەکرێت، بەرپرسانی ڕێژیم هەمیشە لە کاتە هەستیارەکاندا کە دەزانن قامکی تاوان بەرەو لای خۆیان و ئیدئۆلۆژیی داسەپاو بە سەر خەڵک و کۆمەڵگادا درێژ دەکرێتەوە هەوڵ دەدەن تاکوو بە درۆوەسف کردنی هەندێک لە ڕووداوەکان، ئەمانە بخەنە پاڵ پیلانەکانی بەناو دوژمنانی خۆیانەوە و زیاتر لە ڕابردوو خەڵک بەلاڕێدا ببەن.

بە گشتی لە کۆمەڵگای ئێراندا کێشەگەلێکی وەکوو نایەکسانیی ڕەگەزی و هەڵاواردن لە درێژەدان بە خوێندن و دیاریکردنی بواری خوێندن بە نیسبەت ژنان بەو مانایەیە کە ژنان لە درێژەپێدانی خوێندن لە هەندێ بواری وەک ئەندازیاری و کارگەلی فەننی بێبەری بن و هەروەها نەبوونی دادپەروەریی ڕەگەزی لە چوونە سەرکار و درێژەپێدانی چالاکییەکان لە بازاڕی کار، سیاسەت و کۆمەڵگادا بۆ ژنان، لەو کێشە سەرەکیانەن کە ژنان لەگەڵیان بەرەوڕوون.

لە ڕاستیدا ئەم جۆرە مەرجانە بۆ دامەزراندنی ژنان لە سەر کار و درێژەدان بە خوێندن زیاتر لە هەر شتێک لە پێناو سیستمی دەسەڵاتدارێتی ڕێژیمی ئێراندایە و دەچێتە ئەو قۆناغەوە کە ژنان دەبێ لە سووچی ماڵەوە بمێننەوە و هەر وەک ڕابردوو پیاوان خاوەنی ڕاستەقینەی ژیان و ئەربابی ژنان و منداڵەکانیشیان بن و بە بێ ئیزنی ئەوان نەبێ نابێ هیچ شتێک ڕوو بدات و بەرپرس و خاوەنی هەموو شتێکی ژیان و تەنانەت بابەتە تاکەکەسییەکانی دیکەش دەبێ ئەوان بن.

یاساکانی کۆماری ئیسلامی هەموویان بە جۆرێک لە جۆرەکان باس لە سنووردارکردنەوەی ئاکار و خواست و حەزەکانی ژنان دەکەنەوە و ئەو ئۆلگوویە کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە پێناسە کراوە بەم شێوەیە کە ژنان تا کاتی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش دەبێ لە ژێر دەسەڵاتی باوک و برادا بن و ئەوە ئەوانن کە باش و خراپ لەیەکتر جودا دەکەنەوە کەوایە کچ دەبێ گوێڕایەڵی خواست و داواکارییەکانی ئەوان بێت. لە لایەکی دیکەشەوە کاتێک کە چووە ژیانی هاوبەشەوە، ئەوە هەموو ئێختیاراتەکانی باوک و برا بە شێوەی ئۆتۆماتیک دەچێتە ژێر دەسەڵاتی هاوسەرەوە و ژن وەکوو بوونەوەرێکی لاواز تەنیا دەبێ گوێڕایەڵ و کۆیلەی خواستەکانی کەسانی دیکە بێت. کۆمەڵگای ئێران بەپێی ئەم پێناسە باوە، لەگەڵ هەموو چەشنە ڕچەشکێنی و هەبوونێکی ژنان لە ئاستی کۆمەڵگای گەورەتردا دژایەتی دەکات هەر بۆیە لە ڕێگەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامییەوە زۆر جار تەنانەت لە لایەن خودی ژنانێکەوە کە وەکوو نوێنەری مەجلیس لەوێن، یاساگەلێکی دژەژن پەسەند دەکرێن کە ساڵەهای ساڵە ڕۆح و دەروونی ژنان ئازار دەدەن. ژنان لە کۆمەڵگای ئێراندا لە بێکەسترین توێژەکانن و پەسەندکردن و جێبەجێکردنی یاساگەلێکی لە چەشنی پڕکردنەوەی فۆرمی ڕەزامەندیی هاوسەر لە ڕاستیدا دەبێتە سەرەتایەک بۆ تێکشکاندنی باوەڕبەخۆبوونیان و کۆشکی ئاواتەکانیان دەڕووخێنێ و زیاتر لە پێش دەیانخاتە پەراوێزەوە.

ئەمە لەحاڵێکدایە کە هەر ئێستاش ڕێژەیەکی بەرچاو لە ژنان سەرەڕای دۆخی شپرزەی ئابووریی ئێران، کۆڵەکەی سەرەکیی بنەماڵەن و بە کارکردنیان بەشێکی بەرچاو لە تێچووەکانی بنەماڵەیان لە سەر شانە.

ژنان پێش لە هەر شتێک دەبێ بتوانن لە ڕێگەی درێژەدان بە خوێندن و بردنەسەرەوەی ئاستی وشیاری و تواناییان، هەنگاوگەلی پتەو بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکان هەڵبگرن و لە لایەکی دیکەشەوە زیاتر لە پێش هەوڵ بدەن تاکوو بە دیالۆگ و ئاگایی بەخشین، پیاوان لەگەڵ خۆیان ڕێک بخەن تاکوو بتوانن وەکوو دوو مرۆڤی یەکسان ژیانێکی دادپەروەرانەیان هەبێت، بە دڵنیاییەوە ژیانی کۆمەڵایەتی پێویستی بە سەرکەوتن و گەشەکردنی هەردوو ڕەگەزە و شکستی هەر کامەشیان شکستی ئەوی دیکە و بە مانای ڕووخانی کۆمەڵگایەکی بەختەوەرە.

# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون

مریەم عەلیپوور

**بەشی سێزدەهەم**

## ٣,٤ ڕاهێنەری مرۆڤایەتی (ئینسانی)

مەبەست لە ڕاهێنەری مرۆڤایەتی، یانی چڕبوونەوە لەسەر هەستەکانی ژیانی سۆزداری مرۆڤ.
بنەمای ڕاهێنەری مرۆڤایەتی لەسەر گەشبینی و ئەرێنی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانە.
Sir John Whitmore (لە دایکبووی ١٩٣٧ - ٢٠١٧) کە بە ڕەچەڵەک خەڵکی ئینگلستانە و یەکەمین کەسە وەک ژێدەر(سەرچاوە) لە ڕاهێنەری مرۆڤایەتیدا ئاماژەی پێدەکرێ، دەڵێت: «یەکێک لە مەبەستەکانی بەڕێوەبردنی پرۆسەی ڕاهێنەری پەرەدان و بەهێزکردنی کەسایەتی مرۆڤەکان و دەسکەوتەکانیانە».
هەروەها دەڵێت: «ڕۆڵی بنەڕەتی ڕاهێنەر، گوێدانە بۆ ئەوەی بەباشی تێبگات کە فێرخواز چۆن هەست بەبوونی خۆی و ئەو دۆخە دەکات کە تێیدایە.
بایەخدان بە هەستەکانی فێرخواز دەبێتە هۆکار بۆ پێکهێنانی کەشوهەوایەکی سالم و باش کە هەلی فێربوون و گەشەکردنی زیاتر بە فێرخواز دەدات.
یەکێک لەو مێتۆدانە کە Whitmore زیاتر لە هەر مێتۆدێک لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا کەڵکی لێوەردەگرێت مۆدێلی گەورەبوون، گەشەکردن، نەشونماکردن یان پشکوتنەGROW-model .
مۆدێل یا شێوازی گەشە کردن - GROW-modelen
مۆدێلی گەشەکردن یەکێک لەو مێتۆدە سەرکەوتوو و پڕ دەستکەوتانەیە کە لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا زۆرترین کەڵکی لێوەردەگیرێت.
هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا یەکێک لە شێوازە هەر بەناوبانگەکانی Sir John Whitmore ە، کە بنچینەیە و لەسەر ئامانج، ڕاستیەتی، دەرفەت و کردەوە دامەزراوە. شێوازی GROW هێمایەکە بۆ گەورەبوون و گەشەکردن. ((بڕوانە وێنەی خوارەوە)) .
لەو مودێلە زیاتر بۆ گەشەدان بە ڕێکخراوێک یان دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراو و تەنانەت تاکەکەسیش کەڵک وەردەگرن.
لەو مێتۆدەدا، ڕاهێنەر وەک باخەوانێکی شارەزا پێناسە دەکرێ کە باخەکەی بۆ جوانی و بەری زۆر بەناوبانگە.

ئامانج: لەو فازەدا ئامانجە کورتخایەن و درێژخایەنەکان پۆلێنبەندی (فۆرمولێرە) دەکرێن.
فێرخواز بە یارمەتی وەرگرتن لە ڕاهێنەر، ئامانجەکانی دیاری دەکات وەک: ئاواتی داوڕۆژی چییە؟ حەز لە چ ئاڵوگۆڕێک دەکات؟ مەبەست لە ڕاهێنەری چییە و بۆچی لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا بەشداری دەکات؟ و ... هتد.
ڕاستیەتی: ڕاهێنەر لەسەر ئەو دۆخەی کە تێیدان، لێکۆڵینەوە دەکات.
لەو فازەدا فێرخواز ڕاست و ڕەوان باس لەو دۆخە دەکات کە تێیدایە.
ئەو ڕووداو و بابەتانە باس دەکات کە هۆکاری دڵێشان و پێکهاتنی دۆخێکی ناخۆش بوونە لە نێوان ڕاهێنەر و فێرخوازدا و هەروەها فێرخواز بۆ کەمکردنەوەی ئەو کێشە و ڕووداوانە چی کردووە و چ دەکات و.... هتد.
هەڵبژاردە یان گوڵبژێر (option): لەو فازەدا ڕاهێنەر و فێرخواز کار لەسەر ئەوە دەکەن کە چەندین ڕێکار دیاری بکەن و هەروەها یەکێک لەو ڕێکارانە کە بۆ فێرخواز گونجاوە و ئاکامی باشتری هەیە هەڵدەبژێرن.
یانی هەڵبژاردنی ئاڵترناتیڤێکی باش و درێژخایەن بۆ کار لەسەر کردن.
ویست: لێرەدا باس لەوە دەکرێت کە چ دەبێ بکرێ؟ کەی و کێ بیکات؟ چۆن بکرێت؟ و ... هتد. دوای هەڵبژاردنی ئاڵترناتیڤێکی باش، ڕاهێنەر و فێرخواز پلانێکی کاری دادەنێن وەک: فێرخواز چ دەتوانێت بکات؟ کەی حەزی لێیە دەست بەکار بێت؟ چ یارمەتییەکی لەلایەن ڕاهێنەرەوە پێویستە؟ چ کەرەستەیەکی پێویستە؟ و ... هتد.

زۆربەی هەرە زۆری خەڵکە.
ڕاهێنەری ژیان ئەو کەشوهەوایە دروست دەکات تا مرۆڤەکان بە شێوەیەکی سیستماتیک کار بکەن بۆ دۆزینەوەی وڵامی پرسیارە بنەڕەتییەکانی ژیان، وەک:
بۆچی دەژیم؟ بۆچی بژیم؟ چۆن بژیم؟ چۆن بتوانم مانا بە ژیان بدەم؟ چ یارمەتییەکم پێویستە بۆ

- ڕاهێنەریی ئاکاری یان هەڵسوکەوتی )ڕەوشت و رفتار(، چڕبوونەوە لەسەر هەڵسوکەوتەکانە.
-ڕاهێنەریی تێگەیشتن یان ناسین(شناختی)، چڕبوونەوە لەسەر بیرکردنەوەکانە.
-ڕاهێنەریی مرۆڤایەتی یان ئینسانی، چڕبوونەوە لەسەر هەستەکانە.
-ڕاهێنەریی بوونخوازی(وجودی)،

١٨٧٥) دەروونناسی سوئیسی دەڵێت: «ئەو کەوشانەی بۆ پێی کەسێک دەبن لەوانەیە بۆ پێی کەسێکی دیکە نەبن و فرێیان بدات، کەواتە هیچ ڕێکارنامە یا نووسراوەیەک نییە لەسەر چۆنیەتی ژیان کردنی وەک یەک بۆ مرۆڤەکان.»
مەبەست لە کەوش، ئەو کەوشانە نییە کە دەیپێیان دەکەی، کەوش لێرەدا شوبهاندنە (میتافۆرێکە) بۆ ژیان،




**وێنەی ٣:٣ مۆدێلی GROW هێمایەکە بۆ گەورەبوون و گەشەکردن. وشەی GROW لە چوار پیت پێکهاتووە کە هەر پیتێکی هێمای وشەیەکە و هەر وشەیەکیش هەڵگری چەند پرسیارە.**

## ٣,٥ ڕاهێنەری بوونخوازی (وجودی) یان بوون

بەهۆی باوەڕ، بیروڕا و بۆچوونە جیاوازەکانی تاکی کۆمەڵگە، پێناسەکردنی چەمکی بوونخوازی زۆر ئاسان نییە بەڵام دەتوانین بڵێین بوونخوازی ڕەهەندێکی فەلسەفیانەیە کە لە نێو دەروون و زاتی هەر تاکێکی کۆمەڵگەدا بوونی هەیە و پەیوەندی بە سروشتی مرۆڤەکانەوە هەیە.
زۆر جار بیروباوەڕەکانن کە هەڵبژاردنی شێوازی ژیان کردنی مرۆڤەکان دیاری دەکەن.
مەبەست لە ڕاهێنەری بوونخوازی چڕبوونەوە(تمرکز کردن) لەسەر

ئەوەی بە ئاواتەکانی خۆم بگەم؟ کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگای بە ئامانج گەیشتنم چین؟ چۆن بە سەر کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێگای ژیاندا زاڵ بم؟ ... و هتد.

## ٣,٦ مێتۆدی دیکەی ڕاهێنەری

زۆر شێواز یا مێتۆدی دیکە لە ڕاهێنەریدا هەن، بەڵام من هەوڵم داوە زیاتر لەسەر ئەو مێتۆدانە باس بکەم کە کولتور و کۆمەڵگەی ئێمە دەتوانێ هەرسیان(هەزم) بکات یان دەتوانین بە واتایەکی دیکە بڵێین لێیان تێدەگات.
بەداخەوە سیستمی پەروەردەی ئێمە هەر لە سەرەتاوە سیستمێکی پڕ لە کەموکوڕیی

چڕبوونەوە لەسەر ئەو باوەڕانەن کە بەشێکن لە بیرکردنەوەکانی ئێمە.

هەر چەند مێتۆدەکان جیاوازن بەڵام بنچینەی هەموویان لەسەر سێ پرسیاری بنەڕەتییە، وەک:
١. قۆناغی ئێستامان(ئەو قۆناعەی کە ئێستا تێیداین)؟
٢. قۆناغی داهاتوومان(حەزدەکەین لە داهاتوودا چۆن بین)؟
٣. چۆنیەتی یان ڕێگاکانی گەیشتن بە قۆناغی داهاتوو؟
لە هەرکام لەو مێتۆدانە بۆ ئەوەی بەئامانج بگەین پێویستە لەسەر ڕەوشتەکانمان، هەستەکانمان و بیرکردنەوەکانمان کار

مەبەست شێوازی ژیان کردنە.
هەروەها دەڵێت: «هەوڵ بدە ڕۆژێک ئەو کەوشانەی من دەپێ بکە و پێیان بڕۆ ئەوکات دەزانی کە بۆ پێی تۆ دەبن یان نا.»
ئەوە شتێکی سروشتییە کە ئێمە مرۆڤەکان هەردەم چاوەڕوانی ژیانی خۆش و بێ کێشە بین، بەڵام لەڕاستیدا هیچ کەس نییە لە ژیانیدا تەنیا خۆشی هەبوویێت، پرۆسەی ژیان پڕە لە خۆشی و تاڵی. کەم و زۆری خۆشی و ناخۆشی لە ژیاندا لە کەسێکرا بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە. گرنگ ئەوەیە فێر بین لەگەڵ هەر ڕووداوێکی خۆش و ناخۆش کە دێتە سەر ڕێگامان ڕابێین و هەوڵ بدەین باشترین ئەزموونی لێوەرگرین.




**وێنەی ٤:٣ ئاماژە دەکات بە مێتۆدەکانی ڕاهێنەری و هەروەها بە کاریگەری ڕەوشتی ئەرێنی**

بیروباوەڕەکانی هەر تاکێکی کۆمەڵگەیە.
Thomas Leonard (١٩٥٥ - ٢٠٠٣) بە پێشڕەو و ڕچەشکێنی لە ڕاهێنەری ژیان (بۆ هەبوونی ژیانێکی خۆش)، ناودێر کراوە.
پێش دەستپێکردن بە ڕاهێنەری کاری وەک بەڕێوەبەری بەشی ژمێریاری(حسابداری) کۆمپانیای پاراستن یان بیمەی ژیان، بووە، دەڵێت: «کڕیارەکانی من زۆر بیریان لە پوڵ نەدەکردەوە بەڵکوو زۆرتر بیریان لە ژیانێکی خۆش و مانادار دەکردەوە.»
ئەوەش هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی Leonard دەست بە ڕاهێنەری بەتایبەت ڕاهێنەری ژیان بکات.
هەبوونی ژیانێکی خۆش، ویستی

و ناتەواوە لەبەر ئەوەی وڵاتێکی داگیرکراومان هەیە و لە ژێر زەختی پەروەدەی داگیرکەرداین، کەواتە ئێستا زیاتر لە زۆر شتی دیکە پێویستمان بەو شێوازە ڕاهێنەرییانە هەیە کە لە نێو ئەو زنجیرەنوسراوەدا (ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون) ئاماژەیان پێدەدرێت بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە و گەشەدان بە کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵگە.

## ٣,٧کورتەپێداچوونەوەیەک بە بەندی سێ

بەسەرنجدان بە باوەڕ، بیروڕا، بۆچوون و داخوازییەکانی هەر تاکێکی کۆمەڵگە، ئەو مێتۆدانەی خوارەوە لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا گرینگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە.

بکەین.
ڕاهێنەری لە پرەنسیپەکانی پێکەوەکارکردن و پێکەوەژیانکردنە لەسەر بنەمای ڕێزلێنان و خۆشەویستی بۆ هەر بیر و باوەڕ و هزر و ئایدیۆلۆژییەک.

بەندی چوارەم:
شارەزایی (پسپۆڕی ) لە ڕاهێنەریدا

وێنەی ١:٤ ئاماژە بە هێندێک لە شێوازەکانی ڕاهێنەری دەکات کە لەو بەشەدا باسیان دەکەم.

چۆن یا بە چ شێوازێک پێداویستییەکان پۆلێنبەندی دەکەین؟
Carl Gustav Jung (١٩٦١ -

لەوەش گرنگتر ئەوەیە فێر بین بەسەر بیرو هەستە نەرێنییەکانماندا زاڵ بین. هەوڵ بدەین ڕواڵەتی ژیان و گوزەرانی کەسانی دیکە نەکەین بە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی ژیانی خۆمان.
دەبێ ئەوەی باش بزانین کە ژیانی هەموو مرۆڤەکان وەک یەک نییە.
بنچینەی ڕاهێنەری لەسەر ئەو پرسیارانە دانراوە: لە چ قۆناغێکدای (شێوەی ژیانی ئێستا)؟ حەز دەکەی قۆناغی داهاتووت چۆن بێت؟ چۆن بتوانی بگەیە ئەو قۆناغەی کە حەزت لێیە (قۆناغی داهاتوو)؟ کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگات چین؟
بۆ ئەوەی ئێمە بە ئامانج بگەین دەبێ بە بیرکردنەوە، هەستەکان و هەڵسوکەوتەکانمان گەشە پێبدەین،

بەتایبەت ئەو کاتەی ئێمە بمانهەوێت شارەزا یا پسپۆڕ لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا بین.
مرۆڤەکان پێداویستی جیاوازیان هەیە، هەر بۆیە بە پێی پێداویستی تاکەکان دەبێ مێتۆد یا شێوازی ڕاهێنەری دیاری بکرێت.
چەند نموونەیەک بۆ شارەزایی لە ڕاهێنەریدا:
خۆڕاهێنان یان ڕاهێنەری کەسی (خودآموزی): خۆڕاهێنان پرۆسە یان کۆمەڵێک چالاکی جۆراوجۆرە کە بۆ گەیشتن بە ئاکامێکی تایبەت، جێبەجێ دەکرێ.
ئەوە فێرخوازە، ڕاهێنەری بە خۆی دەکات.
فێرخواز ڕاهێنان بە خۆی دەکات کە چۆن یارمەتی خۆی بدات یان چۆن کەڵک لە هەل و لێهاتوویی خۆی وەرگرێت بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانی بگات. یان بە واتایەکی دیکە فێرخواز دەتوانێت لە ڕێگای پەرتووک یان ئامرازی دیکەوە، بەبێ یارمەتی وەرگرتن لە مامۆستا یان ڕاهێنەری تایبەت، ڕاهێنان بە خۆی بکات.
ڕاهێنەریی سۆزی(عاتفی): هەست و سۆز یانی کوڵی دەروونی. چ هەستی ئەرێنی و چ هەستی نەرێنی کاریگەری زۆریان لەسەر ژیانی ئێمەی مرۆڤەکان هەیە. ڕاهێنەریی سۆزی یا عاتیفی بۆ ئەوەیە چۆن گەشە بەهەستە ئەرێنییەکانی (positive) خۆمان بدەین و هەستە نەرێنییەکانیش(negative) کەم بکەینەوە.
ڕاهێنەریی بەڕێوەبردن: هەبوونی بەرپرسایەتی و بەرپرسێکی باش و کارامە کاریگەری زۆری هەیە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن. هەر بۆیە ڕاهێنەریی بەڕێوەبردن بۆ ئەوەیە کە چۆن گەشە بە ڕۆڵی بەرپرسان بدرێ بۆ ئەوەی بتوانن بە کەڵک وەرگرتن لە وزە و لێهاتوویییە نادیارەکانیان، کاربەدەستەکانیان چالاکتر بکەن بۆ گەیشتن بە ئامانج یا ئەو ئاکامەی کە خوازیاری بوونە.
ڕاهێنەریی شێوازی ڕێبەری کردن: ڕێبەرێک چۆن پشتیوان و هاندەری ئەندامەکان بێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕێکخراوەکەیان.
چۆن یارمەتی ئەندامەکان بدات بۆ ئەوەی بە کەڵکوەرگرتن لە لێهاتوویی و توانایی خۆیان بتوانن ژیانێکی نێونجی یان خۆش و هاوسەنگ بۆ خۆیان پێک بێنن.
ڕاهێنەریی پۆلی(تیم): لەنێو پۆل یان گرووپدا، هەرتاکێکی نێو گرووپەکە کەم تا زۆر کاریگەریان هەیە لەسەر گەیشتن بەئامانجەکانیان. ڕاهێنەری بۆ ئەوەیە کە ئەوان بتوانن یارمەتی یەکتر بکەن بۆ سەرکەوتن و گەشەدان بە کولتوری بەخشین کە هاوکات چ وەک پۆل یان گرووپ و چ وەک تاک بتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن.
ڕاهێنەریی هاوکاری یان هاریکاری کردن: وشەی هاوکاری یەکەم جار لە لایەن فیلسوفی بەناوبانگی ئینگلیزی Robert Owen کە لە بەرامبەر وشەی ململانێدا هێنایە گۆڕێ و دوایە لە لایەن نووسەر و توێژەرانی زمانەوانی پەرەی پێدرا.
هاوکاری یا هاریکاری یانی پێکەوە یان دەگەڵ یەک کارکردن.
بۆ هێندێک کەس کارێکی ئاسان نییە لە گەڵ کەسانی دیکە کار بکات. هەر بۆیە ڕاهێنەری هاوکاری یا هاریکاری، فێرت دەکات کە چۆن هاوڕێیان یا هاوکارەکان بتوانن هاریکاری یەکتر بکەن بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بن.
ڕاهێنەریی دەرفەتی کار: هەبوون یان وەدەستهێنانی کار بۆ هەموو کەس ئاسان نییە.
هێندێک جار دەبینین دەرفەتێکی کاری

درێژە لە لاپەڕەی ٩

# فیتنە و فەلسەفەی سەقامگیریی ئیسلامی سیاسی

کەیوان دروودی

فیتنە کە وەکوو مانا و چەمک بۆ ئاژاوە و هەروەها بشێوی و بێسەروبەرەیی و ... بەکار ئەبرێ بە یەکێک لە بەکارهاتووترین دەستەواژەکانی نێو تێرمینۆلۆژیی ئیسلامی سیاسی دادەنرێ. لەوانەیە بەردەنگێک کە بەدواداچوون بۆ پێشهات و گۆڕانکارییەکانی بارودۆخی سیاسیی ئێران دەکات، دەستەواژەی فیتنە دەسبەجێ وێنایەک لە دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیمی ئێران و بەدیاریکراوی خامنەیی لە لا دروست بکات.

ئەم وتارە دەپرژێتە سەر ئەو مەعریفەیەی کە پرسی فیتنەی لە سەردەمی خیلافەتی ئیسلامیدا هێنایە ئاراوە و هەنووکە وەکوو میراتێک بۆ ئەم سەردەمەی ڕێژیمێکی وەکوو ڕێژیمی ئێران ماوەتەوە.

وەک دەزانین سەرهەڵدانی خیلافەت هەر لە سەرەتاوە بە ناکۆکیی نێوان لایەنگرانی دوو ڕەوتی جیاوازی خیلافەت دەستی پێکرد. کۆمەڵگەی عەرەبی کۆمەڵێکی دابەشکراو بوو بەسەر خێڵ (شعب)ی جۆراوجۆردا.

بەپێی ئەوەی ئایینی ئیسلام هەوڵی کۆکردنەوەی فۆرمێکی کۆمەڵایەتیی دەدا کە بە «امت» ناوی لێ دەبرێ، لێکدژیی بیری هۆزگەریی باو و ئایدیای ئوممەتگەریی نوێ، بارودۆخێکی تایبەتی خوڵقاندبوو کە

ئەگەر پێکناکۆیی خودی لایەنگرانی دەسەڵاتی ئوممەتگەریی بخەینەسەر، ئەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئاستی ئەو شپرزەییەی هاتووەتە ئاراوە تا چەندە قووڵ و بەرینە.

هەر بۆیەش ئەم دیاردەی شپرزەییە کە لە سەردەمی خەلافەتی عەباسییەکاندا شێوەی گرتبوو، کۆمەڵێک کەسی هان دا کە بەدوای دارشتنی چوارچێوەیەکدا بن بۆ سەقامگیریی نێو کۆمەڵی ژێر چەتری ئوممەتگەریی ئاییندا.

لێرەدا بوو کە خستنەڕووی شێواز و فۆرمی ڕەوایی و چۆنیەتیی جێگیرکردنی دەسەڵات بوو بە بابەتێکی گرینگ.

دوو ئایدیای سەرەکی لێرەدا بریتی بوون لە یەکەم؛ پێسپاردنی ڕەوایی بە (ئەهلی حەل و عەقد) کە کۆمەڵەیەک بوو بۆ دەستنیشانکردنی ڕەوایی پێشەوایەتی و دووەم؛ زاڵبوون.

نموونەی یەکەم هەوڵدانێکە بۆ جێکردنی فۆرمێک لە گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەڕێگەی پێکهاتن و ڕێککەوتنی دەستەبژێرەوە و نموونەی دووهەم بە هەنگاوێک دادەنرێ بۆ یەکلاکردنەوەی لێکەوتە و قەیرانەکانی ململانێ لە ئاستی دەسەڵاتی سیاسیدا.

بەڵام وەک دیارە ڕەوایەتی لە ڕێبازی ئیسلامی سیاسیدا ڕەوایەتی مێتافیزیکە و هەر ئەمەش وا دەکات بژاردەی یەکەم بڕوێکی ئەوتۆی نەبێت.

بەم هۆیەوە و لەبەر نەبوونی بەرژەوەندیی هاوبەش کۆمەڵی ژێر دەسەڵاتی خەلافەت بەبەردەوامی لەناو شەقڵی سیاسی – کۆمەڵایەتیدا ژیان دەباتە سەر. ئەم شەقڵە هۆکارێکی بنەڕەتی ئەبێت بۆ بەریەککەوتن و ئەمەش ڕاپەڕین و نارەزایی لێ دەکەوێتەوە، هەربۆیە لەبەر نەبوونی بەستێنێکی قایم بۆ گرێبەستی کۆمەڵایەتی ئەوە زاڵیەتی یان سەرکەوتنی هێزە کە چارەنووس یەکلایی دەکاتەوە.

لێرەدایە کە دەستەبژێری خەلافەت هەڵدەستێ بە یەکلاییکردنەوەی کێشەکان و بڕیار دەردەکات لەسەر ئەوەی کە زاڵیەتی دواچارەسەرە کە کێشەکان دەبڕێنێتەوە و ئەمەش بەو مانایەیە کە ڕەوایەتی بەرگی هێز بەبەردا دەکات و لەوە بەدواوە زاڵیەتی و هێز دەبێتە هۆکاری سەرەکی.

زانایانی ئایینی موسوڵمان تێگەیشتنێکی ئایینی وەهایان خستەڕوو کە پەیوەندیی بە واقیعەوە نەبوو، وەکوو ئەوەی دەیانوت خیلافەت بە ڕاوێژ (ئەهلی حەل و عەقد) ببڕێنرێتەوە، ئەمەش لە واقیعدا بوو بەهۆی پەرەسەندنی بیرێکی ڕەخنەگرانە و شێوەگرتنی مشتومڕێکی بەردەوام کە جاروبار دژی واقیعی خیلافەتی باو دەوەستایەوە.

لەم سەروبەندەدا بوو کە ئیبنی حەنبەل پاساوی بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات لەڕێگەی زاڵییەتییەوە هێنایەوە. ناوبراو دەڵێ :»ئەوەی زاڵ دەبێت دەبێتە خەلیفە و پێی دەوترێ میری ئیمانداران و هەرکەسیش ئیمانی بە خوا و دوارۆژ هەبێت نابێت ئەوە ڕەت بکاتەوە و بە میری خۆی نەزانێت، جا ئەو زاڵە چاکەکار بێت یان خراپەکار، چونکە ئەو میری ئیماندارانە».

حەنبلییەکان ئەم لێکدانەوەیان بەم جۆرە شرۆڤە کردووە: «مەبەست لە زاڵبوون لێرەدا ئەوەیە کە بەیعەت دوای زاڵبوون دێت و زاڵیش دەکات بە خەلیفە، نەک خودی زاڵبوون».

هەروەها قسەیەکی بەناوبانگی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل هەیە کە بەڕوونی هێزی لە چاکەکاری بەلاوە گرینگترە، دەقی ئەو وتەیە بەم چەشنەیە: «خراپەکاری بەهێز، هێزەکەی بۆ موسوڵمانانە و خراپەکەی بۆ خۆیەتی، بەڵام چاکەکاری لاواز چاکییەکەی بۆ خۆیەتی و لاوازییەکەی بۆ موسوڵمانان».

لێرەدا بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە پرشوبڵاویی هۆزەکانی جێگیر لەژێر فەرمانڕەوایی خەلافەت و میرەکاندا زۆر بووە و زانایان بۆ کۆکردنەوەی خەڵک زاڵییەتییان وەپێش ڕەوایی خستووە و ئەمەش بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێی سیاسیی بەردەوام لەنێوان دەستەبژێرەکاندا بووە و مەبەستیش لەم ڕاگرتنە، دروستکردنی جۆرێک پارێزبەندی بووە بۆ ئەوەی ئەوانەی لە بازنەی دەسەڵاتدان کێشەکانی خۆیان بەدوور لە ڕای جەماوەر یەکلایی بکەنەوە.

ئەم کێشەیە تا ئاستێک ڕۆیشتووە کە تەنانەت ستەمکاریش وەکوو تایبەتمەندییەکی سەلماو بەسەر کەسایەتیی خەلیفەدا لەلایەن خوازیارانی خەلافەتی ئیسلامییەوە پاساوی بۆ هێنراوەتەوە و هۆی ئەمەش بەوتەی خۆیان ڕێگری لە سەرکەوتنی دوژمنان و لاوازیی کۆمەڵی ژێردەستی خەلافەت بووە کە بریتییە لە هەمان فەلسەفەی ئوممەتگەری لە هزری ئیسلامی فاندامێنتاڵدا.

یەحیا بن شەرەف نوو، وەکوو یەکێکیتر لە دیارترین داڕێژەرانی قەوارەی خەلافەت بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە ڤدانی بەهۆی توندوتیژیی سەرچاوەگرتوو لە دەسەڵاتی خەلیفەوە پاساوی بۆ ملدانەبەر دەسەڵاتی هێناوەتەوە، واتە بە چەوساندنەوە پاساو بۆ ملکەچبوون بەرامبەر بە زوڵم دێنێتەوە.

بەم پێیە دەتوانین بڵێین نەبوونی تەکووزی (انسجام) و هاوپێوەندی (همبستگی) لەنێو کۆمەڵی ژێر دەسەڵاتی خەلافەتدا کە بۆ نەبوونی بەرژەوەندیی هاوبەش و لێکتێگەیشتنی حوقووقی دەگەڕێتەوە، ئەو زەمینەیەی دروست کردووە تاکوو شپرزەیی هەبێت و ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ ڕاپەڕین و نارەزایی. ئەم نارەزایی و ڕاپەڕینانە بەبێ ئەوەی خوێندنەوەی بۆ بکرێ تەنیا لەبەر ڕاگرتنی دەسەڵاتی خەلافەت بە هەموو جۆرێ، چ لە ڕێگەی دەق و نووسراوە و چ لەڕێگەی هێز و زاڵبوونەوە خراوەتە پەراوێزەوە و نەبووەتە مەسەلەیەک بۆ گفتوگۆ و بونیاتنانەوەی کۆمەڵگەیەکی تەندروست.

هەربۆیە ئەگەر ئەمڕۆ سەیری شێوازی دەربڕینی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران بکەین بەڕوونی ڕەهەندی فەلسەفەی سەقامگیریی خەلافەتی ئیسلامیی تێدا بەدی دەکەین لەم ڕووەشەوە دەکرێ بێژین ناولێنانی نارەزایی و خۆپیشاندان بە فیتنە دەگەڕێتەوە بۆ هەمان مەنتق. مەنتقێ کە پێشەوایەتی بە ئەرکێک دەزانێ کە لەلایەن خواوەندەوە پێشکەشی پلەی پێشەوایەتی کراوە و پێویستی بە وەرگرتنی ڕەوایی لەلایەن جەماوەرەوە نییە. دەرکردنی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان و دەموچاوە ناسراوەکانی سەرەتای ٥٧یش لە بنەڕەتەوە دەرچوون بووە لە ڕیزی ئوممەتی ئیسلامی.

جێگیرکردنی بنەمای ویلایەتی فەقیە لەپاش چەندین ساڵ لە نێو یاسای بنەڕەتی، بەجۆرێک گێڕانەوەیەکی ئەوڕۆیی و عەینییە لەو کۆدەنگییە مێژووییەی لە ڕای خاوەنڕایانی نێو خەلافەتی عەباسییەکاندا دیارە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم شرۆڤەیەدا دەکرێ بڵێین کە ئیسلاحتەلەبەکان هەمان بەرەی ئەهلی حل و عەقدن کە ڕێڕەوی سیاسییان نەک گۆڕانکارییەکی دروست نەکرد بەڵکوو بوو بە مەرجێکی سەر کاغەز بۆ ئەوەی ڕەهەندی دیکتاتۆری بە سەرتاپای خەلافەتەوە دیار نەبێ.

هەموو ئەم بابەتە لە بنچینەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرێبەستە ئاسمانییەی لە دەرەوەی عەقڵانییەتدا بەرگی ڕەوایی لەبەر کردووە.

هەروەها ئەوەش لەبیر نەکەین کە تاقەڕێگا بۆ دەربازبوون لەو دۆخە دروستکردنی زەمینەیەکە بۆ تێگەیشتنێکی نوێ لەسەر ڕەوایی و دەسەڵات و ئەو پەیوەندییە مانادارەی لەو نێوەدا هەیە و ئەم ئامانجەش ئەگەرچی سەخت و تاقەتپڕووکێنە، بەڵام تاقەڕێگایەکە بۆ ئەوەی سیکلی ئیستبداد دوبارە نەبێتەوە.

---

دریژەی لاپەڕەی ٨

بۆ کەسێک دێتە پێش بەڵام ئەو کەسە بە هۆی شارەزانەبوونی ناتوانێت کەڵکی لێوەرگرێت و ئەو دەرفەتە لە دەست دەدات. ڕاهێنەری دەرفەتی کاری، بۆ ئەوەیە کە چۆن بە توانایی کەسیی و توانایی پیشەیی تاکێک گەشە بدرێ تا لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بێت و ئەو دەرفەتە کارییەی کە بۆی هاتۆتە پێش لە دەستی نەدات. ڕاهێنەریی ژیان: هەر وەک لەسەرەوەش باسم کرد پرۆسەی ژیانی ئێمە مرۆڤەکان پڕە لە خۆشی و ناخۆشی.

ڕاهێنەری ژیان بۆ ئەوەیە کە چۆن یارمەتی تاکەکان بدرێ بۆ ئەوەی تێڕوانینێکی ڕاستبینانە و لۆژیکیان بۆ ژیان هەبێت و هەوڵ بدەن بۆ باشتر کردنی ژیانیان. هەروەها بۆ زاڵبوون بە سەر ناخۆشییەکان و ئەزموون لێوەرگرتنیان.

ئەوە چەند نموونەیەک بوون لە ڕاهێنەریدا کە دەتوانین هەرجارە یەک دانە یان دوو دانە لەو مێتۆدانە پێکەوە کاریان لەسەر بکەین. ئەوەش پێوەندی بە دۆخەکە و توانایی و ویستی فێرخوازەکەوە هەیە.

### ٤,١ خۆڕاهێنەری (خۆپێگەیاندن)

ڕاهێنەرێک دەتوانێ یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان پێبگەیەنین و هەروەها بۆ خۆشمان دەتوانین ئەو کارە بکەین و یارمەتی خۆمان بدەین بۆ خۆپێگەیاندنمان.

حەزەکان، پێداویستییەکان و ویستەکان لە کەسێکرا بۆ کەسێکی دیکە جیاوازن. بۆ نموونە بەشداری کردنی پرۆسەی ڕاهێنەری بۆ ئەوەی مرۆڤ چۆن بتوانێت بە سەر خۆیدا زاڵ بێت بۆ کەم کردنەوەی:

- گوشار و دڵەڕاوکێ
- توانای وڵامدانەوە یان کاردانەوەی ڕەوانی و لەشی (وەکوو ترس) لە بەرامبەر کەسێک کە کارێکی نارەوای لە گەڵ دەکات
- تێگەیشتن لە کێشە و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیان
- گەشەدان بە باوەڕبەخۆبوون
- کۆنترۆڵ کردنی هەستەکان
- توانای قسەکردن بەتایبەت لە ناو خەڵکدا
- شێوازی دانوستان یا ئاخافتن و .... هتد.

پێنج قۆناغی خۆڕاهێنەری بۆ توانای قسەکردن، دروست کردنی هەستی ئەرێنی و هەوڵدان بۆ دابینکردنی ژیانێکی خۆش و بەتایبەت لەسەر باوەڕبەخۆبوون هەیە. باوەڕبەخۆبوون، مەرجی یەکەمە بۆ سەرکەوتن لە ژیاندا.




**وێنەی ١:٤ ئاماژە بە هێندێک لە شێوازەکانی ڕاهێنەری دەکات**

کە باوەڕبەخۆبوونت کەم بوو زۆرتر و زووتریش گوێڕایەڵی دابونەریتی کۆمەڵایەتی دەبی و زۆر لەو دابونەریتە کۆمەڵایەتییانە مرۆڤ لاواز و بێ ئیرادە دەکات.

Dale Carnegie لە کتێبی دوودڵی و زاڵبوون بەسەر نیگەرانیدا، دەڵێت: لە ناخی مرۆڤدا سێ پێکهێنەر هەیە، کاتێک ئەو سێ پێکهێنەرە یەک دەگرن ئەو کاتە مرۆڤ باوەڕی تەواوی بە خۆی هەیە.

١. لۆژیک (مەنتق)
٢. هەست و سۆز (عاتیفە)
٣. هەڵسوکەوت (ڕەوشت)

### قۆناغی ١ : دەستنیشانکردنی بیرە نەرێنییەکان (Negative)

دەستپێکی خۆڕاهێنەری دەستنیشانکردنی بیرە نەرێنییەکانە.

هێندێک جار مرۆڤ هەر لەخۆڕا خۆی بە هێندێک شت ماندوو دەکات یان لە ڕادە زۆر گوشار بۆ خۆی دێنێت و خۆی و بیرەکانی ئاڵۆز دەکات بۆ شتێک لەوانەیە هەر پێویست نەکات و یا بەو شێوەیەش نەبێت کە ئەو بیری لێدەکاتەوە. یان زۆر بە شێوەیەکی نەرێنی بیر لە خۆی دەکاتەوە، کەواتە لە قۆناغی یەکەمدا دەستنیشانکردنی بیرە نەرێنییەکان گرنگە.

کاتێک بیرە نەرێنییەکانت دەستنیشان کرد ئەوکات هەوڵ بدە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک یا شێوازێک لە ڕاهێنەری بۆ گۆڕینی ئەو بیرە نەرێنییانە.

### قۆناغی ٢ : جیاکردنەوەی ڕاستییەکان لە خەیاڵات (وەهم )

ئەو بیرە نەرێنییەی کە لەسەر خۆت هەتە، لەوانەیە هەر خەیاڵاتی خۆت بێ و هیچ بنەمایەکی ڕاستەقینەیان نەبێت، یاخود ڕاستن و ئەتۆ زۆر کەموکۆڕیت هەیە.

لەو کاتەدا چەند پرسیار باشە بیانکەی و لە هەمان کاتیشدا ئەو پرسیارەش لە خۆت بکە کە ئایا ئەوەی باسیان دەکەم ڕاستن یا هەر خەیاڵن؟

- ئەمن بەڕاستی ئەوەندەش وریا و زیرەک نیم، بەڵام هێشتا خەڵکانی دیکە هەستیان پێ نەکردووە و هەروا دەزانن زۆر وریام. کەواتە بە ڕاستی من وریام یان هەر لە دونیای خەیاڵاتی خۆمدا قارەمانێکم لە خۆم دروست کردووە، ئەو قسەیە ڕاستە یا خەیاڵە؟
- ئەمن کاتێک وەک بەرپرسێک کارێک دەکەم، وا هەست دەکەم کە هەموو کاربەدەستەکانم منیان خۆش دەوێت.

ئایا ئەوان بەڕاستی منیان خۆش دەوێت یان هەر خەیاڵاتی خۆمە؟ بۆ ئەوەی لە کارەکەم ڕازی بم، دەبێ زۆرتر لە سەدی سەد (١٠٠ ٪) بە دروستی و باشیم بەجێ گەیاندبێت. ئایا ئەو شێوە بیرکردنەوەی من ڕاستە یان هەر خەیاڵە؟ لە کاتێکدا لە جیهانی ڕاستیدا زۆرتر لە پلەی سەدیمان ١٠٠٪ نییە.

کاتێک مرۆڤ خەیاڵەکانی خۆی وەک ڕاستییەک وەردەگرێت کەواتە هەموو دەمێک ئەو خەیاڵانە لای ئەو وەک ڕاستی دەبن. هەر بۆیە گرنگە لەپێشدا ڕاستی و خەیاڵ لە یەک جیا کەینەوە.

### قۆناغی ٣ :گوێنەدان بە بیرە نەرێنییەکان (Negative)

بیرە نەرێنییەکان هۆکارن بۆ دروستبوونی هەستە نەرێنییەکان. بۆ نموونە:

زۆر جار گەورەترین کێشەی ئێمە مرۆڤەکان بیرکردنەوەکانمانن بەتایبەت بیرە نەرێنییەکان. ئەوەش یەکێک لەو ئەرکانەیە کە لەو قۆناغەدا مرۆڤ دەبێ کاری لەسەر بکات. دەبێ بیرە نەرێنییەکانی خۆت لە شوێنێکدا کۆ کەیەوە یان زیندانیان بکەی و لەبەرابەر هەر بیرێکی نەرێنیدا سێ بیری ئەرێنی باس بکەی. دەبێ نەهێڵی بیرە نەرێنییەکان ئەوەندە بڕۆنە پێش کە ببنە هۆی دروستبوونی هەستی نەرێنیت.

پەندێکی پێشینییان هەیە کە دەڵێت: ‹‹ ئەتۆ ناتوانی پێش بە باڵندەیەک بگری کە بەسەر تۆدا هەڵنەفڕیت، بەڵام دەتوانی پێشی پێبگری کە لەسەر سەری تۆ هێلانە دروست نەکات.››

بۆ نموونە منی تاک ناتوانم پێش بە کەسێکی دیکە بگرم کە لەسەر من بە شێوەیەکی نەرێنی بیر نەکاتەوە، بەڵام دەتوانم پێش بە خۆم بگرم بۆ ئەوەی ئەو شێوە بیرکردنەوەی کەسانی دیکە من ئازار نەدات.

### قۆناغی ٤: با بیر کردنەوەکانمان لە گەڵ کردەوەکانمان هاوتەریب بن(لە گەڵ یەک بڕۆنە پێش/موازی).

کاتێک ئێمە لە قۆناغی یەکەمدا ئاماژەمان بە بیرە نەرێنییەکان دا، لە قۆناغی دووهەمدا خەیاڵ و ڕاستییەکانمان لە یەک جیا کردەوە، لە قۆناغی سێیەمدا بڕیارمان دا گوێ نەدەینە بیرە نەرێنییەکانمان کەواتە لە قۆناغی چوارەمدا دەبێ ئەوانەی کە ئاماژەم پێ دان بە کردەوەش جێبەجێیان بکەین.

لێرەدایە کە دەبێ بە کردەوە پێداگر و سوور بین بۆ وەلانانی بیرە نەرێنییەکانمان.

### قۆناغی ٥: خۆهاندان

بە قسە زۆر ئاسانە بڵێیت کە واز لە سیگارکێشان دێنم.

بەڵام لە کردەوەدا وا ئاسان نییە و چەند شت گرنگە لە بەرچاو بگیرێت وەک:

ئەو کەسەی کە حەز دەکات واز لە سیگارکێشان بێنێت دەبێ، باوەڕی تەواوی بە خۆی هەبێت کە سەرکەوتوو دەبێت، هۆ یا ئەنگیزەی تەواوی بۆ ئەو کارە (وازهێنان لە سیگارکێشان) هەبێت و کاتی بۆ تەرخان بکات و هەوڵ بدات لە مێتۆدێک کەڵک وەرگرێت کە کاریگەری ئەرێنی زۆرتر هەیە.

یەکێک لەو مێتۆدە باشانە، مێتۆدی خۆڕاهێنەری یان ڕاهێنەری کەسییە بۆ ئەوەی مرۆڤ بەشێوەیەکی ئەرێنی بیر بکاتەوە و تێڕوانینی ئەرێنی بۆ خۆی هەبێت و بیرە نەرێنییەکانی کۆتایی پێ بێنێت.

زۆر جار کەسێک کە سیگارکێشە دەڵێت: زۆر حەز دەکەم واز لە سیگارکێشان بێنم بەڵام ناتوانم.

هەر ئەو وشەی «ناتوانم» دەتوانێ هۆکارێک بێت بۆ لاوازکردنەوەی ویست و توانایی یان دوابڕیاری ئەو کەسە بۆ سەرکەوتن لەو کارەدا کە وازهێنانی لە سیگار کێشانە.

## کاوە بەهرامی:

# لە بواری هەلومەرجی سیاسی و نیزامییەوە، کوردستان لە هەموو شوێنەکانی دیکەی ئێران لەبارترە بۆ خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامی و ئەو وزە بۆ دژایەتی داگیرکەران بە کار بهێنین



**دیمانە: ڕەحمان سەلیمی**

جموجۆڵی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە کوردستان بە هێنانی هێزێکی زۆر لە شارەکانی دیکەی ئێرانەوە بۆ کوردستان و جێگیرکردنیان لە سنوورەکاندا، هاوکات لەگەڵ نمایشی چەکوچۆڵی جۆراوجۆر لە گۆڕەپانی شارەکانی کوردستان بە مەبەستی تایبەت و گەیاندنی پەیامی تایبەت بە خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکان چڕتر کراوەتەوە. میلیتاریزەکردنی سنوورەکانی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە سیاسەتی هەمیشەیی ڕێژیم بووە و لە ئێستادا بەرچاوتر لە هەمیشە بەڕێوە دەچێت. لە دیمانەیەدا لەگەڵ بەڕێز «کاوە بەهرامی» بەرپرسی دەزگای فەرماندەهی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەم بابەتمان خستووەتە بەرباس کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین:

### - ناوچە سنوورییەکانی کوردستان لە چ ڕاستایەکدا میلیتاریزە دەکرێن؟ و بۆچی پاش ٤٠ ساڵ هەروا لە پەرەسەندندایە؟

گەلی کورد نیزیک بە یەک سەدەیە بۆ مافی نەتەوایەتی خۆی دژی ڕێژیمە داگیرکەرەکان خەبات دەکات، کوردستان لە لایەن چوار دەسەڵاتەوە داگیرکراوە کە هەرکامەیان مافی گەلی کوردیان بۆ مەبەستەکانی خۆیان زەوت کردووە و هەرکام لە پارچەکانی کوردستان پاش شەڕی چاڵدران تا هەنووکە خەباتیان بۆ ڕزگاری گەلی کورد لە چەنگ داگیرکەران بەردەوام بووە.

لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، گەلی کورد دژی ڕێژیمی پاشایەتی خەباتی بێوچانی کردووە کە کۆماری کوردستان سەنەد و بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئەو خەبات و تێکۆشانەیە.
گەلی کورد بۆ ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی وێڕای گەلانی دیکەی ئێران خەباتیان کرد، بە هاتنەسەر کاری ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی دیسان مافەکانی گەلی کورد زەوت و پێشێل کرا و وڵامی نەرێنی بە ویست و داخوازییەکان لە ڕێگای ئاشتیانە درایەوە.
ڕێژیم لە کوردستان دژی گەلی کورد دەستی دایە دژایەتی و بە شێوەی تیرۆریستی و ئاژاوەگێڕی.
گەلی کورد بۆ دیفاع لە خۆی لە بەرانبەر پیلانەکانی ڕێژیم دەستی دایە چەک و شەڕێکی نەخوازراو و داسەپاو دژی گەلی کورد دەستی پێکردووە و ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە قوربانی بۆ دەدا.
ڕێژیم بۆ مانەوەی خۆی لە کوردستان پێویستیی بە خۆسەپاندن بوو لە ڕێگای دامەزراوە نیزامی و بەناو ئینتزامییەکانییەوە؛
چونکە گەلی کورد بوونی ڕێژیمی کۆماری پەت و سێدارەی پێ تەحەموڵ ناکرێ هەر بۆیە ڕێژیم پێویستی بە میلیتاریزەکردنی کوردستان بۆ خۆسەپاندن بەسەر کورد و کوردستان هەبووە و هەیە.
بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان فاکتەری هەرە بە هێزە بۆ دژایەتی ئەم ڕێژیمە و بە بێ هێزی چەکدار لە کوردستان ئەو دژایەتییە کە لەڕاستیدا زامنی مانەوەی کەرامەت و شوناسی ئەم گەلەشە، بوونی نامێنێ؛ ڕێژیمیش زۆر باش دەزانێ کە خەڵکی کوردستان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، بۆیە بەشی زۆری بوودجەی خۆی سەرفی بواری سەرکوت و کاروباری نیزامی لە کوردستاندا دەکا و بەئەنقەست خەڵکی لە هەژاری و بەشمەینەتیدا هێشتۆتەوە تاکوو وەک تاکتیکێک هەوڵی ملکەچ کردنیان بدات.

### - سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی ناوچەکە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ دەستێوەردان لە وڵاتانی دراوسێ لە هەموو سنوورەکان بەتایبەت کوردستان هێزە تیرۆریستەکانی خۆیان بە شێوەیەکی زۆر و بەرین مۆڵ داوە کە بە دوو مەبەستی سەرەکی لەم هێزانە کەڵک وەر دەگرێت: ناردنی تیرۆریست بۆ وڵاتانی دراوسێ و هاتوچووی سیخۆڕ و هێزە ئەمنییەتییەکانی خۆیان بۆ تێکدانی بارودۆخی وڵاتەکان.
لە لایەکی دیکەوە ناردنی مادەهۆشبەرەکان ئاڵودەکردنی خەڵکی کوردستانی باشوور هەروەها لە ئەگەر جووڵانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ناوچە سنوورییەکانی کوردستان تۆپ و کاتیوشا باران بکا و خەڵکی ناوچە زەرەریان پێ بگات.
بارودۆخی ناوچە سنوورییەکان وەک چەندساڵی ڕابردوو نا ئارام بکات و وەها بنوێنێ کە بە هۆی بوونی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە سنوورییەکان بارودۆخی خەڵک تێک دەدات. ئەمانە تەنیا بەشێکی بچووکن لەو سیاسەتانەی کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا دژی کورد ڕەچاوی کردووە.

### - ڕێژیمی ئێران باس لە ئەمنییەت دەکات ئایا بە دانانی پایەگا و ناردنی هێز بۆ سنوورەکان ئەو ئەمنییەتەی بۆ دەستەبەر دەبێت؟

بوونی هێزی ئەمنییەتی لە کوردستان پیشاندەری نەبوونی ئەمنییەت لە کوردستانە، خەڵکی کوردستان لە شار و گوندەکانی کوردستان دەژین نە لە سنوورەکانی کوردستان.
ئەوە گەلی کوردە دژبەری کۆماری ئیسلامی ئێران بووە و بۆ وەدیهێنانی خواستەکانیان لە هەموو جۆرە تاکتیکێکی خەبات کەڵکی وەر گرتووە و کەڵک وەردەگرێت.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش وەک حیزبێکی بە ئەزموون لە مەیدانی خەبات لە ناوخۆی کوردستان خەبات دەکات و ڕاسانی ڕۆژهەڵات لە ناوخۆی کوردستانە و هێزی ئەمنییەتی چ لە سنوور بێت یا ناوخۆ کاریگەرییەکی ئەوتۆی بۆ بەربەست لە خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگەی شاروشاخ نابێت.

### - ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێو خەڵکانی ئێراندا هیچ ڕەواییەکی نەماوە و ئەمەش لە ڕووداوەکانی یەک دوو ساڵی ڕابردوودا بە زەقی دەرکەوت؛ بەڵام بۆچی زیاتر کوردەکان بە هەڕەشەی جیددی بۆ سەر خۆی دەزانێ؟

بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧دا گەلی کورد ساختاری هەنووکەیی کۆماری ئیسلامی ڕەد کردەوە و لەو کاتەوە تا ئێستە وەک ئۆپۆزیسیونێکی جیددی ئەم سیستەمە تا هەنووکە دژی ڕێژیم لە خەباتدا بووە و هەیە.
خەڵکی کوردستان بە بوونی حیزبە سیاسییەکان بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕابردوویەکی پڕشنگدارەوە لە بواری سیاسی و خەبات دژی ڕێژیمی تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی لە خەبات و تێکۆشان ڕانەوەستان. هیچکاتیش لە کوردستان ڕێژیم ئارام نەبووە، بۆیە دەتوانین ئەمە بە خاڵی جەوهەری و سەرەکی میلیتاریزە کردنی کورستان بزانین و بڵێین ئەم سیاسەتە لەو ڕاستایەدایە.

ئەم ڕێژیمە بە بوونی ئەحزابی سیاسی بە تایبەت حیزبی دێموکرات کە بەردەوام وەک حیزبێکی جیددی بۆ ڕووخانی ڕێژیم هەنگاوی ناوە، خۆی لە مەترسی جیددیدا دەبینێتەوە؛ لە ڕاستیدا خەڵکی کوردستان پاڵپشتی حیزبەکانی خۆیانن و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە هەموو دامودەزگاکانییەوە بە نامۆ و بێگانە دەبینن.
کوردستان لە بواری هەلوومەجی سیاسی و نیزامی دژی کۆماری ئیسلامی لە هەموو شوێنەکانی دیکەی ئێران زەمینەی خەبات بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی زیاتر تێدا وەدی دەکرێ.
ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە خۆی ڕادەبینێ هەندێک مۆڵگە و هێزە داگیرکەرەکانی لە کوردستان کەم کاتەوە.
ئێعدام، ئەشکەنجە وئازار و گرتن و کوشتن لە کوردستان بە نیسبەت شارەکانی دیکەی ئێران زیاترە.
هەر بۆیە ڕێژیم مەترسی ئێستارتی ڕووخانی زیاتر لە کوردستان بە نیسبەت خۆی دەبینێ.

### - ڕەوانە کردنی هێز و چەکوچۆڵ بۆ کوردستان هەتا چەند کاریگەری دەخاتە سەر بزووتنەوەی گەلی کورد؟

بە درێژایی تەمەنی پڕ لە تیرۆر و جەنایەتی کۆماری ئیسلامی سەروەت و سامانی گەلانی ئێران سەرفی کڕینی چەکوچۆڵ و کەرەستەی سەرکوت و شەڕ کراوە؛ بە شێوەیەک کە دەر و جیرانەکان لەو کێشانە قەت لە ئاسایشدا نەبوون.
لە پێوەندی لەگەڵ گەلی کوردیش بە هاتنەسەر کاری ئەم ڕێژیمە تا هەنووکە لە هەموو جۆرەکانی چەک و کەرەستەی سەرکوت بۆ گەلی کورد و ڕێبەرانی جووڵانەوە کەڵکی وەرگرتووە، بەڵام شۆڕش و خەبات دژی ئەم ڕێژیمە سەرکوتکەرە بەردەوامە و چەکی ئیمانی پێشمەرگە زۆر بەهێز و کاریگەرتر لە چەک و کەرەستەی سەرکوتکەرانە.
هیچ چەک و تێکنۆلۆژییەک ناتوانێ و نەیتوانیوە بەرانبەر بە ئیرادەی پۆڵایینی خەڵک و پێشمەرگە وەک باسکی بەهێزی گەل ڕابوەستێ و سەرکوتی بکات؛ ئەوەی ڕوونە شۆڕش بەردەوامە و پێشمەرگە هەردەم بە ئیرادەی قایم و ئیمان بە سەرکەوتن بەرەو ئاسۆی ڕوون و دژی تاریکی و نەزانی بەردەوام دەبێ.
گەلی کورد هەردەم پاڵپشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە و هەیە کە ڕۆڵەکانی خۆیان لە هەر هەلوومەرجێکدا لە ئامێز دەگرن و هاوکار و پارێزەریان دەبن. هیچ چەکێک لە ئیرادەی گەل بەهێزتر نییە.
هەر ئەمەشە کە دوژمن بەتەواوی لێی تۆقیوە و واش دەکات کە شۆڕشگێڕانی گەل بەردەوام ئەم ڕستە دووپات بکەنەوە کە شۆڕش تا سەرکەوتن بەسەر دیکتاتۆر و تیرۆریستان بەردەوام دەبێت.



# پەتیخوازیی زمانی

## لە ستراتیژیی پاکژهێشتنەوەوە هەتا پەتای بێ ستراتیژی هێشتنەوەی زمان

ڕەهبەر مەحموودزادە

**بەشی دووهەم و کۆتایی**

با چاوێک بە شێوەی ڕەسمیی نووسینی کوردیدا بگێڕین و هێندێک نموونە لە چۆنیەتی ڕەوتی «تابعی تەلەفوزاتی عامەکردن» و شێواندنی «ئەبنیە و سیەغ»ی وشەی کوردی بهێنینەوە.

- لە هێندێک بنزاراوەی زمانی کوردیدا تیپی «د» دەسوێ و دەبێ بە «ئ» هەر بۆیە ئاخێوەرانی ئەم بنزاراوانە کرداری ڕانەبردوو[٢٠] لەجیاتی مۆرفیمی «دە« بە «ئە« دەستپێدەکەن: ئەچم لە جیاتی دەچم. «ئەچم» دەربڕینی عامەی «دەچم»ە و بەکارهێنانی لە زمانی نووسینی ستانداردا هەڵەیە.

- هەر وەک نموونەیەکی تری سوانی تیپی «د» لە ئاوەڵناوی بەراوردیی «زیاتر»دا بەرچاو دەکەوێ. با بۆ نموونە هێندێک ئاوەڵناوی بەراوردی، کەرت کەرت بکەین بزانین چییان لێ دەکەوێتەوە:

چاکتر: چاک + تر، سەرتر: سەر + تر، شینتر: شین + تر. کەوایە دەکرێ بڵێین زیاتر: زیا +تر. ئایا هەر وەک چۆن ئێمە وشەی چاک و سەر و شین - مان هەیە وشەی «زیا»شمان هەیە؟ بێ گومان ئەم وشەیە «زیاد»ە و لە ئاخافتنی ڕۆژانەدا لەکاتی پێوەلکانی پاشگری تر، «د»ەکەی بە ڕەوانی بێژ ناکرێ بەڵام ئەمە نابێتە بەڵگەی ئەوەی لە زمانی نووسینی ستانداردیشدا وشەکە هەر وا بە سەقەتی بنووسرێ.

- لە شێوەی ئاخافتنی هێندێک بنزاراوەدا تیپی «گ» بە شێوەی «و» دەسوێ. بۆ نموونە «گوتن» دەبێتە «ووتن». ئێستا ئێمە هەتا ڕادەیەکی زۆر گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتەی کرادرەکە بە شێوەی «ووتن» نەنووسین بە شێوەی ساغکراوی «گوتن» بینووسینەوە؛ بەڵام چۆنە هێندێک وشە کە لە چاوگی ئەم کردارەوە وەرگیراون هەروا بە سواوی دەنووسرێنەوە: بۆ نموونە لەجیاتی «گوتەبێژ» و «گوتوبێژ» و «گوتەزا» هێشتا هەر دەنووسین «وتەبێژ» و «وتوویژ» و «وتەزا»؟ هەرلەجێدا ئایا نووسینەوەی کردار بە شێوەی «گوتن» و نووسینی ناوە لێکدراوەکان بە شێوەی «وتن» جۆرێک دژایەتی لەگەڵ ڕەوتی بەستانداردبوونی زمانی کوردی نییە؟

- فۆرمی نەسواوی هێندێک ڕەگی کردار، هەتا ئێستاش لە زمانی کوردیدا هەر ماونەوە. مادام ئەم فۆرمە ساغانە ماونەتەوە نووسینی فۆرمی سواویان هەڵەیە. بۆ نموونە ئێمە بە لێشاو دەنووسین: «دێنم» یان «دێڵم». ئەگەر کەسێک سووکە زانیارییەکی لەسەر ڕێزمانی کوردی هەبێ دەزانێ، ڕەگی ئەم کردارانە بریتین لە «هێن» و «هێڵ». هەروەها دەزانین کرداری ڕانەبردوو لە کوردیدا بەم شێوەیە دادەڕێژرێ: «دە + ڕەگی کردار + جێناوی لکاو». وەک:

:دە + هێن +م»، «دە + هێڵ +م». چۆنە ئێمە ڕەگی کردارەکان دەناسین و فۆرمۆلی داڕشتنی کرداری ڕانەبردوویش دەزانین بەڵام هەر دەنووسین «دێنم» یا «دیڵم»؟ ئایا ئەمە نیشانەی ئەوە نییە بەڕاستی زمانی نووسینی کوردی «تابعی تەلەفوزاتی عامە» کراوە و هەرنەبێ لەم شوێنانەدا لە ڕەوتی بەستانداردبوون لایداوە؟ باسی ئێستای من لەسەر ڕێنووس نییە بەڵام هەر وەکوو پرسیار ئەو پرسیارە دەهێنمە گۆڕێ ئایا جودانووسینیش بۆ پاراستن و لێکنەدانی «ئەبنیە و سیەغ»ی زمانی کوردی و داکۆکیکردن لەسەر لێکهەڵاواردنی پرتکە جوداکانی وشە لێکدراوەکان شێوازێکی پاکوخاوێنتر نییە کە هەر لەسەرەتاوە و بەر لەوەی فارس فێری بێ و بەکاری بهێنێ، کورد دە کاری کردووە؟ با بێینە سەر باسێکی یەکجار گرینگی دیکە. لە باسی دوو شێوازەکانی پەتیخوازیدا باسی ئەوەمان کرد کە هەر دوو شێوازی تەوسیفی و دەستووری، لە بە پەتی زانین و بە غەوارەدانانی ڕەگەزە زمانییەکاندا هەر بە تەنیا «وشە»یان بۆ گرینگە و ئاوڕ لە یەکەی زمانیی گەورەتر لە وشە نادەنەوە. هەرچی زمانەوانە ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ کە شوناس و ڕەسەنایەتیی زمان زیادتر لەوەی بەسترابێتەوە بە وشە و موفرەداتی ئەو زمانە، بەستراوەتەوە بە پێکهاتە و چۆنیەتی داڕشتنی ڕستەکانی ئەو زمانە. وشە لێک وەرگرتن لەناو زمانەکاندا دیاردەیەکی ئاساییە و شتێکی سەیروسەمەرە نییە.

بەڵام ئەو کاتەی زمانێک لەباری سینتاکسەوە بەخەستی دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی زمانێکی دیکەوە، هەر لەم ساتەوە ڕەوتی تێداچوونی ئەم زمانە دەستی پێ کردووە.

ئێمە هەر لە جیرانەتی خۆماندا ئەزموونی فارسەکانمان دیوە.

فارسەکان خۆیان چ دادنی پێدا بهێنن و چ دادنی پێدا نەهێنن زمانەکەیان بە لێشاو وشەی لە زمانی عەرەبی وەرگرتووە؛ بەڵام بەم حاڵەشەوە نەک هەر خۆی بەدەستەوە نەداوە و بێ‌هێز نەبووە، بگرە بەخۆیشیدا هاتووە و بەهێزتریش بووە و وەکوو دارێکی فراژوو ڕەگاژۆی کردووە. ئەوەی بووەتە هۆی بەهێزبوون و بەخۆداهاتنی ئەم دارە کەونارایە ئەوەیە فارسەکان لەحاست وەرگرتنی وشەی بێگانە زیادتر لە ڕادەی پێویست هەستیار نەبوونە بەڵام لە حاست پاراستنی پێکهاتە و داڕشتەی زمانەکەیان یەکجار زۆر وە جواب هاتوون و خەمسارد نەبوون و پرۆژەی پەتیخوازییان بەکردەوە لەجیاتی پەتیخوازی وشەیی بۆ ئاقاری پەتیخوازی ڕستەیی پاڵ پێوە ناوە.

با لێرەدا قامک بۆ ڕاستییەکی تراژیک لەبارەی زمانی کوردییەوە ڕابکێشم و هەموو دڵسۆزانی زمان و شوناسی کوردی بانگهێشتن بکەم هەتا مشوورێکی ئازایانە لە زمانەکەیان بخۆن و هەر یەکەو لەقەدەر توانا هەنگاوێک لەم پێناوەدا هەڵبهێنێتەوە. بەداخەوە ئاراستەی پەتیخوازی لە لای کورد ڕێک پێچەوانەی ئەو ڕوانگە باسکراوەیە. لەلای ئێمە بەکارهێنانی وشەی غەوارە مایەی سووک و چرووک بوونی نووسراوەیە و باسی سەرە بەڵام ڕێگاپێدانی داڕشتنی بێگانە ڕەمێن و ڕەواییەکی لەڕادەبەدەری هەیە و قەدری لەسەر چاو و لەسەر سەرە! ئەگەر جەستەی زمانی کوردی بەشێوەیەکی جیددی نەخۆش و زامدار بێ (کە من پێم وایە بەداخەوە هەر وایە)، ئەوا زمانەکەمان نەخۆشی دەستی داڕشتنی نارەسەن و کزی دەستی پێکهاتەی ڕستەیی شێواو و غەیری کوردییە.

لەم پێودانەدا هەرچی پارەدە و پەرژینی پارێزەرە لە دەوری پانتایی زمان هەڵدەگیرێ و زمان ئامادەی پەراگەندە بوون و خۆبەدەستەوەدانە.

ئەندازیارانی ئەو شێوە زمانەش بەداخەوە ئێمەین. نموونەی ئەو شێوە داڕشتنانە یەکجار زۆرن. من هەر بەتەنیا باسی نموونەیەک دەکەم کە ڕەمێنێکی زۆری پەیدا کردووە. لە نەحوی زمانی کوردیدا مەگەر بە دەگمەن دەنا عادەتەن کردار لە دوای ڕستەدا دەنووسرێ. لە عەرەبیدا کردار دێتە بەشە سەرەتاییترەکانی ڕستە. بۆ نموونە لە کوردیدا دەڵێین: کتێبەکەم خوێندەوە. لە عەرەبیدا دەڵێن: قرأت الکتاب. لە ڕستەی سادەی کوردیدا کردار لە جێگای خۆی دەمێنێتەوە.

بەڵام لە باشووردا ڕستەکە هەرچی زیادتر بۆلای لێکدران بچێ، زیادتر ئەم مەیلە هەیە پێکهاتەی ڕستە کوردییەکە بە لەبەرهەڵگرتنەوەی پێکهاتەی ڕستەی عەرەبی دابڕێژرێ و ڕیزبەندی ماکەکانی ڕستە بگۆڕدرێ. ئەم شێوە نووسینە لە زمانی میدیاکانەوە بگرە هەتا زمانی کتێبی خوێندنگاکان، هەمووی تەنیوەتەوە. تەنانەت وای لێ هاتووە کەم ڕستەی لێکدراوی کوردی هەبێ بە پێکهاتەیەکی دروست دابڕێژرێ و ڕیزبەندیی ماکەکانی نەگۆڕدرێ. با پێکەوە لەم نموونانەی خوارەوە ورد بینەوە:

«لە ژێر پەردەی زاراوەکانی سۆفیزمی ئیسلامی گەلێ لە مانا و وێنەکان دەدۆزرێنەوە بۆ یەکەمین جار لە ئەدەبی کوردیدا»[٢١] ڕستەی « گەلێ لە مانا و وێنەکان دەدۆزرێنەوە بۆ یەکەمین جار لە ئەدەبی کوردیدا» بە هیچ پێوانە و کێشانەیەک خاوەنی داڕشتنێکی کوردی نییە. داڕشتنە کوردییەکە بەم چەشنەیە: «گەلێ لە مانا و وێنەکان بۆ یەکەمین جار لە ئەدەبی کوردیدا دەدۆزرێنەوە«

سەرنج بدەنە ئەم ڕستەی دیکە:

«ئەمانە [حرووفییەکان] مامەڵە لەگەڵ تیپەکانی ئەلفوبێ دەکەن لەڕووی نرخی ژمارە و وەکوو ڕەمزێک بۆ هەندێ نهێنی گێتیی سۆفیزم»[٢٢]

شێوەی دروستی ئەم ڕستە لێکدراوە بەم چەشنەیە:

«ئەمانە [حرووفییەکان] لەڕووی نرخی ژمارە و وەکوو ڕەمزێک بۆ هەندێ نهێنی گێتیی سۆفیزم، مامەڵە لەگەڵ تیپەکانی ئەلفوبێ دەکەن «

ئەگەر ئێمە ئەوەندەی لەحاست وشەی بێگانە هەستیارین لەحاست داڕشتنی شێواوی ڕستەیش هەستیار بین، زمانی کوردی و ئاراستەی پەتیخوازی بەرەو ئاقارێکی پاکوخاوێنتر پەل دەکوتێ.

بەگشتی ڕێگای چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئێستای زمانی کوردی و پێش گرتن بە گرفتە ڕێتێچووەکانی داهاتوو، لە ڕوانگەی نووسەری ئەم دێڕانەوە بریتییە لە پەرەدان بە کەشی «ڕەخنەی زمانی».

دیارە پێشمەرجی پەرەستاندنی ڕەخنەی زمانیش هەبوونی ژێرخانێکی دەوڵەمەند لە زانستە زمانییەکانە. هەڵبەت ڕەخنەی زمانیش دەتوانێ پەتای خۆی هەبێ.

یەکێک لە پەتاکان ئەوەیە جاری وایە لە خودی ڕەخنەکاندا هەڵەی زەق و بۆچوونی ناڕاست وەبەرچاو دەکەوێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ڕاستکردنەوەی ڕەخنەی ناڕاستیش هەر بە ڕەخنەی بەهێز دەرجی دێ. پەرەپێدانی کەشی ڕەخنەی زمانی بۆ پتەوکردن و پاکژکردنەوەی زمان و خێراترکردنی ڕەوتی بەستانداردکردنی زمان، باشترین زەمانەتە. هەر لەجێدا زمانی ستاندارد زمانێکە کە کەشی ڕەخنەی زمانی تێدا لەبرەودا بێ و کێشە زمانییەکان بە هۆی هێنانەوەی بەڵگەی زمانییەوە چارەسەر بکرێن. واتە ئیستدلالی زمانی قسەی یەکەم بکا و مەرجەعی دوایی بێ. کێشەکانی زمانی کوردی بە کەسێک و دووان و بەڕۆژێک و دووان چارەسەر ناکرێن، بەڵام هەر کەسەو لە لای خۆیەوە دەتوانێ هەنگاوێک بۆ زیادترکردنی زانستی زمانی خۆی و بۆ دەوڵەمەندکردنی کەشی ڕەخنەی زمانی هەڵبهێنێتەوە و ئەگەر بەهەڵەش چوو کەشەکە بۆی ڕاست دەکاتەوە.

ئەگەر کەشی زانستی زمانی و ڕەخنەی زمانی دەوڵەمەند بێ، هەڵەی زمانی وەکوو تۆپەڵە بەفرێکی ناو ئاگر وایە و بۆ ماوەیەکی درێژ خۆی ناگرێ؛ بەڵام ئەگەر ئەم کەشە و ئەو زانستە لە هەوێڵدا نەبوو، ئەوا کۆی هەڵەکان ڕنووە بەفری بێ‌ئامانن و هەرەس دەهێنن و هەڕەشە لە مان و لە زمان دەکەن.




---

[١] Linguistic Purism سرەگرایی زبانی
[٢] Controlled کنترل شده
[٣] Processes فرآیند
[٤] سەرچاوەیەکی گرینگ لە زمانی ئینگلیسیدا کە بە شێوەیەکی چڕ باسی ئەم بابەتەی کردبێ کتێبێکی جۆرج تووماسە:
Thomas, George, Linguistic Purism, New York, Longman, ١٩٩١
لە زمانی فارسیشدا ئەم کتێبەی خوارەوە لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر ئەم بابەتە کردووە:
داوری اردکانی، نگار، سرەگرایی زبانی، انتشارات هرمس، تهرن، ١٣٨٧
وەرگێڕدراوی فارسیی بەشێک لە کتێبەکەی تووماس لەم کتێبەی نیگاری داوەری ئەردەکانیدا هاتووە. بەشێکیشی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لەسەر ڕەوتی پەتیخوازی لە زمانی فارسیدایە.
[٥] هەژار، هەنبانەبۆرینە، بەرگی یەکەم، ئینتشاراتی سرووش، تاران، ١٣٦٨، ل ١١٧
[٦] Ingredient جزء سازنده
[٧]. Direction جهت
[٨] مستەفا ئەمین، نەوشیروان، بە دەم ڕێگاوە گوڵچنین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی، کتێبی دووەم، بەرگی یەکەم ، الدار العربیه للعلوم ناشرون، بەیرووت، ٢٠١٣، ل ١٩١
[٩] سالآنێک لەمەوبەر لە نووسەرێکی بەناوبانگی باشووری کوردستانم بیست دەیگوت دەستەواژەی «درێژەدان» یا «درێژەپێدان» داتاشراوی کوردی ڕۆژهەڵاتە و لەم چەند دەیەی دواییدا لەبەر دەستەواژەی فارسیی «ادامه دادن»ەوە هەڵگیراوەتەوە. با سەرنج بدەینە ئەو خاڵە کە ئەم نووسراوەیە نزیک سەد ساڵ لەمەوبەر و لە باشوری کوردستان نووسراوە و ئەم دەستەواژەی تێدا هاتووە.
[١٠] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٢
[١١] هەمان سەرچاوە، ل ١٩٣
[١٢] بەڕێز ئازاد عەبدولواحید سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان لە لاپەڕە ١٥٥ی ژمارە ٢٠٨ی گۆڤاری ڕاماندا دەنووسێ: «بۆ (حدس) لەگەڵ مامۆستا شوکور مستەفای ڕەحمەتی، (سۆسە)مان دۆزییەوە.» مامۆستا هەژاریش لە هەنبانە بۆرینەدا «سۆسە«ی ئاوا لێک داوەتەوە: بە گومان دۆزینەوەی نهێنی.
[١٣] هەژار، هەنبانەبۆرینە، بەرگی یەکەم، ئینتشاراتی سرووش، تاران، ١٣٦٨، ل بیست وچوار
[١٤] سەرچاوەی پێشوو. ل بیست و پێنج
[١٥] ناچارەکی: الزاما
[١٦]. Descriptive
[١٧]. Prescriptive
[١٨] مامۆستا هەژار لیستەیەکی سەرنجڕاکێش و ماناداری لەم وشانەی وا بە ڕەچەڵەک بێگانەن بەڵام تازە بوونەتە ملکی کورد هەر بە نموونە بە دوای یەکدا ریز کردووە: دوکان و قەباڵە وماڵ و حاڵ و باڵ و قەوم و خاڵ و ئیش و عەمەلە و عەنباڵ و عەتاڵ، بەتاڵ، قەساب و چەرچی و بەقاڵ و قفڵ و سندووق، خەڵک و مەخلووق، شەربە و شەربەت، شلووق، زەحمەت، مەلا و مناره و میعراب و خودبە و ڕکات و زەکات و سەرفترە و خەرج و بەرات و جبە و عابا و فەقێ و تەڵاق، ئیسقات، خێر و فەرز، نەغد و قەرز، جومعە و جەمات، کفن، دفن، ئەلحەد، وەفات، شێخ و ئۆباڵ و جرجاڵ و خەلیفە و زیکر و تالیلە و مرید و ترید و سۆفی و جەزمە و خەتم و تەزبێح و ئیشتیای یاپراخ و سواڵکەر و عەزرەت و دوعا و ڕوحم و حەلامەت و غەزەب، حەشر و قیامەت، تۆبە و شفات
هەژار، هەنبانەبۆرینە، بەرگی یەکەم، ئینتشاراتی سرووش، تاران، ١٣٦٨، لل: بیست وچوار و بیست و پێنج
[١٩] نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ک، ئامادە کردنی عەلی کەریمی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٨، لل ٦٨-٦٧. داکۆکی کردن لەسەر ڕستەکان لە لایەن منەوەیە.
[٢٠] ڕانەبردوو: مضارع
[٢١] خەزنەدار، مارف، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم،هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی ئاراس، ٢٠١٠، ل ٣٠٢
[٢٢] سەرچاوەی پێشوو. ل ٣٠٨

# KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No : 774 • 20 May 2020

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


**ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.**

**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی بانەمەڕی ساڵی ٩٩ی هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.**

**ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.**

## گواستنەوەی هاووڵاتییان بۆ زیندان:

سەرەتای مانگی بانەمەڕی ئەمساڵ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «غەفوور بەرهەم» کوڕی «کەریم»، خەڵکی گوندی «میرئاوێ»ی شنۆ، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکەی ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا.
ڕۆژی شەممە ٢٧ی بانەمەڕ، «یاسر ئەمینیئازەر» مامۆستای قوتابخانەکانی مەهاباد، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکەی ڕەوانەی زیندان کرا.
ڕۆژی سێشەممە ٣٠ی بانەمەڕ، «مۆژگان کاووسی»، نووسەر و لێکۆڵەری کورد کە بە ٧٦ مانگ و ١٥ ڕۆژ زیندانی مەحکووم کراوە، بەپێی حوکمی «تەجمیع»، ٣٦ مانگی ئەو حوکمە جێبەجێ دەکرێت و بۆ تێپەڕاندنی حوکمەکەی دەسبەسەر کرا.

## دەسبەسەر کردنی هاووڵاتییان :



ڕۆژی دووشەممە ١٥ی بانەمەڕ، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «ئەحەد مەحموود حەسەن و «ئەبووبەکر مەحموود حەسەن» خەڵکی شاری پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.
لە درێژەی دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییانی کورد لە پیرانشار، ڕۆژی سێشەممە ١٦ی بانەمەڕ، ٥ هاووڵاتیی دیکە بە ناوەکانی «عەلی قادری» کوڕی «ڕەسووڵ»، «محەممەد قادری» کوڕی «عەزیز»، «حیسامەدین پیرانی» کوڕی «زاهیر،» «ئەمیر قادری» کوڕی «خدر» و «سەلام خڕی ئاغەلان»، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.
هەروەها ڕۆژی دووشەممە ١٥ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی دیکە بە ناوی «واحید قادری» کوڕی «ڕەسووڵ»، لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەر کرابوو.
بەرپرسی پۆلیسی فەتای پارێزگای کرماشان باسی لە ناساندن و دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییەک لە شاری پاوە کرد کە هەواڵی ناڕاستی سەبارەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە یەکێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو کردبووەوە.
ڕۆژی سێشەممە ١٦ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئیدریس گەلەداری» خەڵکی سنە، لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.
ڕۆژی یەکشەممە ٢١ی بانەمەڕ، دوو کەس لە ئەندامانی مەکتەب قورعان لە مەهاباد بە ناوەکانی «سەعید ڕەشیدی و محەممەدعەلی لەشکری»، بە شێوەی نایاسایی لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ئەو شارەوە دەسبەسەر کران.
کاتژمێر ١ی شەوی دووشەممە ٢٢ی بانەمەڕ، هێزە ئیتلاعاتییەکان لە شارۆچکەی «پەسوێ»ی شاری پیرانشار، مێرمنداڵێکی تەمەن ١٧ ساڵەیان بە ناوی «سەمیع شەریفیان» کوڕی «حەسەن» دەسبەسەر کرد و بۆ شوێنێکی نادیاریان ڕاگواست.
لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، سێ هاووڵاتیی دیکە بە ناوەکانی «ئەسعەد سوور لاچینی کوڕی سەلاح، ڕێبوار سەید محەممەدی و خالید سەید محەممەدی» لەلایەن هیزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران.
ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٢٦ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەباس سدیقی» خەڵکی گوندی «شێلمجاڕان» سەر بە ناوچەی لاجانی پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

## داسەپاندنی حوکمی زیندان بە سەر هاووڵاتییان:

حوکمی ٥ ساڵ زیندانیی تەعزیریی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «شارام کازمیان» لە لقی ١٠ی دادگای پێداچوونەوەی شاری ورمێ، بۆ ٦ ساڵ زیندانیی تەعزیری زیادی کرد.
دیوانی باڵای وڵات حوکمی ١١ ساڵ زیندانیی تەعزیریی مامۆستایەکی کوردی خەڵکی شاری بۆکانی، بە ناوی «سەید ئارام ئەمین زادە»ی پشتڕاست کردەوە؛ ئەو حوکمە ڕۆژی سێشەممە ٢٣ی بانەمەڕ، بەو زیندانییە عەقیدەتییە لە زیندانی ورمێ ڕاگەیەندراوە.
.
هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئیرەج سۆفی محەممەد» کوری ئیبراهیم خەڵکی شاری مەهاباد لە لایەن لقی ٢ی دادگایی ئینقلابی ورمێ بە سەرۆکایەتی «شێخلوو» بە ١٥ ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.

## نارونی چارەنووسی هاووڵاتییان:

لە چارەنووسی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «زانیار نوورمحەممەدی»، خەڵکی گوندێکی شاری سنە، هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە.
ڕۆژی شەممە ٢٠ی بانەمەڕ، هیدایەت عەبدوڵلاپوور، زیندانیی سیاسیی مەحکووم کراو بە ئێعدام، لە زیندانی ورمێ بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا کە تا ئێستە چارەنووسی نارووون ماوەتەوە.
چارەنووس و شوێنی ڕاگیرانی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «مەسعوود محەممەدی» تەمەن ٤٨ ساڵ خەڵکی شاری دیواندەرە، پاش مانگێک لە دەسبەسەرکرانی، نارووونە.

## کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران و کاسبکاران:



ڕۆژی هەینی ١٩ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «کەیوان کەوسەری» خەڵکی بانە، بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزایی گیانی لەدەست دا.
ئێوارەی ڕۆژی هەینی ١٩ی بانەمەڕ، ژمارەیەک لە کۆڵبەران لە سنووری «بلە سووری خوارێ» سەر بە شاری خۆی، لەلایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتەوە تەقەیان لێ کراوە و لە ئەنجامی تەقەی ئەو هێزانە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «لوقمان چوارگوشە» گیانی لەدەست دا و دوو کۆڵبەری دیکە بە ناوەکانی «مەنسوور چوارگوشە و مەیسەم محەممەدی»، بەتوندی بریندار بوون.
ڕۆژی سێشەممە ٢٣ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «کامران مەولانیا» کوڕی «ئیسماعیل»، تەمەن ٣٢ ساڵ و خەڵکی گوندی «گەوەڵان»ی سەردەشت بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت گیانی لەدەست دا.
ڕۆژی هەینی ٢٦ی بانەمەڕ، لە ئەنجامی بۆسەدانانی هێزەکانی سپای پاسداران لەسەر ڕێگای ژمارەیەک لە کاسبکاران، کاسبکارێکی لاو بە ناوی «ئارام مەولوودی» تەمەن ٢٥ ساڵ، لە ڕووباری گادەر، خنکا.
ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی بانەمەڕ، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە نزیک دوو گوندی «مادلوو» و «وەکیل» سەر بە شاری چاڵدێران، کەوتنە بۆسەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت و سێ کۆڵبەر بەتوندی بریندار بوون.
لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت، «ڕەزا سەرشیری»، «مەناف حەسەنزادە» لە لای ئەژنۆ و «بێهزاد ڕەمەزانی» لە لای ناوقەدیەوە پێکراون.
ئێوارەی ڕۆژی شەممە ٢٦ی بانەمەڕ، هێزە نیزامییەکانی تورکیە بە تەقەکردن لە ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری قوتووری خۆی، کۆڵبەرێک بە ناوی «بەهرام یووسفی» تەمەن ٣٥ ساڵ خەڵکی گوندی «بەلەجووک» گیانی لەدەست دا و کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی «شەمسەدین عومەرپوور» بە سەختی پێکرا.

## گیان لە دەستدان و برینداربوونی کرێکاران:

ڕۆژی یەکشەممە ٢١ی بانەمەڕ، کرێکارێکی پیرانشاری بە ناوی «ئەنوەر چەرخئەنداز» کوڕی «ئەحمەد»، خەڵکی گوندی «دربکە»ی شاری پیرانشار، بەهۆی ڕووداوی کارەوە گیانی لەدەست دا.

## تەقینەوەی مین:

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «محەممەد سالحی» تەمەن ٤٦ ساڵ خەڵکی گوندی «خوریئاوا»ی شاری بانە، بە هۆی تەقینەوەی مین بریندار و قولاپەی پێی ڕاستی لە دەس دا.

## خۆکوژی ژنان و پیاوان:

هاووڵاتییەکی کورد خەڵکی



سنە، بەهۆی هەژاری و نەداری کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.
«جەلیل تایمواردی» تەمەن ٥٠ ساڵ خاوەنی ٣ منداڵ، بەهۆی دەسکورتی و هەژاری دەستی بۆ خۆکوژی برد.

## بانگهێشت کردنی هاووڵاتییان بۆ ناوەندە ئیتلاعاتییەکان:

ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز، سکاڵای لەسەر «مەحموود سالحی» و «عوسمان ئیسماعیلی» تۆمار کردووە و دۆسیەیەکی نوێی بۆ ئەو دوو چالاکە کرێکارییە پێک هێناوە.
حەوتووی ڕابردوو، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «محەممەدسەعید سالحی و ئیبراهیم عەبدی» خەڵکی گوندی «دزڵێ»ی شاری سەوڵاوا، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە کران و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا.
لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەریوان بنەماڵەی ئەندامانی حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیونی حکوومەتی ئێرانی بانگهێشت کردووە و لێپرسینەوەی لێکردوون.

## دەسبەسەرکردنی ٢٣ هاووڵاتی لە ماوەی دوو حەوتوو لە کوردستاندا

لە دوو حەوتووی ڕابردوو لە کوردستانی



ئێران (لە ٦ی بانەمەڕ هەتا ١٨ی بانەمەڕ) ٢٣ هاووڵاتیی کورد لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کراون.
زۆربەی دەسبەسەرکراوەکان بە شێوەی گرووپ و بەکۆمەڵ بووە، بەتایبەتی هاووڵاتییانی بانەیی و پیرانشاری.
لە ماوەی ڕۆژانی ٦و ٧ی بانەمەڕ، ٨ هاووڵاتیی بانەیی لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کراون.
هەروەها لە ڕۆژانی ١٦ و ١٧ی بانەمەڕ، ٨ هاووڵاتیی لە پیرانشار لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کراون.
ڕێکەوتی ١٤ی بانەمەڕ، دوو هاووڵاتیی کورد لە ورمێ دەسبەسەر کراون.
هەروەها ڕێکەوتی ١٥ی بانەمەڕ، دوو هاووڵاتی لە سنە دەسبەسەر کران.
سێ هاووڵاتیی دەسبەسەرکراوی دیکە لە شارەکانی کامیاران، سەوڵاوا و ورمێ بوون.

## زانیاریی زۆرتر لەسەر دەسبەسەرکراوەکان:

چارەنووسی تەواوی ئەو ٢٣هاووڵاتییە کوردە پاش دەسبەسەرکرانیان نارووونە.
شوێنی دەسبەسەرکردنی ١٣ کەس لە دەسبەسەرکراوەکان پاش دەسبەسەرکرانیان نارووونە.
هێزە ئەمنییەتییەکان لە بانە هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی ٩ کەس، بەتایبەتی لە دەسبەسەرکراوەکانی ئەو شارە.
پاش پشکنینی ماڵی دەسبەسەرکراوێک، هەندێک کەرەستەی ماڵی ئەو هاووڵاتییە کوردە لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستی بەسەردا گیراوە.
هۆکاری دەسبەسەرکردنی زۆربەی دەسبەسەرکراوەکان «هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران» ڕاگەیەندراوە.

## ئاژانسی کوردپا، شوناسی ١٣ زیندانیی سیاسیی کورد لە بەندی ٣ی زیندانی کرماشان بڵاو دەکاتەو

١٣ زیندانیی سیاسیی کورد کە هەنووکە لە بەندی ٣ی زیندانی کرماشاندان،



لەلایەن ئاژانسی کوردپاوە بڵاو دەکرێتەوە.
ئەو ١٣ زیندانییە کوردە، بە تۆمەتی ئەندامبوون و هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران، دەسبەسەر و بە زیندان مەحکووم کراون.
ئەو ١٣ زیندانییە سیاسییە کوردە، لەلایەن دادگاکانی ئینقلابی حکوومەتی ئێرانەوە، بە یەک ساڵ هەتا ١٠ ساڵ زیندان مەحکووم کراون. هەروەها، چەند کەسێک لەو زیندانییانە، هەنووکە لە زینداندان و دادگایی نەکراون و چارەنووسیان نارووونە.
شوناسی ئەو ١٣ زیندانییە سیاسییە بەم چەشنەیە: «هیدایەت سەیدزادە کوڕی عەبدولمحەممەد، ١٠ ساڵ زیندانی؛ ئیسماعیل موریدی کوڕی نەسروڵڵا، ١٠ ساڵ؛ عەبدوڵڵا ئەحمەدی کوڕی فەیزە، ٢ ساڵ؛ هێمن وەیسی کوڕی کەریم؛ کەیهان محەممەدی کوڕی والید؛ یاسین ئەعزیمی کوڕی عزیز؛ حەمید شادی کوڕی سوبەت، ٥ ساڵ؛ حەمیدڕەزا حەدادی کوڕی شوکروڵڵا، ٤ ساڵ؛ کەیهان ئەڵڵامورادی کوڕی ئەحمەد، ٤ ساڵ؛ ستار بابایی کوڕی عەلی؛ یووف سوخەن پەرداز کوڕی عەبدوڵمحەممەد، ٥ ساڵ؛ پەیمان بابایی کوڕی حەسەن، ١ ساڵ و مەهدی ئەسغەرزادە کوڕی عەبدولکەریم، ٥ ساڵ».

Kurdistan Press Agency